# پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان

سەنتەری دیراسات و
توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی

هەولێر ٢٠٢٠

کتێب : پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان

دەستەی ئامادەکار: نەورەس رەشید

کەمال شێخ رەووف هەنجیرە

هیوا عوسمان بەڵخەیی

پێداچوونەوە : ئازاد بابان

ئەبوبەکر ساڵح

دیزاین : هیوا کۆمپیوتەر

تیراژ : ١٥٠٠ دانە

# پێرستی بابەتەکان


**بەشی یەکەم :**

**پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەسەدەی بیستەمدا**

**( ١٩٠٧ – ١٩٥٨ )**

**نەورەس رەشید**

**ل٧ – ٧٢**

**بەشی دووەم :**

**پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەعـیراقدا**

**( ١٩٥٨ – ١٩٧٠ )**

**کەمال شێخ رەووف هەنجیرە**

**ل٧٣ – ١٦٢**

**بەشی سێیەم :**

**پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دوای رێککەوتننامەی**

**ئازاری ١٩٧٠ ( ١٩٧٠ – ٢٠٠٣ )**

**هیوا عوسمان بەڵخەیی**

**ل١٦٣– ٢٢٣**

# پێشەکی

پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری شۆڕشگێڕی گەلی کوردستانە، لە خەباتی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا مێژوویەکی دوور و درێژ و پڕ سەروەری هەیە.
دامەزراندنی پارتی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی وەك سەرکردەیەکی ئازا و کاریزما، بووە هەوێنی کۆکردنەوەو یەکخستنی گشت چین و توێژەکانی کوردستان لە دەوری ئەو بزووتنەوەیەدا، پارتی لە پێناو ئامانجە بالآکانی کە بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردستانە، رووبەڕووی رژێمە یەك لە دوایەکەکان (پاشایەتی ، کۆماری، بەعسی) لە عێراق بۆتەوە، لەو پێناوەدا سەختی و نشوستی و شەهید و قوربانی زۆری داوە.
لەماوەی ٧٣ ساڵی تەمەندا، لە وێستگە جیاوازەکانی مێژوودا، پارتی تەوژمێکی بەهێزی بە خەباتی کورد داوەو دەسکەوتی گرنگی بۆ گەلی کوردستان بەدەستهێناوە.
هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ، داننان بە مافی گەلی کوردستان لە دەستوری عێراقدا بۆ یەکەمین جار، راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بەردەوامی دان بە شۆڕش و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان دوای نسکۆی ١٩٧٥، رۆڵی پارتی لە رەواندنەوەی دووبەرەکی ناو ماڵی کورد و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بەشداری کاریگەری پارتی لە راپەرینی جەماوەری خەڵکی کوردستان و هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و

حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان، و پاشـــان ئاوەدانکردنـــەوە بووژاندنەوەی کوردستان، بەرهەمی خەباتی نەپساوەی پارتییە.

لەو روانگەیەوە کە پێویستە گشت ئەندام و کادیرانی پارتی بەو مێژووە پڕ لەسەروەری و خۆڕاگرییەی پارتی ئاشنا بکرێن، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پرۆگرامی پێگەیاندنی پارتایەتی ئەو پەرتووکە ئامادەکراوە.

لـەو بەرهەمـەدا هەڵمانـداوە زۆر بـە چـڕی و بـەپوختی ئامـاژە بـە وێســـتگە ســـەرەکییەکانی خـــەباتی سیاســـی، دەســـکەوت و کۆنگرەکانی پارتی بدەین.

لـــە داهاتوویـــەکی نزیکـــدا، وەك پرۆگرامـــی تـــەواوکاری بـــۆ ئـــەو پەرتووکە، و لـە پێنـاو بەخشینی زانیـاری و شـارزەزایی زیـاتر بـە ئەندام و کادیرانمان لە بارەی رووداو و وێستگە گرنگەکانی مێـژووی پارتی، لـە چـەند زنجـیرە نامیلکەیـەکی سـەربەخۆدا، بەرهـەمی تـر دەخەینــە بەردەســت. لەگــەڵ ســوپاس و پێزانینمــان بــۆ تیمــی ئامادەکـــاری و گشـــت ئـــەو هەڤاڵـــە بەڕێزانـــەی بەشـــداریان لـــە پێداچوونەوەو دەرچوواندنی ئەو پەرتووکەدا کردووە.

بەو هیوایەی سوودی لێ وەربگرن.

**چنار سەعد عەبدوڵڵا**

**بەرپرسی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی**

**٢٠٢٠/٩/١٢**

# پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان
# لە سەدەی بیستەمدا
# لە ١٩٠٧ – ١٩٥٨

## ناوەرۆك :


- بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە سەدەی نوێدا
- شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دووەم
- شێخ ئەحمەد بارزانی – خودانی بارزان
- شێخ مەحمودی حەفید
- بارزانی و بزوتنەوەی هزریی و سیاسیی و شۆڕشگێڕیی
- بارزانی و شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید
- بارزانی و شۆڕشی بارزان
- بەرپا بوونی شۆڕشی ساڵی ١٩٤٢ بارزان
- شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥ و پێك هێنانی لیژنەی ئازادی
- بارزانی و کۆماری کوردستان لە مهاباد
- دوا دیداری بارزانی لەگەڵ پێشەواقازی مەحەمەد
- بارزانی و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
- رێڕەوە مێژووییەکە و پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس
- ژیان و خەباتی سیاسیی بارزانی و هەڤاڵەکانی لەیەکێتیی سۆڤێت
- وتاری بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆ
- بارزانی لە مۆسکۆ

# پێشەکی

نەتـــەوەی کـــورد کـــە بـــە کـــۆنترین نەتـــەوە و گـــەلانی رۆژ هـــەڵات دائەنرێت، جێ پەنجەی لە مێژووی ناوچەکە و مرۆڤایە تیدا دیارە.
لە ناوچەکەدا ، رۆڵی خۆی هەیە.

کورد نیشتەجێی ناوچەی زاگرۆسە و بە کوردستان ناو دەبرێت، خـاوەنی کولتـوری تایبـەت و رەسـەنی خۆیـەتی و بەشـدارێکی کـارابووە لـە پاراسـتن و پەرەپێـدانی لایـەنی رۆحـی و ژیـانی کۆمەڵایەتیدا.

لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییەکانـدا، کـورد بـە شـێوەی میرنشین لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان حوکمڕانی کردووە، بۆ تەجێگەی چاو تیبڕین و پەلامارو بەر شەپۆلی شەڕ و داگیرکاریی کـەوتووە و خاکەکـەی دابەشـکراوە، وەك شـەڕی نێـوان ئیمپراتۆریەتی سەفەویی و عوسمانی ساڵی ١٥١٤ لە چاڵدێران ، کە عوسمانییەکان بەشێکی زۆریان لە خاکی کوردستان داگیر کرد تا ماکۆ و نزیك ئاوی ئاراس، کە بە یەکەم دابەشکردنی کوردستان دائـەنرێت. تـا بـەرپابوونی جـەنگی یەکـەمی جیهـان، کـە دەوڵەتـە کۆلۆنیاڵیـەکانی بـراوەی جـەنگ فەرەنسـا و بەتایبـەتی بـەریتانیا کوردستانیان دابەشکرد بەسەر تورکیا – عـیراق – سـوریا و ئێـران بە پێی رێککەوتنامـەی سـایکس پیکـۆ و لـۆزان، کـە پێشـێلکردنی مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی لێ کەوتەوە، بەریتانیا دەوڵەتی عیراقی دروستکرد، بـە زۆری هێـز باشـوری کوردسـتانی لکانـد بـەو دەوڵەتەوە و بووە بەشێك لە عیراق . لەو میانەدا بزاڤی رزگاریخوازی

کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نۆی کە هەست و بیری نەتەوەیی لـە فـۆرمی تیـۆر و بـۆ چـوونی ئـازادیی و دیموکراسـییدا رێکخـراو و بەرجەستە بوو، داوای دادپەروەریی و یەکسانیی و پێکەوە ژیان بـە ئاشتیی و نەهێشتنی جیاوازیی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئـایینی کـرد، کـە رابـەر و سـەرکردەکانی بـارزان کردیانـە سیسـتەمێك بـۆ رێکخسـتنی ژیـانی سیاسـی و کۆمەلأیـەتی کـە بـە رێبـازی بـارزانی دەناسـرێت. سـەرکردە و دەسـتەبژێرە رۆحیـی و سیاسـیی و کۆمەلأیەتییەکانی کورد رۆڵیان بینی لەپەرە پێدانی هەست و بـیری نەتـەوەیی بـە دامەزرانـدنی رێکخـراوی سیاسـیی وەك حزبـی پیشتوانیی لە سەردەمی شۆڕش شێخ مەحمودی حەفیدا، یەکێتیی بەرەی نیشتمانیی لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانیدا، حزبی هیوا و ئازادی کە بووە بناغەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لـە سەردەسـتی مسـتەفا بارزانیـدا، وەك ئامرازێـك بـۆ زیـاتر بلأوکردنـەوە و قولکردنـەوەی ئـەو هەسـت و بـیرە لـە هوشـیاریی کۆمەلأیـەتیی و رۆشـنبیریی سیاسـییدا. بزاڤـی رزگـاریخوازیی وەك دیاردەیەکی مێژوویی و سیاسی بووە بەشێك لـە ژیـانی کۆمەڵگـەی کوردستان کە بارزانی و پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان جلـەوی ئـەو بزاڤەیان گرتووە.

لێـرەدا دێینـە سـەر باسـێکی کـورتی ئـەو سـەرکردانەی کـورد لـە سـەردەمی نوێـدا، رۆڵـی نەتـەوە سـازیی و نیشـتیمان پەروەرانـەی خۆیـان بینیـوە لـە خـەباتی و سیاسـیی و شۆڕشـگێڕیی لـە چوارچێوەی رێکخراوی سیاسییدا ، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی دیاری ترینیانن.

## شێخ عەبدولسەلامی بارزانی – دووەم

کوری شێخ محەمەد بارزانی–یە و ساڵی ١٨٨٧ لـە بـارزان هاتۆتـە دنیا. ساڵی ١٩١٤ لە مووسڵ لە سێدارە دراوە.

چـوار بـرای بـووە : شـێخ ئەحمـەد – شـێخ محەمـەد سـدیق – شێخ بابۆ – مستەفا بارزانی.

شێخانی بارزان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دژی هەموو ئەو زوڵـم و سـتەمانە وەسـتانەوە کـە دەرهاویشـتەی سیسـتمی دەرەبەگایـەتی بـوو لـەو سـەردەمەدا، هـەوڵیان دا پـەیڕەویی لـە ڕێبـازێکی جیـاوازتر بـۆ بکـەن کـە بنـەماکانی مرۆڤدۆسـتیی و دادپەروەریی و ژینگە پـارێزیی تێـدا ڕەنـگ بداتـەوە لـە سـەردەمی شێخ عەبدولسلام بارزانی دا ئەو رەوتـە تازەیـە سـەری هەڵدا و لـە چوارچێوەی چەند پرەنسیپێکی سەرەکی چەسپی بەو شێوەیەی خوارەوە : رەوتی ژیانی کۆمەڵایـەتیی و ئـایینیی و سیاسـیی چـەق بەستوو بگۆڕن بـە ئاراسـتەیەکی سـەردەمیانە ، لـەو میانـەدا شـێخ عەبدولسەلام بارزانی گۆڕانکـاریی گـەورەی بـەدیهێنا کـە ڕێسـاکانی ژیـانی مرۆیـی و سرۆشـتیی و ئاوەدانکردنـەوەی وەك پرەنسـیپ جـێگیر کـرد، ئـەو گۆرانـە شۆڕشـێکی هـزری – سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی و رۆشـنبیریی بـوو لـە ڕێکخسـتنەوە و بـەرێوەبردنی ناوچەکەدا وەك ڕێبازێك بەرجەستە بوو.

- پرەنسیپەکان بریتی بوون لە :

- لـــە دابەشـــکردنی زەوی بەســـەر جوتیارانـــدا، سیســـتەمی

کۆمەلآیـــەتی و رۆشـــنبیریی لەســـەر بنـــەمای یەکســـانیی و باوەربوون بە خاوەندارێتیی تاك و مافەکانی جێگیر کرد.

- بایەخدان و رێزگرتن لە ماف و رۆڵی ئافرەت، نەهێشتنی مارەیی و بەزۆر بە شوودان.
- نەهێشـتنی داب و نـەریتی خێڵـەکی و عەشـائیری و دەسـەلآتی رەها.
- گۆڕینی رۆڵی مزگەوت کە تەنها بۆ خواپەرستیی نیە ، بەڵکو بۆ بـەرێوەبردنی کاروبـاری ژیـانی رۆژانــە و بـۆ ئــەو مەبەســتە ئەنجومەنی راوێژکاریی دروستکرد.
- بایەخدان بە ژینگە و پاراستنی.
- باوەڕ بوون بە خەباتی هاوبەشی نەتەوەیی و پیادە کردنـی ئـەو خەباتـــە لـــە بـــەهاناوە چـــوون و یارمەتیـــدانی شـــۆڕش و راپەرینەکانی ناوچەکانی تری کوردستان.
- بەرەنگار بوونەوەی چەوسانەوە و ستەمو زۆرداریـی دەسـەلآتی عوسمانی و راپەرین لە دژی.

شـێخ عەبدولسـەلام لـە بـەهاری سـاڵی ١٩٠٧ دا بروسـکە یـەکی ئاراسـتەی حکومـەتی عوسمـانی کـرد لـە ئەسـتەمبوڵ ، کـە ئـەم داواکاریانەی لە خۆ گرتیوو:

١- زمـانی کـوردی ببێتـە زمـانی فـەرمیی خۆینـدن و فێربـوون لـە کوردستاندا.

٢- دامودەزگاکـانی حکومـەت، لـە لایـەن خـودی کـوردەوە، یـان ئەوانەی کوردی دەزانن بەڕێوە ببرێت.

٣- ئـــەو باجانـــەی لـــە ناوچـــە کوردنشـــینەکان وەردەگیرێـــن و کۆدەکرێتـەوە بـۆ چـاککردنی رێگاوبـان و قوتابخانـە و شـوێنە گشتییەکان خەرج بکرێن[١].

بروسکەکەی کاردانەوەی توندی حکومەتی عوسمـانی لێکەوتـەوە، هێزی چەکداری ناردەسەر ناوچەی بارزان ، دڵڕەقانە بە بێ رەچـاو کردنی تەمەن و جیاوازیی لە نێوان ژن و منالْ و پیـاودا ژمارەیـەکی زۆری لە ئافرەت و منداڵیان دەستگیر کرد.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٠٨ دا شێخ عەبدولسەلام دژی عوسمانیەکان راپـەڕی و ناوچـەکەی ئـازاد کـرد و زیـانێکی گـەورەی بـە سـوپای عوسمــانی گەیانــد، کــە حکومـــەت ناچــار بــوو داوای گفتوگــۆ و رێککـەووتن بکـات و قـەرەبووی زیانـەکان بداتـەوە. ژیـان ئاسـایی بوەوە. بەلاَم کاتی کەسێکی تر بە ناوی (سـلێمان نـەزیف) کـرا بـە والــی مووســڵ، لــە رێککەوتنەکــە پاشــگەز بوویــەوە سیاســەتێکی دوژمنکارانەی گرتەبەر.

لە ساڵی ١٩١٣ هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ دەستگیر کردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، کە بۆیە ناچـار شـێخ عەبدولسـەلام ناوچـەکە بەجێ بهێڵێ و چووە رۆژهەلاَتی کوردستان، لـە گونـدی راژان نزیـك ورمـێ بـووە میـوانی (سـەید تـەهای نـەهری) حکومـەتی عوسمـانی پارەیـەکی زۆری تـەرخان کردبـوو بـۆ هـەر کەسـێك بتـوانێ شـێخ عەبدولسەلامی بارزانی بەزیندویی یان بە مردوویـی ڕادەسـت بکـات. لەو ماوەیە دا شێخ عەبدولسەلام چوو بووە سەردانی سمایل ئاغـای شکاك کە پێکەوە لە شـاری تفلـیس سـەردانی نوێنـەری قەیسـەری

روسیایان کرد، که بەڵێنی دابوو پشتگیریی کورد بکەن .

دوای گەڕانەوەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەو دیدارانە ، لەرێگـەدا خـۆی و سـێ هـەڤاڵی دەگەنــە گونــدی (گەنگەچــین)[٢]. خــاوەنی گوندەکە بە ناوی (سۆفی عەبدوڵا) لە شێخ عەبدولسەلام دەپاڕێتەوە لایان بمێنێتەوە و میوانداریيان قبول بکات . شەو لە کاتی خەوتندا سۆفی عەبدوڵا قیزەوەنترین ناپاکیی دەکات کە شـێخ و هەڤاڵـەکانی دەستگیر دەکات . شێخ عەبدولسەلام و هەڤاڵەکانی بـە بەنـدکراوی دەبرێنە مووسڵ.

لە دادگاییکردنێکی رواڵەتیدا حوکم ئەدرێت بە لـە سـێدارەدان و لـە ١٩١٤/١٢/١٤ لە سێدارەیان ئەدەن.

شــێخ عەبدولســەلام بــارزانی لــە مێــژووی نــوێی کــورد و بزاڤــی رزگــاریخوازیی کوردســتاندا ، بــە یەکــەم رابــەری بــیری نەتــەوەیی دەناسـرێت کـە لـە بـواری سیاسـیی و شۆڕشـگێڕییدا خـەباتی بـۆ بــەدیهێنانی مــافی سیاســیی و نەتــەوەیی کــورد کــردووە. لەســەر دەســتی ئــەودا بیرۆکــە و پرۆســەی چاکســازیی پــەرەی ســەند و بەرجەستە بوو، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکاندا هــەبووە وەك: کۆمەڵـەی سـەربەخۆیی کـورد – هیڤـی ، تـەعاون و تەرەقی کورد.

## شێخ ئەحمەدی بارزانی

**کوڕی شێخ محەمەد بارزانی - یە ساڵی ١٨٩٣ لە بارزان هاتۆتە دنیا.**

**ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە.**

دوای شەهید بوونی شێخ عەبدولسەلامی برای ، ڕابەرایەتیی ناوچەی بارزان دەکات کە تەمەنی تەنها ١٨ ساڵ بووە.

شێخ ئەحمەد بارزانی بەرابەرێکی رۆحیی و نیشتمانیی دائەنرێت،لە بڕوا بوون بە خۆی کەسێکی دەگمەن بوو، لە دادپەروەریی، مرۆڤدۆستیی، پاکیی، کەرامەتی مۆرڤ و توانای رۆحی وێنە ی کەمە. خۆی لە حەزو خولیا و ئارەزووی ژیانی مادیی بە دوور دەگرت ، نەکەوتۆتە ژێر گوشاری هیچ هێزێکی ماددیی، جێگە ی بڕوا و متمانە و خۆشەویست بوو، بە رادەیەك کە لە بارزان بە خودان(٥) ناویان بردووە.

شێخ ئەحمەد لە ژیانی کۆمەلأیەتیی و ئاینییدا ریفۆرمی زیاتری کردووە. دەربارەی پاراستنی ژینگە ڕێنمایی تایبەتی هەیە کە بە ئەحکامی شێخ ئەحمەد دەناسرێت .

لە تەنگانە و ناخۆشیی و زینـدانیی و ئاوارەییدا ، خۆڕاگر و پشوو درێژو کۆڵنەدەر بوو.

سەردەمی رابەرایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی ، دژوار و پر لە شەڕو پیلان و گۆڕانکاریی بوو لە سەر ئاستی کوردستان و عیراق و ناوچەکە . لەو باردۆخەدا هەڵوێستی شێخ ئەحمەد لە رووداوەکاندا دیاروکاریگەرە. کە دەتوانین ئاماژە بە خاڵە سەرەکییەکانی بکەین:

کاتی شێخ مەحمودی حەفید لە مانگی مایسی ١٩١٩ دا شۆڕشی بەرپا کرد شێخ ئەحمەد بارزانی ، نامەی بۆ سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکانی بادینان نارد، داوای لێکردبوون کە یارمەتی شێخ مەحمود بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك جەنگاوەری بارزانی بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی نارد، بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشەکەدا.

ئەو هەڵۆیستەی شێخ ئەحمەد ئینگلیزەکانی تووڕە کرد، بریاریاندا کە گورزێك بسرەوێنە بارزان و دانیشتوانەکەی دەرکەن و لە شوێنیان ئاسورییەکان نیشتەجێ کەن. بەلأم زۆربەی ئاسوریەکان ئەوەیان رەتکردەوە.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٩ حوکمڕانیی بەریتانی لە مووسڵ چووە ناوچەکە و هەڕەشەی لە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان کرد، کاتێ چوونە بارزان شێخ پێشوازیی لێ نەکردن.

بە لەبەرچاو گرتنی هەڵوێست و رۆڵی شێخ ئەحمەد بارزانی، شێخ عەبدولقادری نەهری لەساڵی ١٩١٩ دا نامەیەکی بۆ نارد تیایدا پێشناری کردبوو کە شێخ ئەحمەد سەرکردایەتی بزافی رزگاریخوازیی کوردستان بگرێتە دەست ، بەلأم شێخ ئەحمەد بارزانی پێی باش بوو کە هەر خۆیان بەو ئەرکە هەستن ، بەو بۆنەیەوە مستەفا بارزانی ناردە لای شێخ عەبدولقادر لە شاری موش.

ساڵی ١٩٢٠ ئینگلیزەکان لە پیلانێکی تر هانی ئاسوریەکانیان دا دژی کورد شەڕ بکەن، لە بارزان شەڕ بەرپا بوو لەو شەرەدا

(سەعید وەلی بەگ) شەهید بوو کە یەکێك بوو لەسەر کردەکانی بارزان. ئاشوریەکان تێگەیشتن کە ئەوە پیلانە و تێی کەوتوون، بەمجۆرە شەڕ کۆتایی هات.

ساڵی ١٩٢٠– ١٩٢١ ئەرمەنیەکان رووبەرووی کۆمەڵکوژیی بوونەوە، سەرۆکی ئەرمەنیەکان (ئەندرانێك پاشا) نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی نارد داوای یارمەتی و بەهاناوە چوونی لێدەکات ، شێخ ئەحمەد، مستەفا بارزانی و وەلی بەگ بە ٢٠٠ چەکدارەوە دەنێرێ و خێزانی ئەندرانێك و ژمارەیەکی زۆر رزگار دەکەن ، لەو پرۆسەیەدا ١٤ چەکداری بارزانی شەهید دەبن.

ئینگلیز وەك مانۆرێك هەوڵیدا باردۆخەکە لەگەڵ شێخ ئەحمەد هێور و ئارام بکاتەوە. ساڵی ١٩٣١ حاکمی سیاسیی بەریتانی لە مووسڵ داوای لە شێخ ئەحمەد کرد، کە رێگریی نەکات لە دەسەڵاتدارە خۆجییەکان و چی بوێت بۆی دەکەن، لەو بارەیەوە وەڵامی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو کە ئەو نە سامان و سەرمایە و پلە و پارە و ماڵی دنیای ناوی، بەڵکو دەیەوێت بە ئازادیی و ئارامیی لەسەر خاکی خۆی بژی.

ئینگلیز دەیان وت بارزان سەرچاوەی شۆڕشە و هەر کاتێك بێ دەتەقێتەوە، زانیان کە شێخ ئەحمەد پەیوەندی لەگەل سەرکردەکانی کوردستانی باکوردا وەك شێخ سەعیدی پیران — شێخ عەبدولقادری نەهری شێخ مەحمود هەیە. ئینگلیز هانی عەشیرەتەکانی تری ئەدا دژی بارزانیەکان. لە ساڵی ١٩٣١ دا شەڕ لە نێوان ئەوان و برادۆستیەکاندا روویدا، شەڕ بەشکاندنی برادۆستیەکان کۆتایی هات.

ئینگلیزەکان بۆ یەکەمجار لە ١٩٣١/١٢/٨ دا بە فرۆکە بۆردومانی گوندی بارزانیان کرد، لەو شەرەدا، کە بەشەڕی بەرقی بەگ دەناسرێت. داوایان لە شێخ ئەحمەد کرد خۆی بدات بەدەستەوە لە وەلآمدا پێی راگەیاندن کە داکۆکیکردن مافێکی رەوایە و ئێمە داکۆکیی لە خۆمان دەکەین.

لە ١٩٣٢/١/١٢ هەروەها حکومەتی عیراقی بریاری دا پەلاماری بارزان بدات. لە ١٩٣٢/٢/١٥ پەلامار و هێرشی سوپای عیراق بە هەموو جۆرە چەکێك دەستی پێکرد. بە هاوکاری هێزی ئاسمانیی بەریتانی.

دوای راوێژکردن شێخ ئەحمەد بڕیاری دا، ژن و منالّ و خێزانەکان بچنە باکوری کوردستان بۆ پاراستنی ژیانیان بە جۆرێك کە کەمترین خێزان بچنە ئەودیو، ئەوانەی مەترسیان لەسەر نیە بگەرێنەوە سەرمالّ و حالّی خۆیان.

لە ١٩٣٢/٦/٢٠ شێخ ئەحمەد لەگەلّ ٢٠٠ چەکداردا گەیشتنە خاکی تورکیا. ڕەوانەی (ئەرزروم) کران ، دواتر لە بەهاری ١٩٣٣ دا حکومەتی تورکیا شێخ ئەحمەدی رادەستی حکومەتی عیراق کردەوەو لە مووسلّ لە ژێر چاودێرییدا دانرا.

لە ئابی ١٩٣٣ دا شێخ ئەحمەد هاتەوە هەولێر و گەرایەوە بۆ بارزان، بەلآم لە سالّی ١٩٣٩ حکومەتی عیراق شێخ ئەحمەدی دورخستەوە بۆ ئالّتوون کۆپری (پردێ) لەوێوە بۆ کفری دواتر بۆ سلێمانی.

لـه ١٩٤٤/٤/١٢ حكومـەتی عیراقـی ڕێگـەی بـە شـێخ ئەحمـەد دا بگەڕێتەوە بۆ بارزان.
بـۆ خـۆ بـەدوور گـرتن لـە نـاكۆكیی و شـەڕ لـە نـاوخۆدا و لەگـەڵ عەشـیرەتەكانی ناوچـەكە لـە ١٩٤٥/١٠/١١ شـێخ ئەحمـەد و بارزانیەكان بە خێزانەوە چوونە كوردستانی ئێران.
دوای روخانی كۆماری كوردستان لە مهاباد ، لە ١٩٤٧/٤/١٠ شـێخ ئەحمەد و خێزانی بارزانیەكان گەڕانەوە و لـە دیانـا بـە زۆر دەست بەسەر دایان نان.
ساڵی ١٩٤٧ حكومەتی عیراق شێخ ئەحمـەد زینـدانی دەكـات ، لـە ماوەی زیندانی كردنیدا ، نوێنەری كۆشكی پاشایەتیی عـیراق داوای لێدەكات بە نامەیەك داوای لێبوردن لە مەلیك بكات، شێخ ئەحمـەد رەتیدەكاتـەوە و دەڵـی دەبـێ مـەلیك و حكومـەتی عیراقـی داوای لێبـوردن بكـەن. دوای یـازدە سـاڵ زینـدانی پـاش روخـانی رژێمـی پاشـایەتیی لـە عێـراق لـە ١٩٥٨/٧/٢١ ئـازاد دەكرێـت، لـە ١٩٥٨/٧/٢٢ شێخ ئەحمەد سەردانی عەبدول كەریم قاسم دەكـات ، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بارزان.
لـە ١٩٦٩/١/١١ كۆچـی دوایـی دەكـات و لـە بـارزان بـە خـاك دەسپێردرێت.

# شێخ مەحمودی حەفید

کوڕی شێخ سەعیدی شێخ محەمەدی کاك ئەحمەدی شێخە. سالّی ۱۸۸۱ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیا.

سالّی ١٩٥٦ لە شاری بەغدا کۆچی دواییکرد . شێخ مەحمود بە حوکمدار و مەلیکی کوردستان ناسراوە.

سالّی ۱۹۰۸ باوکی شێخ مەحمود و برایەکی بە ناوی شێخ ئەحمەد بە پیلانی لایەنگرانی ئیتحاد و تەرەقی تورك لە مووسڵ شەهید کران.

سالّی ١٩١٤ جەنگی جیهانیی یەکەم لە نێوان ئەلمّانیا و هەریەك لە ولاتانی ئەوروپا و روسیا بەرپا بوو. سالّی ١٩١٥ دەولّەتی عوسمانی بوو بە هاوپەیمان و هاوکار و بەشداری ئەلمّانیا لەو جەنگەدا.

سالّی ١٩١٦ -١٩١٧ سوپای عوسمانی لەبەرەکانی جەنگدا لە پاشەکشەدا بوون. هێزی سەربازیی سوپای ڕوسیا لە خاکی ئێرانەوە پێشڕەوییانکرد بۆ ناوچەی ئازەربایجان و بەشێکی رۆژهەلاتی کوردستانیان داگیر کرد.

بە هاندەرو هۆکاری نەتەوەیی و نیشتیمانیی و ئاینیی شێخ مەحمود هێزی عەشائیری کۆ کردەوە، سوپای ڕوسیان لە کوردستان دەرکرد.

سالّی ۱۹۱۷ هێزی سەربازیی بەریتانیا چەند شارێکی لە باشور و ناوەڕاستی عیراق ، کە لەویلایەتی بەسرە و بەغدا پێکهاتبوون داگیر کرد. عوسمانیەکان داوایان لە شێخ مەحمود کرد بۆ

بەرەنگاربوونەوەی سوپای بەریتانیا هاوکارییان بکات، شێخ بە هێزێکەوە چوو بۆ باشوری عیراق لە شوعەییە لەگەڵ سوپای بەریتانیا رووبەروو بوونەوە ، و لە شەڕێکی نابەرابەردا هێزی شێخ شکو و زیانێکی زۆری بەرکەوت، دوای ئەوە ناوبانگی شێخ مەحمود لە کوردستان و ناوچەکە بڵاوبووەیە.

دەوڵەتی عوسمانی نەیدەتوانی باشوری کوردستان ، کە ویلایەتی مووسڵ بوو بپارێزێ ، لەبەر ئەوە عەلی ئیحسان پاشا کە سەر لەشکری تورك بوو لە مووسڵ لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ بە ناوی حکومەتی عوسمانیەوە بروسکەیەکی نارد بۆ شێخ مەحمود کە حوکمداری سلێمانی بکات. بەڵام شێخ بایەخی بەو بروسکەیە نەدا، تەنانەت ئەو یەکە سەربازیەی تورك کە لە سلێمانی بوون، وەك داگیر کەر سەیری ئەکردن ، دەریکردن.

ساڵی ١٩١٨ بەریتانیەکان کەرکوکیان داگیر کرد. لەو ماوەیەدا شێخ مەحمود دوو نامەی ناردبوو بۆ (وێڵسن) کە حاکمی سیاسی بەریتانیا بوو لە بەغدا، داوای مافی کوردی کردبوو . لە وەڵامدا مێجەر نۆئێڵ بە نامەیەکەوە نێردرا بۆ سلێمانی.

لە ١٨ ی تشرینی ١٩١٨ لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی جەماوەرییدا نامەکەی وێڵسن ((حاکمی سیاسی بەریتانیا)) لە عیراق خوێندرایەوە کە رایگەیاندبوو.

(لەم روەوە لەسەر بریاری حاکمی سیاسیی بەریتانیا، کورد ئازادە و سەربەخۆ دەژین لە ژێر فەرمانی گەورە پیاوی کورد جەنابی شێخ مەحمود، ، کە فەرماندار و فەرمانرەوای کوردستانە)[٦] لە

وەلآمـدا شـێخ مـەحمود وتـارێکی داوە کـە داوای یـەکڕیزی و هـاو هەڵوێستیی کردووە و توووویە:
(پێمان نایە قۆناغێکی خۆش و ئارام و سەربەستیی ، داوام ئەمەیـە کە هەمووان وەك برای دلسۆز دەستی یەك بگرن و یەك گرتوو بـین، کە یەکێتی کورد دەگەیەنێ بە ئامانج، براینە لە ئێوە یەکێتیی و لـە منیش خۆ بەختکردن بۆ خاك و گەلی کـوردی چەوسـاوە و هـەژار)، بە هۆی هەڵسوکەوتی کار بە دەستانی بـەریتانی وەك داگـیر کـەر و پرۆپاگانـدە کـردن دژی شـێخ مـەحمود و کێشـە دروسـتکردن و ناونانی لە شکری حوکمـداری کوردسـتان بـە (لیڤـی) کـە مانـای بـە کرێ گیراووە، نێوانی شێخ مـەحمود و بەریتانیـەکان ساردوسـڕی و ناکۆکی تێکەوت.
لـە بـەر ئـەوە شـێخ نامەیـەکی نـارد بـۆ وێڵسـن ((حـاکمی سیاسـی بەریتانیا لە عیراق)) داوای لێ کردبوو سەردانی سلێمانی بکـات، لـە مـانگی مـارتی ١٩١٩ وێلسـن گەیشـتە سـلێمانی ، لەگـەڵ شـێخ مەحمود کۆبوونەوە کە داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی دەکـرد لـە بەرئەوە نەگەیشتنە ئاکام .
دوای ئـەو کۆبوونەوەیـە شـێخ مـەحمود داوای هێـزی چـەکداری لـە سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکان کرد.
لـە ٢١ی مـارتی ١٩١٩ مـەحمود خـانی دزڵـی بـە هێزێکـی زۆرەوە گەیشتە سلێمانی .
لە ٢١ ی مایسی ئەو ساڵەدا ئاگری شۆڕش کڵپەی سەند ، لەشـکری کوردستان بەریتانیەکانی لە سلێمانی و هەڵەبجە دەرکرد.

هـەر لـەو ڕۆژەدا شـێخ مـەحمود نامەیـەکی بـۆ حـاکمی سیاسـیی بەریتانیا نارد.

(پیاوەکانی ئێوە کوردیان ناچار کرد چەك بەکاربێنن بۆ مافی گـەلی کوردی چەوساوە ، وا چـاکە تـا زیـاتر خـۆین نـەڕژاوە چارەسـەری گیروگرفتی ، مافی خوراوی کورد بکەن.[٧]

لە ١٨ تا ٢٢ حوزیرانی ١٩١٩ لـە دەربەنـدی بازیـان شـەڕ بـەردەوام بوو ، بەریتانیەکان هەوڵیان ئـەدا سـلێمانی بگرنـەوە. لـەو شـەڕەدا شـــێخ مـــەحمود بریـنـــداربوو ، بـــە هـــۆی چاوســـاغیی جـــاش و خۆفرۆشەوە شێخ لە پاڵ بەردێکا ئەدۆزنەوە و دەسـتگیری دەکـەن و دەیبـــەن بـــۆ بەغـــداد . دوای ئـــەو شـــەڕە ، ئـــەو بـــەردە بـــە بەردەقارەمان ناوبرا.

لـە ٢٥ /١٩١٩/٧ لـە دادگـا یکردنێکـی ڕواڵەتیـدا ، شـێخ مـەحمود تاوانبارکرا بەوەی خوێنی ڕشـتووە و ئـاڵای بـەریتانیای لابـردووە و دڕاندووە ، بڕیاری لە سێدارە دانی درا.

شێخ مەحمود ڕەخنەی لەو دادگایەگرت کە مافی ئەوە یان نییە ئـەو دادگایی بکەن وتبووی:

(مـن نەچـووم لـە خـاکی بـەریتانیا شـەربکەم و خـۆین بڕێـژیم، مـن لەسەر مافی گەلی خۆم و خاکی خۆم داکۆکیم کـردووە، ئێـوە داگـیر کەرن و بەرپرسن لە خوێن رشتن)[٨].

هەسـتی نەتـەوەیی و بـیری سـەربەخۆیی جـۆش و خرۆشـی بـە جەماوەری کوردسـتان دا، هـەر لـە مهابـاد و بانـە و مەریوانـەوە تـا بادینـان و ئـاکرێ و ئامێـدی و کفـری دژی بـەریتانیا دەسـت درایـە

چەك ، بەریتانیەکان ناچار بوون بریاری حوکمەکە بکەن بە دەساڵ زینـدانی و دورخسـتنەوەی شـێخ مـەحمود بـۆ هیندسـتان ، دواتـر ناچار بوون لە ١٩٢٢/٩/٢١ شێخ مەحمود ئازاد بکـەن و بگەڕێتـەوە بۆ کوردستان.

لـە ١٠/ ١٩٢٢/١١ بـە شـێوەیەکی فـەرمیی و لـەژێر چـاودێریی بەریتانیادا شێخ مەحمود کرا بە مەلیکی کوردسـتان و ئـاڵای کـورد هەڵکرا ، ئەنجومـەنی وەزیرانـی کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی شـێخ مەحمود پێك هێنرا و مێجەر نۆئێل دانرا بە راوێژکاری شێخ.

کێشــە و نــاکۆکیی و ململانێــی نێــوان حکومــەتی کوردســتان و بەریتانیا زیاتر قووڵ بوەوە و پەرەی سەند.

شــێخ مــەحمود بــیری لــە ئــازادکردنی کــەرکوك ئــەکردەوە ، بەریتانیـەکانیش دەیـان ویسـت سـلێمانی لـە ژێـر دەسـتی شـێخ مەحمود و کورد دەربێنن.

لـە ١٩٢٣/٢/٢٣ کـە سمکـۆی شـکاك (سمایـل خـانی سمکـۆ) لـە سلێمانی بوو. بەریتانیەکان بە فرۆکـە بـەیانیان بەسـەر سـلێمانیدا بڵاوکردەوە کە بۆردومانی شاردەکەن و چۆڵی بکەن.

لە ١٩٢٣/٢/٢٨ سمایل خان گەڕایەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای گەڕانەوە سمایل خان ، شێخ مەحمود بـە خـۆی و هێزێکـەوە چوونە دەرەوەی شار، لە ئەشکەوتەکانی جاسـەنە، لـە سـورداش ، دانیشتوانیش روویانکردە قەرەداخ و شارباژێر.

لە بەیانی رۆژی ١٩٢٣/٣/٤ فڕۆکەی بەریتانی بوردومانی سلێمانیان کرد دوای ئەوە بە هێزی سەربازی داگیریانکرد.

له ١٩٢٣/٧/١١ لـه شـكرى شـێخ مـەحمود سـلێمانيان ئـازاد كـرد ، بـەلاّم لـە ١٩٢٤/٧/١٩ هێـزى سـەربازيى بـەريتانيا و عـێراق بـە هاوكـاريى فرۆكـە هێرشـێكى گـەورەيانكرد ، سـلێمانيان داگـير كردەوە.

له ماوەى ئەو يەك دوو ساڵەدا چـەندين شـەڕى گـەورە ، كـە زيـانى زۆرى بە سـوپاى بـەريتانى و عێراقـى گەيانـد ، روويـدا وەك شـەڕى پێنجـۆين و شـەڕى خورمـالّ، هـەروەها هـەولّى تيرۆركردنـى شـێخ مـەحموديان دا، لەگـەلّ ئەوەشـدا گفتوگـۆ و نامـە نـاردن لـە نێـوان شێخ مەحمود و بەريتانيەكاندا درێژەى هەبوو.

له ١٩٢٧/١/٢٧ شێخ مەحمود نامەيەكى ناردووە بۆ مەندوبى سامى بـەريتانى لـە عـێراق ، لـە نامەكـەدا وتوويـەتى: (وەخـتى خـۆى حكومـەتى بـەريتانيا لـە بـارەى حقـوقى كـوردەوە هەنـدێ قسـە و پەيمانى داوە بە كۆمەڵى ئـەقوام (عصـبە الامـم) ئێسـتا پشـتى لـەو قسانە كردووە، مـن داواى بـە جـێ هێنـانى ئـەو پەيمانـە دەكـەم) ، مەندوبى سامى لـە وەلاّمـدا وتوويـەتى: (كۆمـەڵى ئـەقوام شـتى واى نەوتووە كە سەربەخۆيى بدرێت بە كورد)[٩].

له ١٩٣٠/١٠/١٠ شێخ مەحمود بە ناوى خۆى و شۆڕشەوە نامەيەكى بۆ مەندوبى سامى بەريتانيا لە عێراق ناردووە كە ئـەم داخوازيانـەى لە خۆ گرتبوو:

- دامەزراندنى دەوڵەتێكى كوردى لە زاخۆوە تا پشتى خانـەقين ، ئەم ناوچەيە بە هيچ جۆرێك عەرەبى تيانە بێ لـە عەسـكەريى و مەدەنيى.

- ئـەم ناوچـەیە لـە ژێـر چـاودێریی بـەریتانیادابمێنێ تـا کۆمـەڵی گەلان بریارێکی لە بارەوە ئەدات.
- ئازادکردنی بەندکراوو دورخراوەکان.
- هەر ئەفسەرو کار بـە دەسـتێکی کـورد، لـە ولاٌتـی عەرەبسـتانە (مەبەست عێراقە) بنێردرێنەوە بۆ ولاٌتی کوردواری[١٠].

مەنـدوبی سـامی وەلاٌمـی شـێخ مـەحمودی نەدایـەوە ، لـە مـانگی مـارتی ١٩٣١ شـێخ مـەحمود ئامـادە سـازیی کـرد بـۆ ئـازادکردنی کەرکوك ، ڕای وابو ئەگەر کەرکوك ئـازاد بکـەن ، بـەریتانیا دان بـە مافی کورد دا دەنێت.

بۆ ئەو مەبەسـتە خـۆی و هێزێکـی پـەنجا سـوارە لـە قەرەداخـەوە بەرە و کەرکوك ڕۆیشتن ، گەیشتبوونە دێی ئـاو باریـك شـەو لـەوێ مابوونەوە بۆ پشوودان. بەریتانیـەکان و عیراقیـەکان بـە هاوکـاریی جاش و خۆ فرۆش بە فرۆکە و هەموو جۆرە چـەکیك پـەلاماری ئـاو باریك و هێزەکەی شێخ مەحمودیاندا، شەرێکی گەرم ڕوویدا.

شێخ مەحمود زۆر بێ ئومید بوو ، نیگەران بوو ، کە ئـەو خـەبات و قوربانی لە پێناوی ئازادیی کورد و رزگاریی کوردستانادا دەکـات ، بـەلاٌم کـورد خـۆی دەفرۆشـێ ناپـاکیی لەگـەڵ دەکـەن ، و پشـتی لێدەگرن و هاوکاریی داگیر کەر دەکەن.

بە ناچاریی لە ١٩٣١/٥/١٣ خۆی رادەستی حکومەت کرد ، دووریان خستەوە بـۆ شـاری ناسـریە ، سـاڵی ١٩٣٣ هێنایانـەوە بـۆ شـاری بەغـداد، بـەلاٌم لـە سـاڵی ١٩٤١ گەڕایـەوە بـۆ کوردسـتان لـە دێـی داریکەلی نیشتەجێ بوو .

شـێخ محمـود لـه سـاڵی ١٩٥٦ نـەخۆش کـەوت و بـۆ چارەسـەری پزشکیی چووە بەغدا.

لـە ١٩٥٦/١٠/٩ لـە نەخۆشـخانە کۆچـی دواییکـرد، تەرمەکـەی لـە ڕاپەرینێکی جەماوەرییدا لە سلێمانی ، لە مزگەوتی کاك ئەحمـەدی شێخ بە خاك سپێردرا.

هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی شتێکی ویژدانیە ، لـە کەسـێکەوە بۆ کەسێکی تـر ئـەگوێزرێت. ئـەو هەسـتە سەرچـاوەی دروسـتبوونی بیری نەتەوەییە ، کە پێ بە پـێ کامـڵ دەبـێ و پـەرە دەسـتێنی و دەبێتە بەشێك لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی.

# بارزانی و بزوتنەوەی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی

مستەفا بارزانی کوری شێخ محەمەد شێخ عەبدولسەلامی بارزانیـە ، بـارزانی سـاڵی ١٩٠٣ لـە بـارزان لـە دایکبـووە و سـاڵی ١٩٧٩ لـە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.
مستەفا بارزانی تەمەنی تەنها چوار سـاڵ بـوو بـە هـۆی هەڵوێسـتی سیاسیی نیشتمان پەروەرانەی خانەوادەکـەیان لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە دەستگیر کراون و لە مووسڵ زینـدانی کران، تەنگەبەریی و تاریکیی و ناخۆشیی و ئازاری زیندانی بینی.
مســتەفا بــارزانی لــە ژینگــە و کەشــی ڕۆحیــی و کۆمەڵایــەتیی و شۆڕشــگێڕیی بارزانــدا ڕســکاوپەروەردە بــوو . قــاڵبووی بــاردۆخی سەختی خەبات و ئاوارەیی و رووداوەکانی کوردستان بوو.
بارزانی بە توانا و وزەی رۆحیی و کارامـەیی ، و لیهـاتوویی خـۆی ، لەسەر رێبازی براو باوك و باپیرانی لە گۆڕەپـانی خـەباتی هزریـی و سیاسیی و شۆڕشگێڕییدا ، برەوی بە بیری نەتەوەیی و نیشـتمانیی دا، بـە عەقلانیـەت و بـیری ئـازاد ئـەرکی مێـژوویی و نیشـتمانی لـە پێنــاو بــە دەســتهێنانی مــافی گــەلی کوردســتان و کەرامــەت و سـەربەخۆیی کـورد دا بـە جێگەیانـد، بـووە پێشـەنگ و جڵـەوگیری بزافی رزگاریخوازی کوردستان.
بارزانی لە ماوەی خەباتی شۆڕشـگێڕیی خۆیـدا بەرلـە دامەزرانـدنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و لـە دوایـی دامەزرانـدنی پـارتیش لـە هــەناوی کۆمەڵگــەی کوردســتاندا. شۆڕشــی هزریــی ، سیاســیی ،

کۆمەڵایەتیی ، ئەخلاقیی ، سەربازیی و فەرهەنگیی بەرپاکرد.
چین و توێژەکانی کوردستانی لەسەر بنەمای مۆرڤـــ دۆستیی، کەرامەت، خۆشەویستیی، ڕاستگۆیی، بوێریی، لێبوردەیی، پێکەوە ژیان لە خۆ بوردوویی، خۆنەویستی، پاکیی، دڵسۆزیی، ئاشتیی ئازادیی و دیموکراسیەت بۆ بەدێهینانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردستانی ڕێکخست.
بونیادی هزریی و سیاسیی و شۆڕشگێڕیی بارزانی وەك تیۆرێك لە خەباتدا ڕۆڵی بینیووە، کە هەموو شۆڕش و ڕاپەرینی بەشەکانی تری کوردستان، تەواوکەری یەکترن و دەبێت یارمەتی بدرێت و پارێزگاری لێ بکرێت و بە یەك چاو بێ جیاوازی سەیر بکرێت. ئەو ڕێبازە بووە هۆی بە هێز بوون و بروا بە خۆ بوونی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، بە بیروڕاو بۆ چوون و ڕەنگ و دەنگی جیاوازەوە.
بارزانی کەسایەتیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، سەربازیی و ئایینیی لێهاتوو بوو، ئەو توان بڕی بوو بۆ خزمەتی بە دیهێنانی مافەکانی کورد، بە کاری دەهێنا هەوڵیدا کە ڕووبەری بەشداری چین و توێژەکانی گەلی کوردستان فراوان بکات . کێ توانای خزمەتکردنی هەبوایە بە دڵسۆزیی و پاکیی ڕێزی لە بوون و مافی دەگیرا، لەو بارەیە و فەرموویەتی: (کوردستان نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئاینەکانە)، بارزانی ئەو بەشداریەی بە بێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینیی بە پێویست زانیووە. لەو بارەیەوە فەرموویەتی:
(پێویستە هەموو چینەکانی کورد و ئەو کەسانەی لە کوردستان

دەژین، دەبێ بێ فەرق و جیاوازیی بەرێگـەی هەڵبـژاردنی ئـازاد لـە دەسەڵاتدا بەشداربن)[١١].

بارزانی هەمیشە ڕەشماڵی کۆ کەرەوەی پێکهاتە جیاوازەکان بوو.

بارزانی باوەڕێکی بە هێزی بە دیمۆکراسیەت و بەهای دیمۆکراسیی هەبوو، و خوێندنەوەیەکی واقیعیی بۆ باری کۆمەڵایەتیی کوردستان دەکرد.

(کۆمەڵگـەی کوردسـتان پێویسـتی بـە گەشـە کـردن و پەرەپێـدان هەیـە، لـە رێگـەی زانسـت و ڕۆشـنبیرییەوە کـە بـە بژاردەیـەکی شارسـتانیی دەزانـی بـۆ بـرەودان بـە هەسـت و بـیری نەتـەوەیی و پتەوکردنی ئینتیمای نیشتمانیی.)

بـارزانی بایـەخی بـە زمـان ئـەدا ، وەك فاکتـەرێکی سـەرەکی و بـە بنەمای سەرەکیی نەتەوەی هەژمار دەکرد لەو پێنـاوەدا، هـەر وەك چۆن شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی یەکـەم ناوەنـدی خوێنـدنی لـە بـارزان کـردەوە ، بـارزانیش لـە هـەموو گفتوگۆ و دانوسـتانەکانیدا لەگەڵ دەوڵەتی عیراقی ، جەختی لەسەر بە فەرمی ناساندنی زمانی کـوردی و خوێنـدنی کـوردی کـردووە ، بایـەخی بـە کردنـەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە ئەدا.

وەك پێشـتر لـە ژیاننامـەی شـێخ عەبدولسـەلام و شـێخ ئەحمـەد بارزانی ئاماژەی پێکرا ، ژینگە و پاراسـتنی یەکێکـە لـە بنـەماکانی رێبازی بارزانی. مستەفا بارزانی لە سەر هـەمان بنـەما و سیاسـەتی ژینگە پارێزیی پەیڕەو کردووە. داوایکـردووە کـە ڕێـز لـە سروشـتی کوردستان و ژینگەی بگیرێ ، لە هەر شوێنێك بوو بێت دەوروبـەری

خـۆی پـاك و خـاوێن و سـەوز ڕاگرتـووە ، هەمیشـە داوای لـە پێشمەرگە و هاونیشتمانیان کردووە کە ئەو شوێن و کانیاو وسەر ڕوبار و ئەشکەوت و ڕێگەوبان و دێهات و جێی پشودانیان بە پاکو خاوینی ڕابگرن.

بارزانی کوردستانی بە ماڵی خۆی زانیووە و وتوویەتی: ژینگەیەکی پاك مانای تەندروستییە و هەستکردنە بە بەرپرسیاریەتیی و خۆشەویستی کوردستان. ئەو ئینتیمای نیشتمانیی لە ژینگە پارێزییدا بینووە.

بارزانی مرۆڤیکی خاکە ڕابوو، لە جلو بەرگیدا، لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە بارەگا و شۆینی کار کردن و حەسانەوەیدا، لە هی پێشمەرگە و هاونیشتمانیان جیاواز نەبووە. ئەوەی لای بارزانی گرنگ بوو، وەك فەرموویەتی: (شانازییە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) هەروەها وتویەتی (ئەگەر من ئەنانیەت و تەکەبورو حەسادەتم لە بەرامبەر میللەتی خۆمدا هەبێ ، چۆن دەتوانم خزمەتی بکەم)[١٢].

بارزانی هەمیشە عەقڵی زاڵبۆوە بەسەر دەرونیدا، هێزی مادی نەیتوانیووە زاڵبێت بەسەریا.

(دەوڵەمەندیی و سامان ، ڕێزو شەرەف بۆ مرۆڤ پەیدا ناکات، ئەگەر لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلدا نەبن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبنە هۆی شەرمەزاریی بۆی)[١٣].

# بارزانی و شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید

لە ٢١ی مایسی ١٩١٩ دا کە شێخ مەحمود لە ناوچەی سلێمانی شۆڕشی دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی بەرپا کرد،
شێخ ئەحمەد بارزانی هاوکاری شێخ مەحمود و شۆڕشەکەی بوو ، نامەی بۆ سەرۆك هۆزەکانی ناوچەی بادینان ناردوەو داوای لێکردون کە هاوکاری شێخ مەحمود و شۆڕشەکەی بن.
مستەفا بارزانی ئەو کاتە تەمەنی ١٦ ساڵ بوو ، بە سەرۆکایەتی ٢٠٠ چەکداری بارزانی بۆ هاوکاریی و بەشداریکردن لە شۆڕشی شێخ مەحمود بەرە و سلێمانی بە رێکەوتن.
ئەو هێزە بوون بە دوو بەشەوە بە دوورێگای جیاوازدا ڕۆیشتن لە ڕێگایاندا کەوتنە ناوکەمینی هێزی سەربازیی بەریتانیەکان و چەندین شەهیدیان دا.
گەیشتنی بارزانی و هێزەکەی بۆ ناوچەی سلێمانی هاوکات بوو لەگەل شەڕی دەربەندی بازیاندا ، کە شێخ مەحمود بریندار بوو ئینگلیزەکان دەستگیریان کرد.
هەندێ لەو نامانەی شێخ ئەحمەد بارزانی ناردبووی بۆ سەرۆك هۆزەکان لە ناوچەی بادینان کەوتبووە دەست بەریتانیەکان ویستیان تۆڵەی ئەوە لە بارزانیەکان بکەنەوە.
لە کاتی دادگایکردنی شێخ مەحمود و دور خستنەوەی بۆ هیندستان لە ناوچەی بادینان ڕاپەرین دژی بەریتانیەکان بەرپابوو.

# بارزانی و رزگار کردنی ئەرمەنییەکان

بـارزان کـە ناوەنـدی پێکـەوە ژیـانی نەتـەوەیی و ئـاینیی بـوو، پەیوەنـدی پتـەو و دۆسـتانەی لەگـەڵ ئاشـوری و ئەرمەنییەکانـدا هەبوو.

سـاڵی ١٩٢٠ ئەرمەنیـەکان جـارێکی تـر لـە لایـەن دەوڵـەتی عوسمانیەوە دەکەونەوە بەر شالاّوی کۆمەڵکوژی کە پروپاگاندەیان دەکرد ئەوە شەڕی ئیسلام و مەسیحیەکانە ، تورك لەسەر ئیسلام دەکاتەوە.

(ئەندرانێك) پاشای ئەرمەن ، نامەیەکی ناردووە بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی، داوای کردبوو بە هانایانەوە بچیٚ و ڕزگاریان بکەن، لەسەر فـەرمانی شـێخ ئەحمـەد ، مسـتەفا بـارزانی و وەلـی بـەگ کـە سەرکردەیەکی ئازای بارزانی بوو ، بە ٢٠٠ چەکدارەوە لە بارزانـەوە بەرێدەکەوون، بە نـاو سـوپای تـورك و ئـەو عەشـرەتانەی سـەر بـە تورکی عوسمانی بوون دەڕۆن و ڕێگرییان لێدەکرێت. دەڵـێن ئیمـە دەچـین، بـۆ لێـدانی ئەرمەنییـەکان، بـە گەیشـتنیان بـۆ ناوچـەی ئەرمەنییـەکان زۆریـان لـیٚ رزگـار دەکـەن ، لـە ناویانـدا خێزانـی ئەندرانێك پاشا ، دەیان گەیەننە سوریا.

لە گەڕانەوەیاندا هێزەکەی بارزانی دوو چاری شەڕی لەشکری تورك دەبن ، ١٤ کەسیان لیٚ شـەهید دەبیٚ . دوای سـەختیەکی زۆر لـە ڕێگەی خاپورەوە دەچنە زاخۆ ، لەوێوە گەڕاونەتەوە بۆ بارزان.

# بارزانی و شۆڕشی بارزان

مستەفا بارزانی لە ژینگەیەکی سیاسیی زۆر دژوار و پڕ لە رووداوی گرنگ هاتە ناو گۆرەپانی ژیان، وەك گەنج ترین ئەندامی خێزانەکەی پەیوەستن بە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان گەلی کوردستانەوە لە ژیانیدا بەشداری کە چەندین ڕووداوی گرنگ و کاریگەر دەکات .

مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی کاریزمی کارێزمایەکی نەتەوەیی بوو کە نەخشە ڕێگای بۆ بە دیهێنانی مافی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان داناوە، کە تا ئێستاش ئەو بزاڤە بەردەوامە ، بارزانی بێ کۆڵدان و پشوودان ، درێژەی بە خەبات داوە. چەندین قۆناغی لە خۆ گرتووە . هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە بە هانای بزاڤ و ڕاپەرین و شۆڕشی بەشەکانی تری کوردستانەوە چووە. تا دەگا بەو پیلان و هێرش و پەلامارانەی دژی بارزان کراوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٣١ کار بەدەستانی بەریتانی و حکومەتی عێراق کەوتنە هاندانی چەند لە دژی بارزانیەکان. برا دۆستیەکان پەلاماری ناوچەی بارزانیاندا ، چەند گوندێکیان تالآنکردو و سوتاند.

بارزانی توانی ئەو تالآنیە یان لێ بسێنێتەوە.

لە ١٩٣١/١٢/٩ هێزەکانی حکومەتی عیراق، بەسەرکردایەتی ئەفسەرێك بە ناوی عەقید (بەرقی بەگ) ویستیان بارزان داگیر بکەن و شێخ ئەحمەد بارزانی دەستگیر بکەن. بەڵام بارزانی لەگەڵ هێزی چەکداری بارزان شەڕێکی قارەمانانەیان کرد ، دوژمن تێکشکا و لەگەڵ ئەوەی فڕۆکە پاڵپشتیان بوو ، ئەو شەڕە بە مەیدانی بەرقی بەگ ناسراوە.

# شەری دۆڵی ڤاژی

حکومەتی عیراق لە کۆبوونەوەی ١٩٣٢/١/١٢ بریاریدا کە ناوچەی بارزان بگرن و شێخ ئەحمەد دەستگیر بکەن ، بریارەکە لە ١٩٣٢/٣/١٥ جێبە جێکرا ، هێزێکی سەربازی زۆر کۆ کرایەوە و لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکەیاندا، حکومەت داوای لە شێخ ئەحمەد کرد خۆی بدات بە دەستەوە، بارزانییەکان بەرگرییەکی بێ وێنەیان کرد . لە شەوی ٤ی نیساندا بارزانی هێرشێکی گەورەی کردە سەر هێزەکانی حکومەت و شەڕی دەستە و یەخە دروستبوو، دوژمن زیانی زۆری گیانی لێکەوت جگە لە دیل ، هەرچی چەك و تفاقی شەڕ هەیە کەوتە دەست بارزانی، ئەو شەڕە جەنەڕاڵێکی بەریتانی بە ناوی (رۆبنسۆن) سەرپەرشتی دەکرد کە بەبریندار ی خۆی لە دیلی ڕزگار کرد. ڕۆڵی بارزانی لەو شەڕەدا یەکالاکەرەوە بوو ، بووە جێی شانازی بارزانییەکان و بەشێك لە فۆلکلۆری میللی.

حکومەت ناچار بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە شەڕ ڕابگرێت، کە فرۆکەیەکی بەریتانی خرابووە خوارەوە دوو فرۆکەوان بەدیل گیرابوون ، کە بووە هۆی ئالوگۆرکردنی دیلەکانی حکومەت بەرامبەر ئازاد کردنی ئەو بارزانیانەی لە لایەن حکومەتەوە زیندانی کراو بوون. سەرباری ئەوە گفتوگۆ کان بێ ئاکام بوون ، چونکە حکومەت پێداگیریی دەکرد ، دەبێ شێخ ئەحمەد و بارزانی خۆیان بدەن بە دەستەوە و هێزی حکومەت بچێتە بارزان.

# هەوڵی کوشتنی بارزانی

له ناوەراستی ساڵی ١٩٣٦ موتەسەریفی (پارێزگار) مووسڵ داوای کردبوو له ئۆفیسی فەرمیی بارزانی ببینێ ، له کاتی دیدارەکەدا، قاوەی بۆ دەهێنن ژەهری تێ کرا بوو. که پاش خواردنەوە ئازارێکی زۆری بۆ دروست دەبێ، چاوەرێی مردنی دەکەن، بەڵام دوای دوو هەفتە هاتۆتەوە سەرخۆی ، به شێوەیەکی سەرسورهێنەر له مردن ڕزگاری بوو.

ساڵی ١٩٣٩ بارزانی دوور دەخرێتەوە بۆ سلێمانی، له مانگی تەموزی ساڵی ١٩٤٣ به یارمەتی حزبی هیوا و کەسانی نیشتیمان پەروەر له سلێمانی دەرچوو بەرەو ئێران و چۆتە ناوچەی شنۆ. هەردوو حکومەتی عیراق و ئێران پارەیەکی زۆریان وەك خەڵات تەرخانکردبوو بۆ هەر کەسێك که بارزانی به زیندوویی یان به مردوویی دەستگیر بکات.

# بەرپا بوونی شۆڕش

لە ساڵی ١٩٤٣ بارزانی گەیشتەوە ناوچەی بارزان، هێزێکی زۆری ساز و ئامادە کرد، لە ماوەیەکی کورتدا، مەخفەرەکانی پۆلیسی گرت ، حکومەت ناچار بوو داوای گفتوگۆی کرد ، بارزانی مەرجی هەبوو کە شێخ ئەحمەد و خێزانە بارزانییەکان لە سلێمانی بگەرێنەوە بارزان ، ئەوسا شەڕ دەوەستێ و گفتوگۆ دەکات. حکومەت مەرجی بارزانی پەسەند کرد ، کە خۆی لەم داخوازیانەدا دەبینیەوە:

- **دەرکردن و لابردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە بە بەرتیل خواردن و خراپ بەکار هێنانی پێگە و دەسەڵاتیان ناسرابوون.**
- **ڕێکخستنی ویلایەتی کوردستان لیواکانی (پارێزگا) کەرکوک – سلیمانی – هەولێر و قەزا کوردییەکانی مووسڵ وەك: دهۆك – ئاکرێ – شێخان – شنگار – زاخۆ و ئامێدی لەگەڵ قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە بگرێتەوە.**
- **زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمیی.**
- **لە وەزارەتەکاندا وەزیری کورد و یاریدەری وەزیر دابنرێت.**
- **دیاریکردنی وەزارەتێك بە ناوی وەزارەتی ویلایەتی کوردستان.**
- **قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیان و زەرەرەی لە خەڵك و ناوچەکە کەوتووە .**
- **دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و کردنەوەی ڕێگە و ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە.**

- **کاروبـاری سـوپایی و دارایـی و دەرەوە تایبـەت دەبـێ بـە حکومەتی ناوەندی[١٤].**

نـاوەڕۆکی ئـەو داخوازیانـە هـەڵقوڵاوی بـیری نەتەوەییـە ، کـە مێژووییەکی نوێ لە بزاڤی ڕزگار یخوازیـدا لەسـەر دەسـتی مسـتەفا بارزانی دەست پێدەکات.

لـە نـاوەڕۆکی داخوازیەکانـدا ، بـارزانی لـە یەکـەم خاڵـدا جـەختی لەسەر نەهێشـتنی کەسـانی گەنـدەڵ کردۆتـەوە و داوای چاکسـازی کردووە.

لە خـاڵی دووەمـدا داوایکـردووە ، نەخشـەی جـوگرافی سروشـتیی و مێژوویی کوردسـتان ، وەك جوگرافیـای سیاسـیی دانـی پیابنرێـت.

ئـەو داخوازیانـە تـا بـە ئـەمڕۆ دەگـات بـووە بنـەما بـۆ گفتوگـۆ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقدا ، بەڵام بـە گـۆڕینی کابینـەی وەزارەتـی نـوری سـەعید لـە ١٩٤٤/٦/٣ کـە ڕێککەوتنەکەی مۆرکردبوو ، کابینەی نوێ لێی پاشگەز بوەوە، کـە بەریتانیەکان ڕۆڵیان هەبوو لەو پابەند نەبوونەی حکومەتی عیراق.

بارزانی بە تێروانینێکی نەتەوەیی ، هەوڵی یەك ریـزی و ڕێکخسـتنی توانا نیشـتیمانیەکانی ئـەدا لـە روی کۆمەڵایـەتیی و سیاسـییەوە ، ساڵی ١٩٤٤ دەستیکرد بە گـەڕان و سـەردانی ناوچـە جیاوازەکـانی کوردستان و دیداری لەگەڵ سەرۆك هۆز و کەسەدیارەکاندا، هـەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشە و دابرانی نێوانیاندا .داوای لێکردن کـە لەبـەرەی گـەل دابـن پشـتیوانی یـەك بـن و پشـتی شـۆڕش و داخوازیە رەواکانی گەل بگرن، بە بەڵێن و پاداشتی مادی حکومـەت

هەڵنەخەڵتێن بەڵكو ڕۆڵی نیشتمانیی خۆیان ببینن .
هەروەها پەیوەندی بە ڕێكخراوە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەكانەوە كرد، وەك كۆمەڵەی (خۆیبون) لە سوریا، ژ.ك لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، كۆمەڵانی جوتیارانی كوردستان و هیوا لەو میانەدا هەوڵیدا ڕێكخراوێكی سیاسی دروست بكات، لەگەڵ ژمارەیەك لە كەسانی ڕۆشنبیر كۆ بوویەوە، دوای گفتوگۆ و بیرورا گۆڕینەوە لە ١٩٤٥/١/١٥ بارزانی لەگەڵ هەڤاڵەكانیدا لیژنەی ئازادییان پێكهێنا.

## لیژنەی ئازادی:

بەرنامەی كاری لیژنەی ئازادی پێك هاتبوو لە :-

- ڕزگاریی كوردستان و ئازاد كردنی لە زوڵم و زۆرداریی.
- پێكهێنانی هێزی چەكدار بۆ پاراستنی كوردستان.
- تەقەلادان بۆ ئاشتی كۆمەڵایەتیی.
- پێكهێنانی پەیوەندی برایانە لەگەڵ هەموو حزب و ڕێكخراوە نیشتمانیی و ئازادیخوازەكانی گشت ناوچەكانی كوردستان.
- گەیاندنی دەنگی كورد و زۆرلێكراوییەكانی بەڕای گشتی جیهان و دەوڵەتان، بە هۆی باڵیۆزخانەی دەوڵەتان لە بەغدا.
- ریسوا كردنی سیاسەتی دوژمن كارانەی حكومەتی عیراق، بەرامبەر گەلی كورد، لە ڕێگەی كەرەستەكانی ڕاگەیاندنەوە، هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنی ڕێكەوتنی ساڵی ١٩٤٣ كە شەڕی پێ ڕاگیرا.

حزبی هیوا لاوان و قوتابیانی كورد بە تایبەتی لە بەغداد بەیانیان

دەركـرد پشـتیوانی خۆیـان، بـۆ لیژنــەی ئـازادی و داواكاریــەكانی دەربڕی .

هەماهـەنگی هاوكارییـەكی بـاش لـە نێـوان هیـوا و لیژنـەی ئازادیـدا دروستبوو. بارزانی لە پەیوەندیدا بوو لەگـەڵ حكومـەت بـۆ ئـەوەی رێكـەوتنی نیوانیـان جێبـەجێ بكرێـت، بـەڵام حكومـەتی عـیراق بـە هاوكاری بەریتانیەكان خەریكی پیلان گێریی و خۆكۆكردنەوە بوون بۆ پەلاماردانی بارزان .

لە ١٩٤٥/٨/٨ وەلی بەگ لە پۆلیسخانەی مێرگەسۆر شەهید كرا كـە یـەكێك بـوو لـە فەرمانـدەكانی بـارزان. هەرلـەو رۆژەدا حكومـەتی عیراق، دەسەڵاتی بە سوپا دا هێز بنێری بۆ داگـیر كردنـی بـارزان و داوای لـە بـارزانی كـرد خـۆی رادەسـتی حكومـەت بكـات و سـەرۆك هۆزەكانی تر لە بارزانییەكان دوركەونەوە . بـەم شـێوەیە جـارێكی تــر حكومــەتی عــیراق و بەریتانیــەكان شــەڕیان بەســەركوردا سەپاندەوە.

# شۆڕشی بارزان ١٩٤٥

بڵێسەی ئاگری شۆڕش لە ٢٥ ی ئابی ١٩٤٥ کڵپەی سەند، فرۆکە جەنگییەکان کەوتنە بۆردمانکردنی ناوچەی بارزان و هێزی سەربازیی لە چەندین قۆڵەوە بەرەو داگیرکردنی ناوچەکە جوڵەیان کرد. ڕووبەروو بوونەوەی سەخت رویدا، شۆڕشگێڕان لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا .

حکومەت زانی تەنها بە هێزی سەربازیی ناتوانێ سەرکەوتن بەسەر شۆڕشگێڕاندا بەدەست بێنی، کەوتە پیلان گێڕیی و پەنابردنە بەر سیاسەتی دوو بەرەکیی، توانی بەشێك لە هۆزەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ کە چەکی ناپاکیان دژی شۆڕشی کورد هەڵگرت و بوون بە جاش ، وەك بارزانی ناوی نابوون (جاش پۆلیس) .

لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، بارزانی گەیشتە ئەو باوەرەی کە شۆڕش بۆ بەدەستهێنانی مافەرەواکانی کوردە، نەك شەڕی کورد لەگەڵ کورد، بە هۆی پیلان گێریی بەریتانیا و عێراق و خۆ فرۆشیی هەندێ هۆزی کورد، بارزانی ترسا ئەو ناپاکییە لە ناو کوردا پەرەبستێنی بۆ شەری ناوخۆ، کە زیان بە دۆزی کورد دەگەیەنێ. لە دۆخێکی وادا شۆڕش زیانی زیاتر دەبێ تا دەستکەوت . بارزانی ڕاوێژی لەگەڵ لیژنەی ئازادیدا کرد ، دوای ڕەزامەندی شێخ ئەحمەد بڕیاریدا رێگە لەپەرەسەندی ئەو شەڕە لە ناوخۆدا بگرێ و بۆ پاراستنی گیان و سەرو ماڵی شۆڕشگێڕان بەرلە هاتنی وەرزی زستان و سەرما و سۆڵە و رێگە گیران بکشێنەوە بۆ قولایی کوردستان، بەرەو رۆژهەلات.

لــه کۆتــایی مــانگی ئــەیلولی ١٩٤٥، شۆڕشــگێڕانی بــارزانی و خێزانــەکانیان، بــەپێی نەخشــەیەکی تۆکمــە بــۆ خۆپــارێزیی لــە پەلاماری دوژمن و جاشـەکان، دەسـتیانکرد، بـە کشـانەوە. کـە لـە چـەندین لاوە لــە لایــەن جاشــەکان و هێــزی ئاســمانیی بەفرۆکــە پەلاماردران. بەڵام لەو ڕێرەوەدا یەك شۆڕشگێڕ یان خێزان بـە جـێ نەمان، هەمووان بەسەلامەتی لـە ڕێگـەی کێلەشـین و مەرگـەوەڕ لـە ١٩٤٥/١٠/١١ چوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوێ بە سـەر ٤٩ گونـدا دابەشــکران دانیشــتوانی ئــەو گوندانــەی کوردســتان وەك کەســی خۆیان، ماڵ و خواردنی خۆیان لەگەڵ دا بەشکردن.

## بارزانی و کۆماری کوردستان لە مهاباد

چوونی بارزانی و شۆڕشگێڕەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، لـە بـێ هیـوایی نـەبوو، کـە بچـن لـەوێ دەستەوسـتاندا بنیشـن، بـەڵکو لـە تێروانینی ستراتیژییەوە بـوو، کـە چـەندین مەبەسـتی سیاسـیی لـە خۆگرتبوو :

- **بارزانی ویستی سود لە قووڵایی نەتەوەیی و جوگرافیی ببینێ بۆ خۆپاراستن و خۆ ڕێکخسـتنەوە، کـە بـە کردەیـی ئـەوەی ئەنجامدا.**
- **بەشداریکردنی کارا لە بزاڤـی ڕزگـاریخوازی کوردسـتاندا، لـە هەموو بەشەکانی کوردستان .**
- **لای بارزانی جوگرافیا ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر دەبینـێ، لـە دروســتکردنی بڕیــاری سیاســییدا و هــەر لــە جوگرافیــادا بەرژەوەندی باڵای گەل دیاریدەکرێت .**

- **لـه جوگرافیـای کوردسـتاندا بـه هـەر چوارپارچـەکەیەوە، دەتوانرێ سیاسەتی بونیادی هێز و خۆراگریی پەیرەو بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو جوگرافیایە بێتە قەوارەیەکی سیاسیی .**

هەر لەو روانگەیەوە بارزانی و هەڤاڵـەکانی بوونـە هێـزی سـەرەکیی پاراستنی کۆماری کوردستان .

بارزانی لەو بارەیەوە فەرموویەتی :

**(کوردسـتان یـەك پارچـەیە، ئـەو سـنورەی جیـای دەکاتـەوە دەسـتکردە، بۆیـە بـە بـاوەڕەوە دەڵـێم واز لـە بسـتێکی خـاکی کوردستان ناهێنم)**

کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ١٩٤٦/١/٢٢ لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد، بە ئامادە بوونی بارزانی راگەیەنرا . بـارزانی ئـەرکی فەرمانـدەیی سـوپای کوردسـتانی پـێ سـپێردرا. باشـترین و رێکخراوتـرین و بەدیسـپلینترین هێـزی چـەکداریش لـە کۆمـاردا، هێزەکەی بارزانی بوو، کە ئەرکی سەرەکی پاراستنی کۆماریـان لـە ئەستۆدابوو.

بارزانی رای وابوو لە هەر بەشێکی کوردستان بتوانرێت قەوارەیەکی سیاسـیی دروسـت بکرێـت، دەبێـت خزمـەتی ئـەو بەشـە بکرێـت و پارێزگـاری لـێ بکرێـت، لـەو بارەیـەوە فەرموویـەتی:- (حکومـەتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە مهابـاد، وەك ئەسـتێرەیەکی رۆشـندار تروسـکایەوە، هیـوای ژیـانێکی پـڕ لەسـەر بـەرزیی بـۆ زیندووکردنەوە...)

هـەردەربارەی کۆمـاری کوردسـتان فەرموویـەتی:- (مـن پێشمەرگەیەکم لە کۆماری کوردستان) .

بارزانیەکان لە داکۆکیکردن و پاراستنی کۆماردا لەگەڵ هێزەکانی شانشینی ئێراندا چەندین جار کەوتبوونە شەڕەوە و بەسەر هێزی لەشکری ئەو ڕژێمە سەرکەوتبوون.

بارزانی باوەڕێکی نەتەوەیی مرۆڤانەو ئازادیخوازانەی هەبوو، هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان بە بونیادی سیاسی کورد پێناسە کردووە، کە دەبێ هاوکاریی و یارمەتی و پارێزگاری لێ بکرێت.

لەگەڵ بارزانیدا چەندین ئەفسەری کورد کە پێشتر لە سوپای عێراق بوون. ئەوانەی کە لیژنەی ئازادیان پێکهێنا، چووبوونە مهاباد و ئەرکیان لە سوپای کۆماردا دەبینی وەك:- (عیزەت عەبدول عەزیز - سەید عەزیز سەید عەبدوڵا - مستەفا خۆشناو- میرحاج ئەحمەد -محەمەد مەحمود قودسی - عەبدولرەحمان موفتی- بەکر عەبدول کەریم - خەیروڵا عەبدول کەریم- نوری ئەحمەد تەها - محەمەد سالح - نائب زابت شەوکەت ئەفەندی - ئەحمەد ئەفەندی کۆیی).

بە هۆی ڕێکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ رژێمی شای ئێران، و کشانەوەی هێزەکانی لە خاکی ئێران، سوپای ئێران لە ناوچەی تەورێز پێش ڕەوی کرد، کە بووە هۆی ڕوخاندنی کۆماری ئازەربایجان، لە هەمان کاتدا هەڵگەڕانەوەی سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکان و چوونەپاڵ سوپای ئێران، کە جگە لە بارزانییەکان هێزێکی وانەمابوو بەرگریی لە کۆماری کوردستان بکات، سەرۆك هۆزەکان هەڵوێستی جاشانەی خۆیان بۆ ڕژێمی ئێران دەرخست کە دلسۆز و ملکەچی شا و حکومەتی ئێرانن.

## دوا دیداری بارزانی لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد

شەوی ١٦/١٢/١٩٤٦ بارزانی چۆتە لای پێشەوا قازی محەمـەد لێـی پرسیووە کە دەیەوێت چی بکات ، لە وەڵامدا وتوویەتی خـۆی فیـدا دەکات، بۆ ئەوەی خوێنی مهابادییەکان بە دەسـتی سـوپای ئێـران نەڕژێ .

بارزانی داوای لێکردبوو لەگەڵیاندا بڕوات و دەچنە یەکێتی سۆڤیەت و بـەگیانی خۆیـان دەیپـارێزن. بـەڵام پێشـەوا مکـور و پێـداگیریی لەسەر مانەوە دەکا ، و بە بارزانی وتبوو بـاوەڕ بـە قسـە و بـەڵێنی حکومەتی ئێران نـەکات لـە کۆتـایی دیدارەکـەدا ، پێشـەوا دەسـتی کردبوو بە باخەڵیا ئاڵایەکی قەت کراوی داوەتە دەست بارزانی وەك ڕاسپاردەیەك، پێی وتبوو تۆ لە هـەموو کـەس باشـتر پارێزگـاری لێ دەکەیت. (ئەو ئاڵایە بوو کە لە سەر مێزی سەرۆك کۆمار دانرابوو). کۆماری کوردستان پەردەی بەسەر داکێشرا.

ڕۆژی ١٧/١٢ سوپای ئێران چوونە مهاباد، پێشەوا و کاربەدەستانی کۆماریان گرت دوای دادگایکردن لە ٣١/٣/١٩٤٧ لە سێدارەدران .

## بارزانی و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای چوونی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ مهاباد و بەشداریکردنیان لە ئەرکی پاراستنی کۆماری کوردستاندا ، قۆناغێکی نویٚ لە ژیانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی و سەربازییدا دەستی پێکرد .

ئەرکی لیژنەی ئازادی قورستر و فراوانتر بوو .

بارزانی بە تێروانین و دنیابینینی و خوێندنەوەی واقیعەکە و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سیاسیی، گەیشتە ئەو ڕایەی کە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و شۆڕشگێڕیی کوردستان، پێویستی بە ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن دیدگا و بەرنامەی ستراتیژیی هەیە . بۆیە لە هەناوی ئەو واقعیەدا بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلا گەڵاڵە بوو .

دوای خستنەڕووی بیرۆکەکەی بۆ هەڤاڵانی لە ئەفسەرە نیشتمان پەروەرەکانی لیژنەی ئازادی و تاوتۆیکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و هەل و مەرجەکان . بڕیاریاندا حزبێك کە بتوانیٚ لە ئاست هەڵگرتنی ئەرکی قۆناغەکەدابیٚ و ئامانجەکانی ئەو حزبە بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردستان بێت دابمەزرێنن .

ڕاو بۆچوونی بارزانی و هەڤاڵەکانی لە لیژنەی ئازادیدا کە پێکهاتبوون لە:- (پارێزەر هەمزە عەبدوڵا- ئەفسەری عەقید روکن عیزەت عەبدول عەزیز- نەقیب میرحاج ئەحمەد - نەقیب مستەفا خۆشناو- نەقیب خەیروڵا عەبدوڵ کەریم- مولازم محەمەد مەحمود قودسی- مولازم نوری ئەحمەد تەها) یەکیان گرت کە حزبێك بە ناوی پارتی دیموکراتی کورد دامەزرێنن .

له كۆتایی مـانگی شـوباتی ١٩٤٦ دا پرۆگـرام و پـەیرەوی نـاوخۆی پارتیان گەڵاڵە کرد . بەرچاوکردنی هەستیاریی بارودۆخی سیاسـیی کۆماری کوردستان، نە وەك عێراق و تورکیا و بەریتانیا دامەزراندنی پارتی دیمـوکراتی بکەنـە بەڵگـە و پاسـاو دژی کۆمـار. لەبـەر ئـەوە بریاردرا و راگەیاندرا کە پارتی تایبەتە بە کوردستانی عێراق، لـەوێ چالاکی خۆی دەکات .

لــەو روانگەیــەوە بــۆ پەیوەنــدیکردن بــە لایەنــە سیاســییەکان و کەسایەتییە نیشتمان پـەروەرەکان هـەمزە عەبـدوڵا بـە دەسـەڵاتی تەواوەوە نێردرایەوە کوردستانی عێراق،.

لــە بــەهاری ١٩٤٦ دا گەڕاوەتــەوە بــۆ باشــووری کوردســتان، پەیوەندی بە حزبی شۆڕش و ڕزگاری و لقی دیموکرات لـە سـلێمانی و کەسایەتیەکان کردووە، لـە سـەرەتای مـانگی ئـابی ١٩٤٦ حزبـی شۆڕش و رزگاری کۆنگرەیان بەست تیایـا خۆیـان هەڵوەشـاندەوە، زۆربەی ئەندامانیان چوونە ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد.

هەمزە عەبدوڵا ئامۆژگاری کرا بوو کە هەریـەك لـە:- شـێخ لـەتیف شێخ مەحمود ببێتە جێگری یەکەمی سـەرۆکی پـارتی. کـاك حەمـە زیـاد لـە کۆیـە ببێتـە جێگـری دووەمـی سـەرۆکی پـارتی . یەکـەم کۆنگرەی پارتی کە کۆنگرەی دامەزراندن بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردی عیراق بوو لە ١٦/ئاب/١٩٤٦ لە شاری بەغدا بەسـترا،. دوای پەسـەندکردنی پرۆگـرام و پـەیڕەو دەرئەنجامـەکانی کـۆنگرە بـەو شێوەیەی خوارەوە بوو :

- کـۆنگرە بـە کـۆی دەنـگ مستەفا بـارزانی بـە سـەرۆکی پـارتی هەڵبژارد.

- شێخ لەتیف شێخ مەحمود جێگری یەکەمی سەرۆک.
- کاک حەمە زیاد جێگری دووەمی سەرۆک.
- هەمزە عەبدوڵا.
- میرحاج ئەحمەد.
- دکتۆر جەعفەر کەریم.
- عەلی عەبدوڵا.
- سالح یوسفی.
- عەبدول کەریم تۆفیق.
- رەشید عەبدول قادر.
- رەشید باجەڵان.
- مەلا سەید حەکیم خانەقینی.
- عەونی یوسف.
- تەها محێدین.
- عەبدول سەعەد محەمەد یەدەکی یەکەم.

کۆمیتەی ناوەندی یەکەم کۆبوونەی ئەنجام دا و هەر لەوێ دا، سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد کە پێکهاتبوون لە:–

- هەمزە عەبدوڵا – سکرتێری گشتی.
- جەعفەر محەمەد کەریم .
- عەلی عەبدوڵا .
- عەبدول کەریم تۆفیق .
- رەشید عەبدولقادر .

چالاکی سیاسیی لە کوردستانی عیراق کاراتر و فراونتر بوو، پەیوەندی نێوان بارزانی وەك سەرۆکی پارتی ، لەگەڵ پارتیدا ڕێکتر و باشتر و خێراتر بوو. لە ڕوی پرس و ڕا و ڕێنمایی و بیر و ڕاگۆرینەوە و بڕیاردانەوە .

پارتی توانی کۆمەك و پیتاك کۆ بکاتەوە و بۆ کوردستانی ئێران و بۆ بارزانییەکان کە لە بارو دۆخێکی سەختدا دەژیان، ڕەوانە بکا.

## ڕێڕەوە مێژووییەکە و پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس

دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، حکومەتی شای ئێران داوای لە بارزانی کرد، سەردانی تاران بکات.

بارزانی لە ١٩٤٦/١٢/٢١ لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەر لە هەڤاڵەکانی بەرەو تاران کەوتنە ڕێ . شای ئێران و کاربەدەستانی گەورەی تریان بینی، حکومەتی شا پێی ڕاگەیاند کە سێ بژاردە لەبەر دەمیاندایە:

١- بارزانییەکان دەست بە جێ ئێران بە جێ بێلێن.

٢- چەکەکانیان دانێن و ڕازی بن بگوازرێنەوە بۆ هەمەدان.

٣- یان ئامادەی بەرەنگاری لەشکری ئێران بن.

ماوەی مانگێك زیاتر لە تاران مانەوە، بە شای ئێران و بەرپرسانیان ڕاگەیاند کە بریار لای ئەوان نیە، بەڵکو بڕیار بە دەستی شێخ ئەحمەد بارزانییە، دەبێ لەگەڵ ئەودا ڕاوێژ و گفتوگۆ بکەن .

نەچوونە ژێر داواکارییەکانی حکومەتی ئێران، هەوڵیاندا خێزانـەکان لـە شـوێنە جیاوازەکـان کۆبکەنـەوە و بیـان گوێزنـەوە بـەرە و سـنووری عێـراق لـەو ماوەیـەدا بارزانییـەکان لـە ناوچـەی سـەقز، مەرگـەوەڕ، شـنۆ، گونـدی نـەڵۆس، قۆجـار، ڕووبـەڕووی پـەلامار و هێرشی سوپای ئێران و جاشەکانیان بوونەوە.

لە ١٩٤٧/٤/١٠ دا شێخ ئەحمەد بارزانی لەگەڵ خێزانەکان گەیشتنە سنوور، کە لەلایەن بارزانی و پێشمەرگەکان پارێزگاریان لێدەکرا .

بـارزانی زۆر هـەوڵی دا ئـەو ئەفسـەرانەی لەگـەڵ بـارزانی لـە ڕێـزی پێشمەرگەی کوردستان دا بوون نەچنەوە عیراق، بـاوەر بـە بریـاری لێخۆشبوونی حکومەت نەکەن. بەڵام جگە لە عەبدولرەحمان موفتی و میرحاج ئەحمەد، کەسیان نەمانەوە.

لە ئەنجامدا هەریەك لە: مستەفا خۆشناو، عیـزەت عەبـدول عـەزیز، محەمـەد قودسـی و خـەیرولا عەبـدول کـەریم خۆیـان ڕادەسـتی حکومەتی عیراق کردەوە، پاشان لە دادگایی کردنێکی سـەربازییدا بڕیـاری لـە سـێدارەدانیان درا و لـە ١٩٤٧/٦/١٩ لـە سـێدارە دران.

دوای گەیشـتنەوەی شـێخ ئەحمـەد و خێزانـی بارزانییـەکان بـۆ کوردستانی عێراق لە دەشتی دیانا نیشتەجێ کران.

بـارزانی کـە ٥٦٠ پێشـمەرگەی لەگەڵـدا بـوو لـە ١٩٤٧/٤/١٩ لـە سنووری ئێران پەڕییـەوە و هاتـەوە کوردسـتانی عـیراق، و بـەرەو خواکـوڕك لـەوێ هێزەکـەی کـۆ کـردەوە، بـەم شـێوەیە قسـەی بـۆ کردن:—

**(ڕووده‌كه‌ینه‌ باكوری ناوچه‌ی بارزان، بێگومان حكومه‌تی عێراق هه‌رچی توانستی ماڵی و گیانیی هه‌یه‌ ده‌یخاته‌ كار، جگه‌ له‌ سوپا كه‌ڵك له‌ جاشه‌ خۆفرۆشه‌كانیش وه‌رده‌گرێ، بگره‌ یارمه‌تی له‌ توركیا و ئێرانیش داواده‌كات، ئیمه‌ ده‌بێ چه‌ندمان بۆ بكرێت، نه‌هێڵێن بگه‌ینه‌ پێكدادان چونكه‌ قووڵایی ستراتیژی ئه‌وه‌نده‌ فراوان نییه‌، تابریندراه‌كانی خۆمانی لێ دابینێن و پێداویستی خۆمانی لێ په‌یدا بكه‌ین . وه‌كو ده‌زانن چه‌ك و فیشه‌كی پێویستمان نییه‌، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه‌ كه‌ هه‌ریه‌كه‌تان هه‌ڵێ گرتووه‌، جا كه‌ وابوو له‌سه‌رمانه‌ به‌و په‌ڕی خۆڕاگریی و گوێ ڕایه‌ڵیی و به‌ڵێنی خۆمان بپارێزین... براكانم ئێمه‌ به‌ره‌وه‌ چاره‌نووسێكی نادیار ده‌چین . نازانم له‌ برسا ده‌مرین، یان له‌ سه‌رما ره‌ق ده‌بینه‌وه‌، یان گوله‌ی دوژمن ده‌مانپێكن، واته‌ مردن نزیكترین ڕێ تێ چوونه‌ جا هه‌ركه‌س توانای هه‌ڵگرتنی ئه‌م كۆڵه‌ گرانه‌ی هه‌یه‌ و ئه‌م چاره‌ نووسه‌ی پێ هه‌ڵده‌گیرێ با بمێنێته‌وه‌، هه‌ركه‌سێكش ئه‌زانێ ئه‌وه‌ی پێ ناكرێت، ده‌توانێ بگه‌ڕێته‌وه‌ و خوێ بدات به‌ ده‌سته‌وه‌ منیش زۆر سوپاسی ده‌كه‌م)[15] .**

دوای ئه‌و وتاره‌ی بارزانی، یه‌ك پێشمه‌رگه‌ له‌ ریزه‌كه‌ نه‌چۆته‌ ده‌ره‌وه‌ هه‌موویان به‌ یه‌ك ده‌نگ هاواریان كردبوو، كه‌وا له‌گه‌ڵ بارزانیدان و مردنیان له‌گه‌ڵ بارزانیدا پێ باشتره‌، تا ژیانی بێ ئه‌وی

.

بارزانی هێزه‌كه‌ی كرد به‌ پێنج به‌شه‌وه‌، ڕوویانكرده‌ ناوچه‌ی مزووری و چوونه‌ گوندی ئه‌رگوش و ده‌وروبه‌ری. حكومه‌تی عیراق

هـەواڵی هاتنــەوەی بـارزانی و پێشــمەرگەکانی پێگەیشـت، داوایـان لێکرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن .
لـە ١٩٤٧/٥/٢٣ هێرشـێکی ئاسمـانی گـەورە کـە چـواردە فرۆکـەی جەنگیی بەشداریی کرد ، کرایە سەر هێزەکـەی بـارزانی، شـەهید و بریندراری لێکەوتەوە، لە ٥/٢٥/ دا بارزانی و پێشمەرگەکان سنووری نێودەوڵـەتی تورکیایـان بـڕی چـوونە بـاکوری کوردسـتان، هێـزی سـەربازیی تورکیـا لـەو ناوچـەیە بـە یارمـەتی فرۆکـە تەقـەیان لـە هێزەکەی پێشمەرگە کرد، بەڵام ئەوان وەڵامیـان نەدانـەوە، خۆیـان لەشـەڕ بـوارد. هێزەکـەی بـارزانی لـە ١٩٤٧/٥/٢٧ دا، جـارێکی تـر چوونەوە ناو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران .
بارزانی بە پرس و ڕای دانیشتوانی شارەزای ئەو ناوچانە، نەخشەی گرتنە ڕێی یەکێتی سۆڤیەتی گرتەبەر .
لە ١٩٤٧/٦/٨ گەیشتە گوندەکانی ماکۆ، هێزێکـی زۆری سـەربازیی بە تانك و تۆپەوە چوونە ماکۆ.
لە ٩ تا ١٩٤٧/٦/١١ شەڕێکی قورس ڕوویدا، هێزەکانی ئێران زیانی گیانیی و ماڵیی زۆریـان لێکـەوت، بـە جۆرێـك کـە ٢٧١ کەسـیان لێ بەدیل گیرا. دوای شکاندنی سوپای ئێران بـارزانی و پێشـمەرگەکان لە ١٩٤٧/٦/١٦ گەیشتنە سەرسنووری سۆڤیەت، میرحاج ئەحمەد پەیوەنـدی بــە کاربەدەســتانی ئــەوێوە کــرد، کــە بــارزانی و پێشـمەرگەکان داوادەکـەن لـە ئـاوی ئـاراس بپەڕنـەوە و لـە لایـەن یـەکێتی سـۆڤیەتەوە پەنابـدرێن. دوای ڕەزامەنـدیی وەرگـرتن، بـە دووجار لە ١٧ و ١٩٤٧/٦/١٨ پەرینـەوە، کـە بـارزانی دوا کەسـیان

بوو. پەڕینەوەی بارزانی و پێشمەرگەکانی کوردستان لە ڕووباری ئاراس بووە هێمای توانای سیاسیی و سەربازیی و ستراتیژیی بارزانی، کە ئێران و تورکیا و عێراق وەك سێ دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان بە هاوبەش هەوڵیاندا، بارزانی دەستگیر بکەن، بەڵام بارزانی توانی سەرکەوتووانە بەرەنگاری سوپای ئەو سێ دەوڵەتە ببێتەوە. بارزانی بە هۆی ئەزموونی پێشووتریەوە، دەیزانی کە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانەدا، تەنها مانۆرە بۆ کات بەسەر بردن و دۆزینەوەی دەرفەت تا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لاواز بکەن و لە ناوی بەرن. لەو مێژووەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێبازی بارزانی بووە قوتابخانەی کوردایەتی، سەدان سەرکردەی پێگەیاند و هەزاران کادر و پێشمەرگە، بووە ئامرازی خەبات و هۆشیاری کۆمەلایەتی، بووە بەشێك لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردستان.

# ژیان و خەباتی سیاسی بارزانی و هەڤاڵەکانی لە یەکێتی سۆڤیەت

دوای پەڕینــەوەی بـارزانی و هەڤاڵــەکانی لــە ئـاوی ئـاراس، کــە لــە (٥٠٣) پێنج سەد و سێ کـەس پێکهـاتبوون بـوون ، بـارزانی برایـە شــاری نەخچــەوان لــە ئــەرمینیا، لــە هەڤاڵــەکانی جیــا کرایــەوە. ئەوانیش لە مۆڵگەیەکی سەرئاوەڵەدا دانـران، کـە بـە تـەلی دڕکـاوی تەلبەنـد کرابـوو، چـەندین سـەرباز پاسـەوانی دەکـردن بـۆ ئـەوەی نەچنە دەرەوەی مۆڵگەکە.

وەك دیلـــی جـــەنگ ڕەفتاریـــان لەگەڵـــدا دەکـــرا، یەکەیەکـــە لێکۆڵینــەوەیان لەگەڵدا کـرا. ڕۆژانــە یــەکی نیوکیلـو نـان و قـاپێ شۆربایان پێ ئەدان . ژیـانێکی زۆر سـەخت و پڕکـوێرەوەریی بـوو، هەواڵی بارزانیان نەدەزانی .

١٩٤٧/٧/٣ میرحاج ئەحمەد بە یاوەری ئەفسەرێکی ڕوس سەردانی بارزانی کرد، کە لـەو ماوەیـەدا، بـاری تەندروسـتیی بـارزانی خـراپ بوو، لە ١٩٤٧/٧/١٢ بارزانی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی سـۆڤیەت سەردانی شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکانی کرد، دوای ئـەو سـەردانە تەلبەندی دەوری مۆڵگەکە لابرا، خواردنیان باشتر بوو.

دوای چل ڕۆژ بارزانییەکان بۆ ئازەربایجان گوازرانەوە و کران بەسێ بەشەوە، لە سێ شاری جیاواز نیشتەجێ کران، بارزانی و چـوار لـە هەڤالانی بران بۆ شاری شوش، ئەو بلاوە پێکردنە نزیکەی سـاڵێکی خایاند، کە هەموانی نیگەران کردبوو.

له ١٩٤٧/٩/٢٩ بارزانی گوازرایەوە بۆ باکۆ، بارزانی چەندین نامە و یادداشت نامەی بۆ ستالین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت و باقرۆڤ سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان نارد ، لەو نووسراوانەدا هۆی هاتنی خۆی و پێشمەرگەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت روون کرد بۆوە ، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا باقرۆڤ بارزانی بانگهێشت کرد ، لەو دیدارەدا، بارزانی بەمجورە قسەیکردووە:

**(ئێمە گەلێکی زوڵم لێکراوین و ئەوزوڵمەش هیچ سنووری بۆ نییە، هیوامان هاتۆتە سەر گەلانی سۆڤیەت، ئێمە پێداویستیمان بە زانست و هونەری سوپاییە، جا تکات لێدەکەم پشتمان بگرە، یارمەتیمان بدە و کێشەی کوردستان بگرە بەدەستەوە، من ئەم تکایەم بە ناوی گەلی کوردەوە بە ئێوە رادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەیش بیگەیەننە سەرکردایەتی بەرزی سۆڤیەت لە مۆسکۆ)**[١٦].

له ١٩٤٧/١٢/٢ بارزانییەکان گوازرانەوە بۆ باکۆ هەمووان لە یەك شوێندا کۆکرانەوە ، لەسەر فەرمانی حکومەتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ، دەرفەتی خوێندن و فێربوون و مەشق پێکردنیان بۆرەخساوە.

له ١٩٤٧/١٢/٢٢ بارزانی و جەنەڕاڵێکی روسی سەریان لە شوێنی بارزانییەکان دا، لەوێدا بەتالیۆنێکی سەربازیان لێ پێك هێنان کە، ئەسعەد خۆشەوی کرا بە ئامیربەتالیۆن . هەریەك لە : سەعید وەلی بەگ – محەمەدەمین میرخان و مامەند مەسیح کران بە فەرماندەی سریە، پەل. ئەفسەرێکی روسی بە ناوی کازمۆڤ کە پلەی مقدم بوو سەرپەرشتی مەشقکردنەکەی دەکرد .دوای ئەو جێگیر بوونە و

هەنگاوە سەربازییە، هەنگاوێکی سیاسیی گرنگ دەستی پێکرد .
بارزانی هەوڵی رێکخستنی سیاسیی دا ، کە ئەو کوردانەی لە یەکێتی سۆڤیەتن، لە تێکۆشەرانی هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عیراق، لە ژێر سەرکردایەتیەکی سیاسییدا کۆبکاتەوە و درێژە بە خەباتی سیاسیی بدەن .
بۆ ئەو مەبەستە لە ١٩٤٨/١/١٩ کۆنفرانسێکی گشتی لە شاری باکۆ بەسترا . بارزانی لە کۆنفرانسەکەدا هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری سیاسیی وەك نەخشە رێگایەك خستەڕوو .
لەوێدا کۆنفرانس سەرکردایەتی سیاسی کوردی دیاریکرد، کە لەم بەرێزانە پێکهاتبوو .

١- مستەفا بارزانی سەرۆك .
٢- عەلی محەمەد سدیق (لە هەڤالانی بارزانی بوو).
٣- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی .
٤- شێخ سلێمان بارزانی .
٥- سلێمان بەگ دەرگەڵە .
٦- عەبدولرەحمان موفتی ئامێدی .
٧- محەمەد نەجیب بەرواری .

ئەوانە لە کوردانی باشووری کوردستان بوون .

٨- سەید عەزیز سەعید عەبدوڵا .
٩- رەحیمی قازی .
١٠- مستەفا سەڵماسی .
١١- حەسەن حیسامی .

١٢- ڕەحمان گەرمیانی .

١٣- سەید کەریم .

١٤- کاك موراد

ئەوانەش لە ڕۆژهەلاتی کوردستانن.

وتاری بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆدا:

**بارزانی وتارێکی گشتگیری مێژوویی، سیاسیی و شۆڕشگێڕیی لە کۆنفرانسی باکۆدا پێشکەشکرد، کە مانیفێستێکی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی دیموکراسییە، بۆ ئەو سەردەمە جێگەی بایەخە. وەك بەرنامەی کاری سیاسیی میتۆدێکە پشت بە مێژوو ئەزموونەکانی لە دوێنێ و ئەمرۆدا دەبەستێ.**

لە وتاری بارزانیدا بۆمان دەردەکەوێت کە بینای هزریی و فەلسەفی بارزانی لە سەر بیری نەتەوەیی ئازادیخوازانە دامەزراوە، کە بنەمای ڕێبازی بارزانین .

ئەو بنەما سەرەکیانەی لەو وتارەدا ئاماژەیان پێکراوە بریتی بوون لە:-

- بارزانی داوای گۆڕانکاریی کردووە، لە ڕێگەی بیرۆکەی نوێوە لە ئایدیا و میتۆدی ڕێکخستندا، بە پشت بەستن بە یاسای سروشتی، کە ناکۆکی لە نێوان مانەوە و چەق بەستوویی و گۆرانکارییدا هەیە، بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ستەموزۆرداریی و کۆنەپەرستیی داگیرکەر بە پشت بەستن بە هەست و بیری نەتەوەیی .

- لــە مێــژووی بزافــی ڕزگاریخوازیــدا بــارزانی بــوونی دەوڵــەتی سەربەخۆی کوردستانی بۆ کورد سـەلماندووە، لـەو ڕوانگەیـەوە ستایشی هەستی نەتەوەیی و گیانی ئینتیمای نیشـتیمانی گـەلی کــوردی کــردووە کــە هانــدەر و یارمەتیــدەری شــۆڕش و ڕاپەرینەکانن.
- بارزانی جـەختی لەسـەر ڕۆڵ و کاریگـەریی ڕێکخـراوی سیاسـیی خاوەن بەرنامـە و ڕێکخسـتنی تۆکمـە کـردووە، کـە سـەرکەوتن مسۆگەر دەکات.
- بارزانی وەك مێژوو ناسێك دەگەڕێنیتەوە، لەو بارەیـەوە ئامـاژە بـە چـەندین بەڵگـەی مێـژوویی کـۆن و نـوێ دەدات ، ڕۆڵـی لـە شارستانیەتدا بۆ سێ هەزار سـاڵ بـەر لـەزانین ، وێـرای ئـەوەی دوژمنــانی کــورد بــەردەوام ئەومێــژووەیان شـێواندوە و نکـولی لێدەکەن .
- بارزانی ڕۆڵی ڕابەر و سەرکردەکانی کوردی بەرز نرخاندووە هەر لـــە فتوحـــاتی ئیســـلامی، تاڕوخـــانی ئیمپراتوریەتـــەکان و دروسـتبوونی دەوڵـەت و میرنشـینی کـورد لـە کوردسـتاندا، کـە هاوکاتە لەگەڵ ڕابوونی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا.
- بارزانی باوەڕی بە کـاری هەڕەمـەکیی نـەبووە، بەڵکوپشـتی بـە بەرنامە و نەخشە و پلان و ڕاوێژ بەستووە .
- بارزانی ئاماژەی بـە شـۆڕش و ڕاپەرینـەکانی کـورد و ڕۆڵـی ئـەو ڕێکخراوانە کردووە، کە ئەو شۆڕش و ڕاپەرینانە بە ڕێکەوت یـان کاردانەوەیەکی هەڕەمەکیی نـەبوون، بـەڵکو بـە پێـی بەرنامـە و

ئامانجی سیاسیی نەتــەوەیی و نیشـتمانیی وەك پێداویسـتیەکی مێــژوویی بــووە، لەســەر بنەمایــەکی ئازادانــەی دیموکراســیانە. ئاماژەی بە ناوی سەرکردەکان و ڕێکخراوەکان کردووە.

- بارزانی حکومەتەکانی عەرەب– تورك– فارس دەخاتــە بــەردەم لێپرسینەوەی مێژوویی ، کە شارسـتانیانە و سـەردەمیانە نـین، بەڵکو رەگەز پەرەست و دەمـارگیر و تونـدڕەوون، ئـەوان چـەند کێشە و ناکۆکی و شەڕیان لەگەڵ یەکدا هەبێ، بـەڵام دژی کـورد و مافەکانی هەمیشە یەکن کـە سیسـتەمو دەسـەڵاتی سیاسـیان تۆ تالیتاری و داخراو و خێڵەکین ، کورد لـە سـایەی دەسـەڵاتی ئەوانەدا نیو ملیۆن شەهیدی لە پێناوی ئازادیدا داوە .
- بارزانی وەك کۆمەڵناسێك کۆمەڵگەی کوردستانی پۆلینکردووە ، پێگە و ئاست و ڕۆڵ و ماوەی نێوانیانی لە خەباتی نیشـتیمانیدا دیـــاریکردووە ئامـــاژەی بـــە کولتـــور و داب و نـــەریت و خەسـڵەتەکانی کـورد کـردووە، کـە نەتەوەیـەکی ئـازادیخوازە– مرۆڤ دۆستە– ڕێز لە ئافرەت و ماف و ئازادی دەگرێ. حەقخواز و دیموکراسیخوازە.
- بـارزانی بـەراوردی بـارودۆخی کـوردی کـرد، لەبەشـەکانی تـری کوردستان .
- کورد لە کوردستانی تورکیا لە بارودۆخێکی دژواردان وەك لـەناو زینداندا بژین وایە .
- رۆڵی حزبی ئازادی و پارتی دیموکراتی بەرز نرخاند کە رۆڵـی لـە هوشیاریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بیری نەتەوەیی کاریگـەر بـوو،

بە تایبەتی لە ناو رۆشنبیران و کەسە دیارەکانی کوردستانی تورکیا.

- بارزانی دیاردەی خۆفرۆشیی وناپاکیی و نیشتمان فرۆشیی و جاشایەتیی بە دەردێکی کوشندە دانا، کە بە رێژەی جیاواز لە ناو گەلانی تردا هەیە لەو میانەدا ناوی هەندێ کەسی لەو خۆفرۆش و جاشانە هێنا.
- بارزانی داوای دیموکراسیەت و هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەردو و خزمەتگوزاری باش و دابەشکردنی ئەرکەکان بە پێی توانا و شارەزایی و دڵسۆزی رێگەگرتن لە گەندەڵی کرد.
- بارزانی بارودۆخی دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی شیکردەوە و ئاماژەی بە دەرهاوێشتەکان کرد، کە دەوڵەتانی ئیمپریالیزم لەو پەیماننامە و بەڵێنە نێودەوڵەتییانە پاشگەز بوونەوە، کە مافی گەلانی ئازادیخوازی وەك کوردی دەست نیشانکرد لە پەیمانی سیڤەردا، بەڵام کرا بە قوربانی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی بەریتانیا، لە بەرامبەر نەوتی کەرکوك و موسڵ و بەستنی پەیمانی سەعدئاباد و هەڵویستی دوژمنکارانەی دەوڵەتانی تورکیا– عیراق و ئێران بە پاڵپشتی بەریتانیا .
- بارزانی باوەری بە فاکتەری خودی هەبووە، کە کاریگەری لەسەر سەرکەوتنمان هەیە. لەو روانگەیەوە هەمیشە داوای یەك ریزیی و یەکخستنی تواناکانی کردووە.
- بارزانی سیستەمی دیموکراسیی بە ئامانجی گەورە و کلیلی

چارەسەر و کردنەوەی دەرگای ئاستەنگەکان زانیووە . باوەری بەفرەلایــەنیی و مــافی نەتــەوە و ئــایین و ئایینزاکــانی نــاو کوردستان هەبوو، دادپەروەریی بە باشترین رێگەی گۆرانکاریی و پەرەسەندن زانیووە لە ناوچەکەدا، بڕوای وابو ئازادیی بـە بـێ بنەمای دیموکراسـیی بـەدی نایـەت. بۆ قووڵکردنـەوەی بـەهای دیموکراسیی داوایکرد برەو بە کۆمەڵگەی مەدەنیی بدرێت .

- مەبەستی بوو پرۆگرام و پەیڕەوی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دیموکراســییانە بێــت وەك سەرچــاوەیەکی ســەرەکیی لــە هوشیاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتییدا.
- بارزانی داوای سەقامگیریی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و متمانـەی هاوبەشی دەکرد، بە راستگۆیی و بوێرو دەست و زمان و داوێـن پاکی .

بــارزانی لــە کۆنفرانســەکەدا بەرنامــەی کــاری سیاســی داهــاتووی بەمجۆرە پۆلینکرد:-

**١- ئامانجی سیاسیی :**

ئــازاد کردنــی کوردســتان و دامەزرانــدنی کۆمــارێکی ســەربەخۆی دیموکراسـیی، کــە ببێتــە پشــتگیری بــۆ ئــازادکردنی هــەموو کوردستان.

**٢- ئامانجی ئابووری :**

باشـکردنی بـاری ژیـان و بـژێوی گـەلی کوردسـتان بـە تایبـەتی گوندنشینەکان .

بایەخدان بە سەرچاوە سروشتیەکان : نەوت و گاز– دارستان و روبارەکان .
چاك کردنی ڕێگەوبان و بەستنەوەی شار و گوندەکان پێکەوە .
دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیارەکاندا و مافیان پارێزراووبێت.
هاندانی پیشەسازی بە تایبەتی لە بواری کشتوکاڵیی .
بایەخدان بە کەرتی بانکیی و هاندانی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیی .

**٣– ئامانجی کۆمەڵایەتیی .**

- پێشخستنی زانست و خوێندەواری .
- خوێندنی تەوزیمی تا شەشی سەرەتایی، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی .
- زانکۆ و کۆلێژ بکرێنەوە، کورسی خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە ، مسۆگەر بکرێ بۆ قوتابیانی کورد .
- کردنەوەی باغچەی ساوایان و دایەنگا .
- بەرەنگاربوونەوەی گیانی دەرەبەگایەتیی و ئاغایەتیی و گرێ بەندی عەشائیری .
- دژایەتیکردنی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینیی لە کوردستاندا .
- کردنەوەی نەخۆشخانە و چارەسەرکردن بە بێ پارە .
- بایەخدان بە لاوان و برەودان بە تواناکانیان .
- بایەخدان بە وەرزش و باری تەندروستیی .
- هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی رۆڵی زیاتر ببینن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و زانستیدا .
- دروستکردنی گوندی نویێ سەردەمیانە .

- ریشـــەکێش کردنـــی ڕەگـــەزەکانی گەنـــدەڵیی و بـــەرتیل خۆروخۆپەرست و مونافیق .

**٤- ئامانجی گشتی :**

بایەخـدان بـە پـەروەردەی سـەربازیی ، ڕێزگـرتن و پاراسـتنی بەرژەوەندی گشتی .

شێوەی ژیانی حزبایەتیی و دەسەڵاتداریی دیموکراسیانە بێ .

کۆنفرانسـی بـاکۆ هێـز و توانایـەکی نـوێی کـردەوە بـە گیـانی پەنابەرانـدا لـە یـەکێتی سـۆڤیەت، بـە گـوڕوتینێکی تونـدەوە بـێ ماندووبوون دەستیان دا بە جێهێنانی ئەرکەکانیان، چاوەڕوان بوون لــە نــزیکترین کاتــدا بــانگ بکــرێن بــۆ گەڕانــەوە بــۆ نیشــتمان و خــەباتکردن لــە پێنــاو ئــەو بەرنامــە سیاسـیەی بارزانیـدا کـە لـە کۆنفرانسەکەدا رایگەیاند .

ئەو کونفرانسـە مایـەی نیگـەرانیی حکومـەتی ئێـران بـوو، بۆیـە بـە تووندیی سـەرکۆنەی حکومـەتی سـوڤیەتی کـرد، بـەڵام گوێیـان بـە ناڕەزاییەکانی ئێران نەدا. هەڵوێستی سیاسیی باقرۆڤ دژی کـورد و بـارزانی بـوو، دەیویسـت بـارزانی و پێشـمەرگە بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆی، بەڵام بارزانی نەچووە ژێرباری باقرۆڤ کە هەڕەشەی لێکردن. بارزانی بە باقرۆڤی وتبوو: ئێمە نەهاتوینەتـە ئێـرە هەڕەشـەمان لێ بکەی، ئەگەر لە هەڕەشە ترسابا ین تـۆ منـت لێـرە نـەدەدی . بۆیـە هاتووینەتـە ئێـرە، کـە دەنگـی گـەلی زوڵـم لێکـراوی کوردسـتان بـە گـەلانی سـۆڤیەت بگەیـەنین... ئێمـە گـەلێکین سـەر بـۆ هەرەشـە دانانەوێنین و بە هیچ بارێ نابینە پاشکۆی هیچ گەلێك. با دۆسـت و

براشمان بێ وەك گەلی ئازەربایجان.
کەسانێکی ناسراو لە کوردانی کوردستانی ئێران، کە ئەندامی سەرکردایەتی سیاسیی بوون، ڕۆڵێکی شەرماوویان گێڕاو، بە تەنگ ئەرکی نیشتمانیی خۆیانەوە نەبوون، بوون بە داردەستی باقرۆڤ و دەزگا نهێنیەکەی و ئامێری لێك دابڕان و ناتەبایی.
بارزانی ناچاربوو داوا لە کاربەدەستانی سۆڤیەت بکات خۆی و پێشمەرگەکان بگوازرێنەوە بۆ کۆمارێکی تر، تا لە خراپەکاریی باقرۆڤ دورکەوونەوە لەبەرئەوە گوێزرانەوە بۆ کۆماری ئۆزبەکستان، ڕۆژی ١٩٤٧/٨/٢٩ گەیشتنە ئەوێ . لە ١٩٤٧/٩/٢٤ بارزانی چاوی بە نیازۆڤ یۆسفوڤ سەرۆك کۆماری ئۆزبەکستان کەوت. بەڵێنی بە بارزانیدا پشتگیریان بکات .
لە ١٩٤٩/٣/١٣ جەنەراڵێکی سۆڤیەتی چووە تاشکەند پایتەختی ئۆزبەکستان، بە بارزانی وتبوو بە فرۆکە دەچنە مۆسکۆ بۆ دیداری ستالین، بەڵام فرۆکە بارزانی و ئەو دوو هەڤاڵەی لە گەڵیدا بوون، بردە شاروچکەی (چەمپای) لە ڕۆخی زەریایی ئۆراڵدا، کە دورخستنەوەی بارزانی بوو لە پێشمەرگەکان . دوای ئەوە حکومەتی سۆڤیەت هەموو پێشمەرگەکانی بە شێوەی گروپی سێ و چوار کەسی گواستەوە بۆ شارەکانی تر دوور لە یەك و ڕێگەی پەیوەندیکردنیان لێگرتن، وەك بەندکراو ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکردن.
بارزانییەکان لەو شوێنانەی نیشتەجێ کرابوون بە بێ ئەوەی کەس بەوی تر بزانێ، دەستیانکرد بە نارەزایی و مانگرتن و

بەرەنگاربوونــەوەی پــۆلیس و کاربەدەســتانی ســۆڤیەت. کــە هــیچ کەسێك لــە ســوڤیەت نەیــدەوێرا وا بکــات چــونکە تۆمــەتی ناپــاکیی نیشتمانییان ئەدایە پاڵی و لە سێدارە ئەدرا. بارزانییــەکان لــە هــەر شــار و گونــد کــە بــوون دەیــانووت بارزانیمــان دەوێ، ئــەو حاڵەتــە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٥١ .

## بارزانی لە مۆسکۆ

لە مانگی مایس ١٩٥٣دا، ستالین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت کۆچــی دوایی کرد، دۆخ و شێوازی مامەڵەکردن گۆردرا و جۆرێك لە کرانەوە رویدا. بارزانی خۆی گەیاندە موسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت و یەکســەر روویکــردە کۆشــکی کــرەملین و چــووە پرســگە و خــۆی ناساند. وتــی مــن مــەلا مســتەفا بــارزانیم هــاتووم کێشــەی گــەلێکی ستەم لێکراوی چەوســاوە بخەمــە بــەردەمی لیــنین و حزبەکــەی کــە پشتگیری کێشەی گەلانی چەوساوە دەکەن .

دوای ئـــــەوەی لێکۆلینەوەیـــــەکی ورد لەگـــــەڵ بارزانیـــــدا کـــــرا، گواســتیانەوە بــۆ یــەکێك لــە میوانخانــەکانی مۆســکۆ. لەچــەند دانیشتێنکی تردا، بانگ کرا بۆ کۆشکی کرملین چاوی بە ژمارەیــەك لە بەرپرسانی حزب و دەوڵەت کەوت .

بارزانی چاوی بە نیکیتا خرۆشوف سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت کەوت لەو دیدارەدا خرۆشۆف داوای لە بارزانی کردبوو، بەسەرهاتی خــۆی

و هەڤاڵـەکانی بگێڕێتــەوە، لـەو کاتــەی کـە لـە یـەکێتی سـۆڤیەتن، بارزانی بە درێژی هەموو بەسەرهاتەکانی بـۆ گێرابـۆوە، کەچـەندین نامــەی نــاردووە بــۆ مۆسـکۆ، گلــەیی و ڕەخنــەی لــە بەرپرسـانی ئازربایجان و ئوزبەکستان کردووە، لە چۆنیەتی ڕەفتـار و مامەڵـەی نامرۆڤانەیان لەگـەڵ بـارزانی و هەڤاڵـەکانی، بـە تایبـەتی لـە لایـەن باقرۆڤەوە .

خرۆشۆڤ بـە بـارزانی وتبـوو ئیمـە هـەموو ئـەو نامانـەمان بینـی کـە ناردۆتە و لەلایەن بەرپرسانەوە دەستیان بەسەرگیراوە. بارزانی بـە خرۆشوفی وتبوو بە گژ حەوت حکومەتدا چووم تا توانیومـە بگەمـە مۆسکۆ . خرۆشۆف لە بارزانی پرسیوە کە ناوی ئـەو حکومەتانـەی پێ بڵێ ئەویش لە وەڵامدا وتبـووی: ئـەمریکا – بریتانیـا– عـیراق– تورکیا– ئیران– ئازەربایجان – ئۆزبەکستان .

دوای ئەو دیدارە، بڕیاردرا شـوێن و ڕێگـەی تایبـەت بـۆ بـارزانی لـە مۆسکۆ دیاری بکرێ.

پەیوەنـدی بــارزانی و دەســەڵاتدارانی یــەکێتی سـۆڤیەت مـۆرکی فەرمیی وەرگرت، کۆمیتەی ناوەنـدی حزبـی شـیوعی سـوڤیەت کـە سێکیان بە ناوی (ڤۆلۆشین) کـە لـە نووسـینگەی تایبـەتی سـەرۆك خرۆشـۆف و خزمیشــی بــوو، دانــا وەك بەرپرسـی پەیوەنـدیی و هەماهەنگیی لەگەڵ بارزانیدا .

بڕیـاردرا بــارزانی وەك ڕابــەر و ســەرۆکی گــەلێکی چەوســاوەی خەباتکەر لە ئەکادیمیای زانستی سۆفیەت بخوێنی ، کە بۆ سـەرۆك و سەرکردە باڵاکانی سۆفیەت و وڵاتانی دیکەی بلـۆکی سوشـیالیزم

و دەوڵـەتانی بـێ لایـەن بـوو. لەومیانـەدا بـارزانی پەیوەنـدی و دۆسـتایەتیی لەگـەڵ ڕێبـەرانی بلـۆکی سوشـیالیزم و وڵاتـانی بـێ لایەندا دروستکرد وەك:–

جۆزیف بـرۆز تیتـۆ سـەرۆکی یۆگۆسـلاڤیا . چاوچیسـکۆ سـەرۆکی ڕۆمانیا . ئەحمەد سوکارنۆ سەرۆکی ئەندونسیا. جەواهیر لال نەهرۆ سەرۆکی هیندستان. جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر .

لە مانگی ئاداری ١٩٥٤ دا بارزانی و ڤۆلۆشـین چـوونە تاشـکەند بـۆ سـەردانی هەڤاڵـەکانی بـارزانی ، لیسـتێك ئامـادەکرا بـە نـاوی هەڤاڵەکانی کە لە زانستەگەکانی بیلاڕوسیا بخوێنن .

ساڵی ١٩٥٦ بارزانی سەردانی کۆمـاری ئەرمەنسـتانی کـرد، هەرلـەو سـاڵەدا ئـەو لاوە کوردانـەی لـە ئـەوروپا دەیانخوێنـد توانیـان پەیوەندی بە بارزانیەوە بکەن نامەی بۆ بنێرن.

سـاڵی ١٩٥٧ جـەلال تاڵـەبانی چـووە مۆسـکۆ، وەك یەکـەم کـورد بارزانی بینیووە دوای چونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت، کە دەنگوبـاس و زانیاری دەربارەی دۆخی بارزانییـەکان و پـارتی و کوردسـتانی پـێ گەیاندوە .

بـارزانی لـە ڤۆلۆشـین وە هـەواڵی شۆڕشـی ١٤ی تـەموزی سـاڵی ١٩٥٨ی لە عێراق پێگەیشت .

لە ١٩٥٨/١٠/٦ بارزانی گەڕایـەوە عێـراق، لـە بەغـدا وەك قارەمـانی گەل لە فرۆکەخانەی موسەنا پێشوازییەکی جـەماوەریی بـێ وێنـەی لێکرا .

بارزانی بۆ خەباتکردن لە پێناو ئازادیی و سـەربەخۆیی و کەرامـەتی

کــورد و کوردســـتاندا رســکا بـــوو . یـــەکێك بــو لـــە کارێزمـــا هەڵکەوتووەکانی مێژووی مرۆڤایـەتی . بـارزانی لـە خۆیـدا بزافێکـی هزری سیاسیی شۆڕشگێڕیی و مرۆیی و کۆمەڵایەتیی بـوو، سـنور و مـەودای نـەبوو، ژیـان و تەمـەنی بـۆ خزمـەتکردنی مـافی نەتـەوە و نیشتمانەکەی تەرخان کردبوو. بارزانی خۆیی و هەڤاڵەکانی یـازدە ساڵ بە پەنابەری لـە یـەکێتی سـۆڤیەت، لـە سـایەی سیسـتەمێکی تۆتالیتـاری داخـراوی عەسـکەرتاریدا، سـەرباری چەرمەسـەریی و تـەنگو چـەڵەمەی سیاسـیی و دیبلۆماسـیی و بـژیۆیی و دابڕانـدا دەمێنیتەوە، کە جگە لە ئیرادە و بڕوا و متمانە بـە خـۆی و پرسـی نەتەوەکەی پشت و پـەنا سیاسـیی و جـوگرافیی و مرۆیـی ئـەوتۆی نەبوو.

## سەرچاوەکان:


١- مسعود بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد - بەرگی یەکەم - ١٩٥٨-١٩٣١.
٢- مسعود بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد_ بەرگی دووەم ١٩٥٨- ١٩٦١.
٣- خەباتنامە - محەمەدی مەلا قادر - ٢٠١٢.
٤- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی، بارزان مایکرۆمۆدیلێکی کیانێکی سەربەخۆ، چاپی یەکەم ٢٠١٨.
٥- مسعود البارزانی _ البارزانی و الحرکە التحرریە الکردیە. انتفاچە بارزان (الاولی ١٩٣١_١٩٣٢.
٦- مەسعود بارزانی_ بارزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد_ بەرگی یەکەم ١٩٣١_١٩٥٨.
٧- کریس کۆچێرا مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ و ١٩ _ وەرگێرانی محەمەدی رەیانی.
٨- د. خلیل علی مراد_ د. عبدالفتاح البوتانی، چفحات من تأریخ الکورد و الکوردستان الحدیپ فی الوپائق العپمانیە ١٨٤٠_ ١٩٥٠.
٩- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی (مایکرۆمۆ مۆدێل کیانێکی سەربەخۆ چاپی یەکەم ٢٠١٨).
١٠- شیخ رەشید شیخ عەبدولرحمان - بریتانیا - تورکیا - ئیران و کورد چاپی یەکەم (٢٠١٠) هەولێر.
١١-رەفیق حلمی - یاداشت - کوردستانی عێراق و شورشەکانی شیخ محمود - بەشی یەکەم .
١٢-ماموستا عەلائەدین سجادین - شورشەکانی کورد و کوماری عێراق .
١٣-کریسکوچێرا. مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠-١٩ وەرگێر محەمەدی رەیانی .

**تێبینی:**

١- مەسعود بارزانی_ بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨) ل ٢٠.

٢- گەنگەچین گوندێکە لە سەر رێی ورمێ - سیرۆ لەسەر سنوری تورکیایە (مسعود بارزانی و بزوتنەوەی رزڤاری خوازی کورد- بەرگی یەکەم) ١٩٣١-١٩٧٨ لاپەرە ٦٤.

٣- ئەو نازناوە بۆ شێخ محەمەد و شێخ عەبدولسەلامی یەکەم و بۆ شێخ ئەحمەد بەکارهێنراوە ، لە رووی دادپەروەری و مرۆڤدۆستی و دورە پەرێزی لە سامان و سەرمایەی ماددی، بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوە بارزانیەکان بە خاوەنی ژیانی خۆیانیان زانیوە، خودانی بارزان (بەدر ئیسماعیل شێرۆکی) بارزان و مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ چاپی یەکەم ٢٠١٨- لاپەرە ١٣٤.

٤- شێخ رەشید شێخ عبدولرەحمان: بەریتانیا- تورکیا - ئێران - کورد ١٩١٥ _ ١٩٣١ چاپی یەکەم ٢٠١٠ هەولێر لاپەرە ٢٩_٣٠.

٥- شێخ رەشید شێخ عەبدولرەحمان، بەریتانیا ، تورکیا - ئیران کورد لاپەرە (٤٣) .

٦- هەمان سەرچاوە لاپەرە (٥٨).

٧- ماموستا عەلائەدین سجادی شوڕشەکانی کورد_ لاپەڕە ٩٧.

٨- ماموستا عەلائەدین سجادی شوڕشەکانی کورد -لاپەرە ١١٣ و ١١٤ .

٩- مەسعود بارزانی- بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد_

بەرگی یەم ١٩٣١–١٩٥٨ لاپەڕە ٤٠٠.

١٠– محەمە مەلا قادر_ خەبات نامە چاپی سێیەم– ٢١٢ لاپەرە ٢٥.

١١– مسعود بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بەرگی یەکەم . ١٩٣١–١٩٥٨ لاپەر ١٢٠–١٢١

١٢– مەسعود بارزانی_ بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەرگی یەکەم ١٩٣١_١٩٥٨ لاپەرە ٢١٧–٢١٨.

١٣– مەسعود بارزانی_ بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەرگی یەکەم بەرگی یەکەم ١٩٣١–١٩٥٨_ لاپەرە٢٣٢.

# پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان له عیراقدا
# له ١٩٥٨ – ١٩٧٠

# ناوەرۆك

- ڕژێمی پاشایەتیی و دامەزراندنی یەکەم رژێمی کۆماریی لە عێراق.
- کوردو پارتی و شۆڕشی ١٤ی تەموز.
- بارزانییەکان و شۆڕشی ١٤ی تەموز .
- گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ عێراق و کوردستان.
- ئاڵۆزیی نێوان کورد و حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم.
- هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و دەرئەنجامەکانی.
- شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق.
- دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکانی شۆڕش .
- بەردەوامیدان بە شۆڕش و سەرکەوتنەکانی.
- ڕێکخستنەوەی پارتی و سوپاکەی.

# ڕژێمی پاشایەتیی و دامەزراندنی یەکەم ڕژێمی کۆماریی لە عێراقدا

دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـانیی(١٩١٤– ١٩١٨) ئیمپراتـۆری عوسمـانی هەرەسـی هێنـاو دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان موڵکەکانی ئەویان لە نێوان خۆیانـدا دابـەش کـرد و، نەخشـەیەکی نـوێی وایـان بـۆ ناوچـەکە کێشـا، خزمـەتی ئمپریـالیزم بکـات و پەیوەنـدی بـە مـاف و بەرژەوەنـدی گـەلانی کـورد و عـەرەبی ناوچەکەوە نەبێت. جیاوازیی لە نێوان کوردو عەرەبدا ئـەوەبوو کـە چەند دەوڵەتێك لە نیشتیمانی عەرەبدا دامەزران، بێ ئەوەی لە هیچ پارچـەیەکی کوردسـتاندا دەوڵـەت بـۆ کـورد دابمـەزرێ. بگـرە ئیمپریالیزم هـەر پارچـەیەکی خسـتە سـەر یـەکێ لـە دەوڵەتـەکانی ناوچەکە بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی گەلی کوردستان.[1]

عێراق یەکێك بوو لەو قەوارانە ئیمپریالیزمی ئینگلیز دروستی کرد و کە سانێکی لە هەڵبژاردەی خۆی بۆ بەڕێوەبردن و فـەرمان ڕەوایـی دەستنیشان کرد کەوا بەبیرو گیان لەگەڵیا بن، بۆ ئـەو مەبەسـتەش (فەیسـەڵی کـوڕی حوسـێن)ی شـەریفی مەکـەیان هێنـا و لەسـەر تەختی حکومڕانیی عێراقیان دانا. هەروەها (نوری سـەعید) یشـیان وەك یەکـەم سـەرۆك وەزیـران دەستنیشـان کـرد ، کـەوا لەبـەر دەسـەڵاتداریەتییە بەرفراوانیەکـەی گـەلێك جـار سـەردەمەکە بـە سەردەمی نوری سەعید ناودەبرێ.

پرۆژەی دەستوری عێراق لە ساڵی ١٩٢٥ (*) بە کۆتا هات و لە لەندەن ڕێکخرا، پاشان ئەنجومەنێکی دامەزرێنەری عێراقیش بەبێ دەستکاریی مۆری کرد.
هەرچەند لە دەستوردا بە ڕواڵەت هەندێ باری دیموکراسیانەی ڕژێمەکەی تێدا بوو، بەڵام گەلی عێراق بۆی نەبوو ئازادییە دیموکراسییەکان بەکار بهێنێ، گەلی کوردیش وەك نەتەوەی دووەم پاش عەرەب لە عێراقدا ڕەفتاری لەگەڵدا نەکراو لە دەستوردا هیچ دەقێك لەبارەی مافە نەتەوەییەکانی دیاری نەکرا.[٢]
لە زۆر دەرفەت و هەلکەوتا گەلی عێراق ناڕەزایی خۆی لە باری سیاسییەوە دەربڕی، لە ڕاپەڕین و خۆپیشانەکاندا ویستی ئەم حاڵەی خستەڕوو، وەکو ڕاپەڕینی کانونی ١٩٤٨ و هەڵبەزینەوەی تشرینی ١٩٥٢.

---

(*) دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ ، مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە گوتاریکدا لە ٢٣ ی ئابی ١٩٢١ کەوا یەکەم کاری هەڵبژاردنی مەجلیسێك بێت ئەرکی ڕاوێژکاری بێت بۆ دانانی دەستورێکی ئەساسی بۆ وڵات لەسەر بنچینەی دامەزراندنی حکومەتێکی سیاسیی دیموکراتیی...لەبەر ڕوناکی ئەو داواکارییە ، نووسینەوەی دەستور بە هاوکاری بەریتانیەکان بە چەند قۆناغێکی ئامادەکاریدا تێپەڕی....دواتر لیژنەیەکی یاسایی هاوبەشی نێوان شارەزایانی بەریتانی و عێراقی دامەزرا.ئەم لیژنەیە پشتیان بە دەستوری ئوسترالی و نیوزلەندی و تورکی و ئێرانی و هەندێك وڵاتانی تر بەست.ئەم هەوڵانە بەچەند قۆناغێکی مێژوویدا گوزەری کرد تاکو لە ٢١ ی ئازاری ١٩٢٥یاساکە بە ئامادەکراوی پاش هەشت مانگ لە مێژووی کۆتایی کاری ئەمادەکردنی مەجلیسی دامەزراندنی دەستور، وە لەو مێژوەوە ڕاگەیەنرا عێراق بە گوێرەی ئەو دەستورە هەمیشەییە و ئەو یاسایانەی لە دەستوردا دیاریکراون دەوڵەتێکی دیموکراتییە.

بەریتانیا فەرمانڕەوای تەواوی عێراق بوو، چ لە سەردەمی ئینتیداب و چ لە پاشتردا، لە سەردەمی پاشایەتییدا تا شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ پەنجاونۆ وەزارەت هاتە کایەوە و شازدە ئەنجومەنی پەرلەمانی ڕێکخرا و شازدە جار دادگای عورفی دانرا. ڕژێمی پاشایەتیی بەبیانوی بەربەرەکانی کۆمۆنیزمەوە دژایەتی گشت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەکرد. کار گەیشتە رادەیەك لە ١٩٥٤/٨/٢٢ دا یاسایەك دەرچوو، دەڵێ: هەر کەسێك لەلایەن کاربەدەستانی میرییەوە بە کۆمۆنیست تاوانبار کرا دەتوانرێ ڕەگەزنامەی عێراقی لێ بستێنرێتەوە.[٢]

**ڕژێمی پاشایەتی بەجارێ کوردستانی پشتگوێ خستبوو، ڕێی پێشکەوتنی کوردی گرتبوو، سیستەمێکی سەرکوتکەری شۆڤێنیانەی بەکار دەهێنا، جگە لە بەگژاچوونی ڕاپەڕینەکان هەندێ ڕێگەی مەترسیداریشی لەگەڵ ڕژێمەکانی تری دژی کورد دەگرتە بەر، وەکو بەشداری لە پەیمانی (سەعد ئاباد)[*] ساڵی**

(*) پەیمانی سەعد ئاباد: لە ئاکامی پارچە پارچە کردنی نەتەوە بێ وڵاتەکانی ناو عێراق و تورکیا لوبنان و ئەفگانستان بەسترا، لە ئاکامدا چەندین کێشەو شۆڕشی گەورەی لێ کەوتەوە، ئەم دابەش کردنە جوگرافیایانە کە بەهۆی ڕێکەوتنە سیاسییەکانەوە ئەنجام دراون و بەشێوەیەکی گشتی وڵاتە زلهێزەکان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینیوە، چەندین شەڕی تایفی و ئەتنی ناوچەکەیان کردۆتە ناوەندی قەیران و مەترسی ڕوداوی گەورەی ترسناکی لێ دەکرا، هەر ئەو ڕوداوە یەك لە دوای یەکانە بوو بوونە هۆکارێك لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧ د.تۆفیق ڕوشدی ئاراس وەزیری دەرەوەی تورکیا و د.ناجی ئەسیل وەزیری دەرەوەی عێراق و سەردار فەیز محەمەد خان وەزیری دەرەوەی ئەفگانستان ، لە تاران چاویان بە یەکتری کەوت و،=

**١٩٣٧ و پەیمانە شومەکەی بەغداد(*) لە ساڵی ١٩٤٦ لە نێوان عێراق و تورکیادا. وەنەبێ ڕژێم لە بەگژا چوونەوەی گەلی کوردا تەنها لە هۆیەکانی سوپایی کەڵکی وەرگرتبێت، بگرە هەندێ ڕێگەی پڕ مەترسی تریشی بەکار دەهێنا، وەکو بێبەش کردنی کورد لە خوێندن و زیادکردنی ڕێژەی نەخوێندەواریی و وەلاوە خستنی زمانە ناوخۆییەکان و کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابییە کوردەکان لە کۆلیجەکانداو، بڵاوبوونەی نەخۆشی لە نێوانیانداو، پشتگوێ خستنی هۆیەکانی لەش ساغیی و، پرۆژەی کشتوکاڵ و ئاودێریی و ئابوریی بەگشتی. ڕاستە چەند کەسێکی کورد گەیشتنە پایە بەرزەکانی حکومەت، بەڵام ئەوان سەر بە بەریتانیا و**

---

=دوای وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٩٣٧/٧/٢٧ پەیمانی دەست تێوەردان لە کاروباری یەکتری کە دواتر بە پەیمانی سەعد ئاباد ناسرا لە نێوانیان مۆرکرا.....(د.ساڵح مەلا عومەر عیسا ..وەرگێڕانی سلێمان تاشان..قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق..ل ١٥٧).

(*) پەیماننامەی بەغداد: لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٥٥ سەرۆکی حکومەتی تورکیا ((عەدنان موندریس)) سەردانی بەغدای کرد، لەوێ گفتوگۆی لەگەڵ ((نوری سەعیدی)) سەرۆك وەزیرانی عێراقدا کرد، لە دوانگزەی هەمان مانگدا هەر لە بەغدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد، تیایدا هاتبوو کە هەردووولا بڕیاریاندا پەیماننامەیەك سەبارەت بە ئاسایشی هاوبەش مۆر بکەن......لە ٢٤ ی شوباتی ساڵی ١٩٥٥ پەیماننامەیەك تایبەت بە هاوکاریی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان عێراق و تورکیا مۆرکرا، کە بەناوی (پەیمانی بەغداد) ناوزەد کرا، بە پێی مادە یەکی ئەو پەیمانە چاو خشێنرایەوە بە ئەگەری مۆرکردنی چەند ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆڵێك تایبەت بە هاری کاریکردن لە بواری بەرەنگار بوونەوەی بزوتنەوەی دیموکراسیی، لەوانەش خەباتی گەلی کورد لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان.

**ڕژێمەکەی بوون نەك وەك نوێنەرانی کورد.** لە بەر ئـەوەی ڕژێمـی پاشایەتی پشتگیریی گەلی لەگەڵدا نەبوو، هەر لە بنەڕەتەوە پشتی بـــە پاراســـتنی ئیمپریـــالیزم بەســـتبوو و لەســـەر سیاســـەتی بەدووکـەوتنیان (پاشـکۆیەتیی) دەڕۆیشـت، ئـابوری عێـراقیش بـە ئابوری ئەوانەوە گرێدرا بوو.[٣] ...

جوتیارو کرێکارو ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی پشتگویێ خستبوو، لەبەر ئەوانــە بــاری سیاســیی و ئــابوریی و کۆمەڵایــەتیی دواکــەوتوبوو. حاڵـەتێکی تـەواو لـەبار بـۆ تەقینـەوە هـاتبووە پـێش. سـەرەڕای هۆکارە ناوخۆییەکان هۆکاری دەرەکیش پاڵی بەخێرایی شۆڕشەوە نا، لەوانە پەرەسەندن و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاری عـەرەب و کێشەی فەلەستین و شۆڕشی حوزەیرانی میسرو دەست درێژیەکەی ١٩٥٦ بـۆ ســەر میســر،پەیمانی بەغــداد و پێکهێنــانی یــەکێتیی هاشمیی نێوان عێراق و ئوردون شەڕی ساردی دەوڵەتـە گـەورەکان و بزوتنــەوەی ڕزگــاری لــە دونیــای ســێهەم ولێــك نزیکبوونــەوەی دەوڵەتە سۆشیالیستەکان و هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبیەکان[٤].

لە ڕووی سیاسییەوە کۆمەڵێك حزب لە عێراقدا کاروبـاری سیاسـیی خۆیان ئەنجام دەدا، ئەوەی سەرنج بێت ئـەوانیش بـە دوو ئاراسـتە لــە نــاو جــەماوەردا ناســرابوون، هەنــدێکیان پاشــکۆی سیاســەتی حکومەت و سیاسەتی بەریتانی بـوون، لەوانـەش (حزبـی ئیتیحـادی دەسـتوری) و (حـزب ی ئومـەی ئیشـتیراکی) و حزبـی ئـەحرار. لـە بەرانبەریشـدا حزبـە نیشـتیمانیی و نەتـەوەیی و دیموکراتییـەکان، خــەباتی گــەلی عێراقیــان دژی ئیمپریــالیزم و ڕژێمــی پاشــایەتی

ڕابەریی دەکرد ، بریتی بوون لە (حزبی نیشتیمانی دیموکراتی، حزبی سەربەخۆیی، حزبی شیوعی عێراقی، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، پارتی دیموکراتی کوردستان). کاتی ڕابوونی شۆڕش ئەم حزبانە لە ئارادا بوون و بنکەی پان و بەرینی جەماوەریشیان هەبوو، لەگەڵ یەکتریش تەباو گونجاو بوون، لە نێوانیاندا حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەگژا چوونەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە پێش بوون، زۆر لە کادرو لایەنگرانیان توشی ڕاونان و گرتن بوو بوون، بۆیە پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەك هەبوو بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانیی تا بتوانن ڕابەرایەتیی جەماوەر بکەن، ئەو هەوڵە لە شوباتی ١٩٥٧ دا سەریگرت و بەرەیەکی نیشتیمانی لەم حزبانە پێکهات :(حزبی شیوعی عێراقی ، حزبی سەربەخۆیی ، حزبی دیموکراتی نیشتیمانی، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی).پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتادا نەچووە نێو ئەم بەرەیەوە، لەبەر بەرهەڵستکردنی حزبی بەعس و هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراقیش لەو ڕووەوە دڵخۆشکەر نەبوو، ئەو دەمەش بەماوەیەك بەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕش داوا لە پارتی کرا بچێتە ناو بەرەوە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی وای بەباش زانی جارێ بڕیاری چوونە ناو بەرە نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی پەیوەندی ڕێکی لەگەڵ بەرەدا هەبوو. ئەم بەرەیە بوونە یاریدەدەری دروست بوونی لیژنەی بەرزی

ئەفسەرە ئازادی خوازەکان[*].

ئەو دەستەیە(ئەفسەرانی ئازادی خواز) هەوڵیان دەدا کە چەند لە توانایاندا بێت چەك و تەقەمەنی کۆبکەنەوە بۆ کاتی پێویست. ئەمانە لە هەل و دەرفەتێك دەگەران کە شا و جێنشینی شا و سەرۆکی حکومەت هەرسێکیان پێکەوە لەیەك شوێن و کاتدا بگیرێن و لە هەمان کاتدا لە نێو ببرێن، دەرفەتی واش لە (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) دا هەڵکەوت. کاتێك ئەو سێ کەسە کۆبوونەوەیەکیان سازکرد بەمەبەستی خۆ ئامادەکردنیان بۆ سەفەر بەرەو ئەستەنبوڵ بۆ بەشداری کردنیان لە کۆنگرەیەکدا[٥].

پاش دارشتنی نەخشەی هێرشە سەربازییە جۆراوجۆرەکان بۆ کۆشك و ناوەند و جومگە گرنگەکانی دەسەڵات، لە کاتژمێر سێی بەرەبەیانی ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بە گوێرەی نەخشەی کارلەسەر کراو هێرشیان دەست پێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا توانیان تا کاتژمێر هەشتی بەیانی سەرجەم شوێن و جێ

(*) ئەفسەرانی ئازادیخواز:لەبەهاری ساڵی ١٩٥٤دا دەستەیەك ئەفسەری عێراقی ڕێکخراوێکی نهێنیان بە نێوی (ئەفسەرانی ئازاد)ەوە سازکردبوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی هاشمی کاریان دەکرد.لە سەرەتادا ژمارەیان ١٥ ئەفسەر بوون، زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم بەرپرسی یەکەمیان بوو،چەند ئەفسەرێکی کوردیشیان تێدا بوو، لەوانە (عەقید عەبدوڵا سەعیدو عەقید فەتاح شاڵی و ڕائد ڕوکن مستەفا عەزیز)...بۆ زانیاری تەواو دەربارەی چۆنیەتی دروست بوونی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازاد ، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە: ١-(حەسەن بارام . ..مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق لە ((١٩٠٨-٢٠٠٥)) .چاپی یەکەم.٢٠١٢..ل ١٨٩-١٩٣ .)

- (شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق . ل ٧١).

مەبەستەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و، مەلیك فەیسەڵی دووەم و نوری سەعید سەرۆکی وەزیران و وەلی عەهد عەبدولئیلا کوژران و توانیان زۆربەی وەزیرو دەسەڵاتدارانی سوپا بگرن و دوای ماوەیەك دادگای شۆڕشیان بۆ پێك هێنان و پاش چەندین دانیشتنی دادگایکردن ژمارەیەکی بەرچاویان تیرباران و لە سێدارە دران .[٦]

تیشکی ئازادیی عێراقی گرتەوە ...ئەم ڕۆژە لە عێراقدا ڕۆژێکی نەمرە عێراقییەکان بە شادییەوە مژدەی ڕابوونی شۆڕشیان وەرگرت. چونکە هەموو ئاوات و پاشەڕۆژی پڕ لە بەختەوەری خۆیانیان تیادا بەدی دەکرد. بە دەرچوونی بەیاننامەی یەکەمی ڕابەرانی شۆڕش و ڕۆڵەکانی گەل ئەم بانگەوازەیان بیست دابارینە سەر شەقام و پشتگیری تەواویان بۆ شۆڕش دەربڕی و دڵخۆشی خۆیان بۆ ئەم سەرکەوتنە مەزنە پیشان دا ، و سەردەمی پاشایەتی لە ناوبراو گەلی عێراق کەوتە قۆناغی ژیانێکی نوێوە .

یەکەم ڕۆژی شۆڕش ژمارەیەك بەیاننامە و بڕیار دران کە تایبەت بوون بەم قۆناغە نوێیە لەوانە:

- گۆڕینی سیستەمی حکومڕانیی لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماریی.
- دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت و دابەشکردنی پلەو پایەکانی تر چ لەلایەنی کارگێڕیی بێت یان سیاسیی.
- یەکەمین کابینەی سەردەمی کۆماریی لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و پازدە وەزارەت پێکهاتبوو.
- عەبدولکەریم قاسم بە سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگریی و

فەرماندەی گشت هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دانرا. سەرکردایەتی شۆڕش بە ماوەیەکی کەم توانیان دەست بەسەر سەرجەم شارو شارۆچکە و ناوچە سەربازییەکاندا بگرن لە ماوەیەکی پێوانەییدا ڕەگ و ڕیشەی ڕژێمێکی تەمەن ٣٧ ساڵەیان لەناو برد. کەواتە شۆڕشی ١٤ ی تەموز بەڕێکەوت سەری هەڵنەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا جموجوڵێکی تایبەت نەبوو تاوەکو بڵێین لە خۆیەوە سەری هەڵداوە، یان وا دانێین کودەتایەکی سەربازی بێ بەرنامە و پلانی تایبەتی بە خۆی بێت، بەڵکو ئەم شۆڕشە لە ئاکامی خەباتێکی دورو درێژی گەلانی عێراق بوو بە عەرەب و کوردو گەلانی ترەوە لە ساڵانی پێش ئەم شۆڕشە مەزنەوە...ئەو شۆڕشە کاردانەوەیەکیش بوو بۆ فاکتەری دواکەوتنی باری ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و تەندروستیی گەلی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی .

عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەفسەرەی ئەم شۆڕشەیان لە ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ وە بەرپا کرد، تاکو کودەتاکەی ٨ ی شوباتی سالی ١٩٦٣ ی بەعسیەکان لە حوکمی عێراقدا بەردەوام بوون، بەو شێوەیە کودەتا چییەکان لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا لە بەیانی (٨-٢/١٩٦٣) بە شێوەیەکی دڕندانە لەگەڵ دڵسۆزەکانیا لەناویان بردن...ئەم کودەتایە بە گڵاوترین کودەتای خوێناوی لە مێژووی عێراقدا هەژمار دەکرێ ، لە ماوەیەکی کەمدا سەدان کەسیان بە جۆرەها شێواز تیرۆر کرد.

## کوردو پارتی و شۆڕشی ١٤ ی تەموز

پارتی دیموکراتی کوردستان لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە هـاوڕای حزبە نیشتیمانیی و سیاسییەکانیی عێراق تێکەڵاوی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمی پاشایەتی بوو ، بە لێهاتوییەوە خەباتی گـەلی کوردی دەبرد بەڕێوە، لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی گەلی عێراقدا دژی دەسەڵاتی پاشایەتی بەشداری هەبوو، لەو ناوەندانەدا خـوێنی کـوردو عـەرەب ئاوێتـە و تێکـەڵی یـەك دەکـران. لـە سـەرەتاوە ئامانجـەکانی پـارتی ڕوون بـوون، لـە پێنـاوی ڕوخانـدنی ڕژێمـی پاشـایەتی تێدەکۆشـا بـە ئامـانجی ڕزگـاری گـەلی عێـراق لـە ئیمپریـالیزم و هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانـە ناڕەواکـانی ، لەوانـە پەیمانی بەغداد کە سـەرەنێزەیە و ئاراسـتەی سـەر دڵـی نەتـەوەی کـورد کـراوە ، و دانـانی ڕژێمێکـی دیموکراسـیی لـە کـارە سەرەکییەکانی بوو، هەروەها هەردەم پارتی گرنگی بە پتەوبوونی بزوتنەوەی ڕزگاری نێوان کوردو عـەرەب دوپـات دەکـردەوە، و بۆ ئەو مەبەستەش چالاکانە تێدەکۆشا.[٧] لە پێناوی جێبەجێ کردن و گەیشتن بـەو ئامانجانـە پـارتی ئەنـدام و لایـەنگرانی خـۆی کـرد بـە فیدایی بۆ کۆماری عێراق و بەربەرەکانی ئیمپریالیزم و پیلانەکانی.

**پارتی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاری کورد، توانی وریابوونەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و دیموکراسیی لە کوردستاندا بڵاو بکاتەوە، بە گەرمیی تێکۆشانی بۆ ئـەوەبوو لـە سایەی خەبات و هاوکاریی لەگەڵ جەماوەری کوردستاندا پێناسەی**

**نەتەوەیی کوردی پارێزراو بێت.** پارتی بڕوای بە تێکۆشانی بەرەیی هەبوو، بۆیە بەگەرمیی بۆ بەشداری لەبەرەی یەکێتی نیشتیمانیدا تێدەکۆشا، هەرچەند لە سەرەتاوە نەچووە ڕیزەکانیەوە،(وەك پێشوتر ئاماژەمان پێداوە) بەڵام لە ڕێی هەوڵی حزبی شیوعیەوە خۆی لەگەڵ بەرەدا ڕیز کرد و هەر لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشەوە دەورێکی باڵای لە کۆکردنەوەی جەماوەری کوردستاندا گێرا بۆ پشتگیریی و یارمەتی شۆڕشی ١٤ ی تەموز.

گەلی کورد و سەرکردایەتی پارتی هەرگیز ئەوەی لەیاد نەکردبوو کەوا ئیمپریالیزم خۆی بەرپرسی دابەشکردنی خاکی کوردەو، ڕاستکردنەوەی ڕژێمی پاشایەتیش لە عێراقدا بە پشتگیریی و هاوکاریی ئەوان هاوردەی عێراق کراوە.(*) ئەم دابەشکردن و سەپاندنی ڕژێمی پاشایەتیەش بووە هۆی گیران و دەربەدەریی و کوژرانی هەزارەها ڕۆڵەی کوردی بێتاوان، ناخۆشترین نمونەش ئەو مەرگەساتە یەك لە دوای یەکانەیە بەسەر دەڤەری بارزان و

(*) مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢١ ((چەرچڵ)) بڕیاریدا (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) کە دووەم کوڕی (حوسێن کوڕی عەلی) شەریفی مەککە بوو، ئەو لە نەوەی هاشمی یەو دەچێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی محەمەدی پێغەمبەرە (د.خ) و هاوکارێکی گەورەی بەریتانیاکان بوو. هەر ئەویش بوولە دژی تورکەکان سەرکردایەتی شۆڕشی عەرەبی کرد، ئا لەو ڕۆژادا بڕیاریدا تاجی شاهانەی بکاتە سەرو بە مەلیکی عێراقی دابنێت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢١ داو بە پاپۆڕێکی نامەبەری (پۆست) ی بەریتانی فەیسەڵ گەیشتە بەسرە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوەیە (٩) ...((بێرسی کۆکس و ئەرنۆلدت ویلسۆن...ئەو دوو پیاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست...وەرگێڕانی : محەمەد ساڵح سەعید ...٢٠١٤. چاپی یەکەم..ل٦٧)).

بارزانییــــه بـــێ تاوانەکانـــدا هـــاتووه. ســـەرباری ئـــەو هـــەموو ستەمکارییەی ڕژێمی پاشـایەتی و ئیمپریـالیزم بـه هـۆی ڕاپـەڕین و بزوتنەوەکانی گەلی کورد دەیانکرد(٨)

تاقمێکی کـەم بـەکرێگیراوی خـۆفرۆش و نامـەردی کـوردی دەگرتـه خـۆو تێکـڕای گـەلی کوردیشـی بـە هـەموو شـێوازێك پشـتگوێ دەخست. بەبەردەوامی تەقەلای نەهێشتنی زمـانی کـوردی دەدا بـه هۆی بەکارنەهێنانی لە فەرمانگەکانی دەوڵەتداو کـارپێکردنی زمـان و دیالێکتی ناوچەییەکان لە هەندێ جوگرافیای سنورداردا. گـۆڕینی ناوی کوردستان بە باکور و کورد بە باکوریی لە هەموو ڕێکەوتێکدا. هەروەها ناردنی ژمارەیەکی کەم لـە قوتابیـانی کـورد بـۆ دەرەوەی وڵـات و کەمکردنـەوەی ئـەو ڕێژەیـەش لـە کۆلیـژو زانسـتگاکانی ناوخۆدا بەبەردەوامیی، ئەمانە هۆکارێك بـوون بـۆ کـەم بوونـەوەی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی ئەرکـەکانی حکومـەتیان دەدرایـە. لەگـەڵ هـــەموو ئەوانەشـــدا هەمیشـــە سیاســـەتی ڕەگەزپەرســـتیان بـــۆ دامەزراندن لە فەرمانگەکانی میریدا پەیڕەو دەکرد. وە لە ڕیزەکانی سوپاشدا بەهەمان شێوە ، ژمارەیەکی دەگمەن لە کۆلیژی ئەرکاندا وەردەگیران.....لە ڕووی ڕۆشنبیریی و سیاسیشەوە ماوە بە کـورد نە دەدرا هـیچ مـافێکی هـەبێت، تەنانـەت دەرکردنـی ڕۆژنامەیـەکی سیاسیش لە ئارادا نەبوو، سەر بە هەر بیرو بۆچـونێك بێـت . کـورد لەسـەردەمی پاشـایەتییدا لـە هـەموو لایەکـەوە دەچەوسـێنرایەوە، بۆیـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـۆ دوو ئامـانج تێدەکۆشـا، یەکـەمیان : ڕزگـار کردنـی عێـراق لەدەسـتی ئیمپریـالیزم و ڕژێمـی

پاشایەتیی، و دووەمیش : بەدەست هێنان و مسۆگەر کردنـی مافـە نەتەوەییەکانی کورد.[٩]

پارتی و ئازادیخوازەکانی هەمیشە بروایان بەوە بووە سـەرکەوتنێك کە کورد لە خەباتی ڕزگاریدا بـە دەسـتی بهێنێـت، بـە سـەرکەوتنی عـەرەب و گـەلی عێـراق هـەژمار دەکـرێ، هـەر بـەو بڕوایەشـەوە بەشداری سەرجەم جومگە و هەڵمەتەکانی شۆڕشی ١٤ ی تەموزیان کرد.[١٠]

هەڵوێست و پشتگیری گەلی کورد و پـارتی دوای دوو ڕۆژ لـە بـەرپا کردنی بڵێسەی شۆڕش بەدەرکەوت، پارتی ڕاشکاوانە پشتی گرت و کۆمیتەی ناوەندی بروسکەی پشتگیریی بـۆ سـەرکردایەتی شـۆڕش ناردو هانی کۆبوونەوەی جەماوەری شارەکانی (سلێمانی، کەرکوك، هـەولێر، کۆیـە ، زاخـۆ)داو ، هـەزاران ڕۆڵـەی کـورد لـە شـارو شارۆچـکەکانی تـری کوردسـتاندا بـە سەرپەرشـتی ڕێکخراوەکـانی پـارتی ڕژانـە سـەر شـەقامەکان. لەلایـەکی تریشـەوە ئەفسـەرو سـەربازانی کـوردو جـەماوەری کوردسـتان بوونـە شۆڕشـگێڕی ڕاستەقینە و دڵسۆزیی خۆیان بۆ کۆماری تازەی عێراق دەربڕی. لە یەکەم ساتەوە ئەم تەوژمە جەماوەریە کارێکی گەورەی کردە سـەر هێمنایەتی باری ناوخۆی کوردستان، لەبەر ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لە ئەفسەرو سەربازو پۆلیسـی کـورد و ئەنـدام و لایـەنگرانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕۆڵێکـی زۆر کاریگـەرییان لەسـەر ڕاگـرتنی هێمنایـەتی لـە کوردسـتاندا هـەبوو، بـە شـێوازێکی نیشـتیمان پەروەرانە ڕێیان نەدا ئـەو دەسـتە سوپاییانەی لـە کوردسـتاندا لـە

سەر دەستی ڕژێمی پاشایەتی جێگیر کرابوون هیچ جۆرە یاخی بوونێکیان لێ ڕوو بدا.[(١١)]
لە ١٦ی تەموزی ١٩٥٨ پارتی بەیانێکی بۆ گەلی کورد بڵاو کردەوە و لیژنەی ناوەندیی بە کۆی دەنگ پەسەندی کرد، کە تێیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پارتی پێی وایە هەلومەرجی نوێی عێراق زەمینە بۆ ژیانێکی پڕ لە ئازادیی و یەکسانیی لە نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب دەڕەخسێنێت، لەبەر ئەوە بە هەموو توانایەوە بەرگری لە کۆماری عێراق و چەسپاندن و گەشەسەندنی دەکات وهەموو توانایەکی دەخاتە ژێردەسەڵاتی سەرکردایەتییەکەیەوەو ئامادەیە هەموو ئەندام و لایەنگرانی خۆی وەك گیانبەخش سازبکات .[(١٢)]
ئەگەر چی ئەو ئەفسەرە لاوانەی هاتبوونە سەر تەخت و ڕوانینێکی ئاشکرایان بۆ داهاتوی عێراق نەبوو، هەروەها هیچ ئیلتیزاماتێکی دیاریان لە بەرانبەر کورد نیشان نەدابوو، بەڵام هەڵوێستیشیان هەڵوێستێکی دۆستانە بوو، ئەگەر واش نەبوبێت ئەوا بەشێوەیەکی لەبەر چاو هاوسۆزی کورد بوون،[(١٣)] لە هەمان کاتدا کوردەکانیش هەرچەندە بەرنامەی کاری کودەتا چیەکان و هەڵوێستی ئەوانیان بەرانبەر بە کێشەکانیان نەدەزانی، بەڵام ئەو سیاسەتەی کە ڕژێمی پاشایەتی لە ماوەی ٣٧ ساڵی دەسەڵاتیدا لە عێراق بەرانبەر بە کورد پیادەی دەکرد، لە دامرکاندنەوەی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد و بێبەش کردنی لە مافە سەرەتاییەکانی ، هەموو ئەمانە و گەلێك هۆکاری تر وای لە کورد دەکرد هەمیشە بۆ

دەرفەتێك دەگەڕا كە ئامانجە نەتەوەییەكانی بە دەست بهێنێت. بە هەموو شیكارییەك شۆڕشی ١٤ ی تەموز مژدەی خولێكی ئومێدبەخشیان بە كوردان پێ بوو، بۆیە كوردی عێراق بە گشتی پشتیوانیی خۆیان بۆ كودەتاكە دەربڕی[١٤]

قاسم كاتێك جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت گفتیدا كۆمارێكی دیموكراتیی لە وڵات دامەزرێنێ و كابینەیەكی پێك هێنا كە ئەندامەكانی ئەفسەران وئەندامانی بەرەی نیشتیمانیی یەك گرتوو بوو، ئەگەر چی پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی شیوعی لەم كابینەیەدا ئەندام نەبوون، بەڵام (بابە عەلی كوڕێ شێخ مەحمود) بانگ كرا بۆ ناو كابینەكە[١٥]، هەروەها وەك ئاماژەیەك بۆ نیشاندانی نیەت پاكیی بەرانبەر بە كورد ، لیژنەی سەركردایەتی نوێ كە لە سێ كەس پێك هاتبوو، لە ڕاگەیەنراوەكانیاندا وایان نیشان دەدا كە سەركردایەتییەكی بە كۆمەڵی وڵاتە و ، لەو سێ كەسەش یەكێكیان كورد بوو ئەویش (خالید نەقشبەندی) كە پێشتر پارێزگاری هەولێر بوو[١٦]، دوانەكەی تریش بریتی بوون لە (محەمەد مەهدی كوبە ، نەجیب الربیعی) ئەمەش بۆ ڕازی كردنی هەرسێ پێكهاتە سەرەكیەكەی عێراق دانرا، ئەوانیش ((شیعە، كورد، سوننە)) بوون. وە لە پێكهاتەی یەكەمین حكومەتیشدا سیازدە شالیاری (وەزیر) لە خۆ گرتبوو، دوانیان كورد بوون بابە عەلی و دكتۆر محەمەد ساڵح، بەڵام هەردوكیان كەسایەتی سەربەخۆ بوون.

دامەزراندنی سیستەمێكی كۆماریی بۆ یەكەمین جار بە فاكتەرێكی گرنگ دادەنرێت كە كورد بتوانێت بەشێك لە مافە نەتەوەییەكانی

دەستەبەر بکات. ڕێکخستنەکانی پارتی و دەستەیەك لـە ئەفسـەرە کوردەکـان بەشـدارییەکی کاریگـەرییان لـە سەرخسـتنی شۆڕشـدا هەبوو. دەرئەمجام کۆمەڵێك ئەنجام بۆ کورد بەدەست هـات کـە لـە مێژووی ڕابووردو لە سنوری عێراقدا ئەم جـۆرە دەسـتکەوتانەی بـە دەست نەهێناوە، لەوانەش:

- **دانـان بە هاوبەشی کورد لەم نیشتیمانەدا و، جێگیرکردنـی لـە بەندی سێی دەستوری نـوێی عێراقـدا ، هـەروەها کـورد لـە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە ئەندامێك هاوبەش بوو.**
- **گەورەترین دەست کەوت کورد بە دەستی هێنـا بڕیـاردان بـوو لەسەر گەڕانەوەی مستەفا بارزانی وەك سـەرۆکی نەتـەوەی کورد بۆ عێراق و کوردستان.**
- **پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـەڕەسمی ناسـرا و لـەو مێـژووە بەدواوە بە ئاشکرا ڕێکخستن و کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد.**
- **دروشمی دەوڵەتی تازە نیشانەی سەردەمی وەك یەك بوونی دوو نەتەوەی کوردو عەرەبە[١٧] ، لە ئارمی ڕەسمی کۆمارییدا کـە بریتییە لە خەنجەرێکی کوردی و شمشێرێکی عـەرەبی و بـە شـێوەیەکی یـەکتربڕ دانـراون ، وەك ڕەمزێـك بەرجەسـتە دەبێت[١٨]**
- **دەرچوونی عێراق لە پەیمانی بەغداد هەنگاوێکی سەرکەوتوانە و لادانی کۆسپێکی گەورە بوو لە ژیانی سیاسیی و گەرانەوەی ئارامیی بۆ کوردستان.**
- **ئـازادیی چاپەمەنی...دەرچـوونی دەیـان ڕۆژنامـەو گۆڤـاری**

**سیاسیی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی بە زمانی کوردی . لەناویاندا ڕۆژنامەی خەبات (ئۆرگانی ناوەندی پارتی) کە لە ٤-٤/١٩٥٩ دا یەکەم ژمارەی دەرچوو.**

- **زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمیی دووەم لە عێراقدا.**
- **دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خوێندنی کوردی**
- **خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا کرا بە کوردی و بە کوردیش وانەکان دەگوترایەوە(١٩)**
- **کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا.**
- **کردنەوەی ئاسۆیەکی بەربڵاو لەبەر دەم گەلی عێراقدا و بووە بناغەی درووست بوونی برایەتییەکی ڕاستگۆیانە لە نێوان کورد و عەرەب و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تر.**
- **بواری تەواو بۆ چالاکییە کەلتورییەکان بە ئازادانە ڕەخسا.**

بەدەستهێنانی ئەم دەست کەوتانە گیانی نیشتیمان پەروەریی و پێش کەوتوخوازیی و کوردایەتی بوژانەوە و، کەوتنە قۆناغێکی تری هەستیارو دڵخۆشانە، لە ڕوویەکی ترەوە بە شێوەیەکی گشتیی ئەم شۆڕشە ڕەنگدانەوە و کاریگەریی باشی لەسەر هەست و هوشیاری بزوتنەوەی کوردایەتی لە گشت پارچەکانی تری کوردستاندا هەبوو.

پێویستە هەندێك لە هۆکاری بەشداریی کردنی کورد لە کودەتای ساڵی ١٩٥٨ بۆ مێژوو بخەینە ڕوو، لەوانەش:

سەرباری ئەو چەند خاڵەی کەمێك پێشتر وەك دەستکەوت خستماننە ڕوو پەنجە دەخەینە سەر ئەم چەند هۆکارانەش:

- جۆری سیاسەتەکانی بەریتانیا و عێراق لەسەر دۆزی نەتەوەیی کورد، بە درێژایی سالآنی حکومڕانی پاشایەتیی لە عێراقدا لە ئاکامی جەنگ و هێرشە بەردەوامەکانیان پڕە لەکارەسات و مالۆێرانیی و قاتوقڕیی ونەبوونی ئارامیی لە کوردستاندا.
- **هەبوونی پەیوەندی و هاوکاریی لە نێوان سەرکردایەتی کوردو پارت و لایەنە نەیارەکانی ناو عێراق لە دژی سیاسەتەکانی بەریتانیا و حکومەتی پاشایەتیی ، واتە هاوئامانجی و هاوخەباتیی لەو قۆناغەدا.**
- دروشم و هەلۆێستە بەراییەکانی ڕابەرانی کودەتای ١٩٥٨ بە شێوەیەکی گشتی لەگەلّ بەشێك لە دروشم و ئامانجە گشتیەکانی پارتیدا یەکی دەگرتەوە.
- هەلۆێستی پۆزەتیڤی ولآتانی وەك یەکێتی سۆڤیەت و میسر بەرانبەر بە کودەتاکە و ڕێنمایی کردنی دەسەلآت دارانی نوێی عێراق بۆ ڕەچاوکردنی مافەکانی گەلی کورد لە سنورێکی دیاری کراودا.
- عێراق لە ڕێکەوتی ((٢٤- حوزەیرانی ١٩٥٩)) لە پەیمانی بەغداد کشایەوە، هەروەها کشانەوەشی لە یەکێتی هاشمی لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز لە بەرژەوەندی کورد هەژمار دەکرێت.

# بارزانیەکان و شۆڕشی ١٤ ی تەموز

شۆڕشی ١٤ ی تەموز بەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووی ئەو بارزانیانە بوو، کە هیچ جار لە ژێر سایەی پاشایەتییدا هەستیان بە هێمنایەتیی و پشوودان نەکردبوو. وێڕای ئەو شاڵاوە سوپاییانە حکومەت ناوچەی بارزانی لە گشت خزمەتێکی فێرکاریی و لەشساغی و کشتوکاڵیی بێبەش کرد بوو. وەکو زانراوە عەبدولئیلا و نوری سەعید و ئەدمۆنزی ڕاوێژکاری سیاسیی بەریتانیا ڕکێکی زۆریان لە بارزانیەکان هەبوو، وە بە کۆمۆنیستی و پێوەندیی سۆڤیەت تاوانباریان دەکردن. شۆڕشی ١٤ ی تەموز هات تا لە زوڵم و ئاوارەیی و دەربەدەریی ڕزگاریان بکا و ئیعتیباریان بۆ بگێڕێتەوە. کە شۆڕش بەرپا بوو شێخ ئەحمەد بارزانی لە گرتیگەی(گرتووخانە) ی بەغدا بوو ، مستەفا بارزانیش لەگەڵ ٥٠٠ لە هەڤاڵانی بە پەنابەری لەیەکێتی سۆڤیەت بوون.

هەندێك لە خێزانەکانیشیان لە هەولێرو بەغدا ئاکانجیبوونی(اقامە جبریە) بە زۆریان لەسەر دانرا بوو[٢٠]. بەڵام بارزانییەکان بە هۆی ئەو هەڵوێستە جوامێریانەیان ڕێزو خۆشەویستیی هەموو گەلی عێراقیان بۆخۆیان ڕاکێشا بوو، بۆیە سەرکردایەتیی شۆڕش لەیەکەم ڕۆژیەوە بارودۆخ و ژیانی ئەوانی خستە بەر چاو، کە ئەو زوڵم وسزایانەی لە بەرزانییەکان کرابوو سەرجەمیان بسڕێتەوە. یەکەم هەنگاوی لەو ڕێیەدا لە ڕێکەوتی (٢١-٧/١٩٥٨) لێبوردنی گشتیی بوو کە بۆ بارزانییەکان و زیندانە سیاسییەکان دەرچوو ،

دوابەدوای ئەوە ئازادکردنی شێخ ئەحمەد بارزانی بوو لە بەندیخانە و گەڕانەوەی بەرەو ماڵەکەی خۆی لـە گـەڕەکی عیوازییـەی بەغـدا. هەر زوو ئەو مژدەیە بەناو جەماوەردا بڵـاو بـووەوە، شـێخ ئەحمـەد لەلایەن ئەو جەماوەرەوە کـە لـە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتانەوە بـەم بۆنـە پـیرۆزەوە هـاتبوون بـە درێـژایی شـەقامەکان بـە پێشوازییەکی زۆر گەرمەوە بەرەو ماڵەکەی بەڕێیان کرد.

بۆ ڕۆژی دوایی بە مەبەستی پێشکەش کردنی سوپاس و پیشاندانی لایەنگریی خۆی سەری لە وەزارەتی بەرگری دا، عەبدولکەریم قاسم زۆر بـەڕێزەوە پێشـوازی لێکرد...شـێخ ئەحمـەد بـۆ یەکـەم جـار دڵسۆزیی خۆی بۆ حکومەتی شـۆڕش و سـەرکردەکەی دەربـڕی[٢١].

شێخ ئەحمەد بارزانی بە درێژایی ئەو چـەند سـاڵەی لـە بەندینخانـە مـابووەوە ئامـادە نـەبوو سـەردانەوێنێ و، بـۆ تـەنها جـارێکیش سـکاڵانامە و پەشـیمانیی یـا پارانـەوە بـۆ شـا و نـوری سـەعید بنووسێت. حکومەتی شۆڕش لە کۆتایی مانگی تـەموزدا ڕێگـەی بـە شێخ و براکـانی و خێزانـەکانیان دا بگەڕێنـەوە بـارزان و هۆیـەکانی گەڕانەوەشی بۆ ڕێکخستن. ئەو پێشوازییەی لـە کـەرکوك و هـەولێر لەلایەن خەڵکەوە بـۆ شـێخ ئەحمـەد و هاوڕێکـانی کـرا هـەر نایەتـە باسکردن.

بارزانییەکان بۆ یەکەم جار هەستیان کرد ئەوانیش هاوڵاتی عێراقن و مافیان هەیە لەم نیشتیمانەدا بژین. لـەم کاتـە مێژووییـەدا بۆیـان دەرکەوت کە فیداکارییە زۆرەکانیان دژی ئیمپریالیزمی بـەریتانیا و ڕژێمی پاشایەتی بە خۆڕایی نەڕۆیشـتوەو ئـەوەتا ئـەمڕۆ بەرەکـەی

دەچـــنن[22] ....ئـــازادکردنی شـــێخ ئەحمـــەد بـــارزانی و هاتنـــەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی (کـە دواتـر دێینـە سـەر باسـکردنی) لـە یەکێتی سۆڤیەت هەر بۆ بارزانیەکان ژیانێکی نوێی بەدواوە نەبوو، بـەڵکو بـۆ گـەلی کـورد بـە گشـتیی بـووە هـۆی بوژانـەوەی هیـواو ئازادیی و ڕزگاریی لە ژێر دەستەیی و ڕەوینەوەی ترسـی قـاتوقڕیی لە وڵاتدا. هەروەها بۆ قاسم و ڕژێمی کۆماریی تازە ڕاگەیەنراویش ، بووە مایەی خۆ پێ هەڵکێشان و ڕەوایی وەرگرتنی نێو دەوڵەتیی و یەکخســـتنەوەی پەیوەندییـــەکانی دەوڵـــەت لەگـــەڵ کەمینـــە نەتەوەییەکان و مەزهەب و هۆزەکانی دانیشـتووی نـاو سنورەکانی دەوڵەتی عێراق.

## گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی بۆ عێراق و کوردستان

پشـتگیریکردنی سـەرکردایەتیی کـورد لـە شۆڕشـی ١٤ ی تـەموز و ڕابەرەکـەی کـارێکی دروسـت و پـڕ بایـەخ بـوو، لەبـەر ئـەوەی لـە چاوخشاندنێکدا بە مـاك و بیرەوەرییـەکانی شۆڕشـدا دەردەکـەوێت کە زۆربەیان لە بەرژەوەندی کورد بوون. سیسـتەمی نـوێ بەڵێنیـدا کـە گۆڕانکـاریی جـددی لـە بـارودۆخی مەسـەلەی کـوردا بکـات[25] ، گۆڕانکاری تازە نیشاندەری دید و بۆچوونی دەسـەڵاتدارانی عێـراق بەرانبەر بـە کێشـەی کوردسـتان و گـەلی کـورد یـەك لـە دوای یـەك ڕوویـان دەدا، ئـەوەبوو لـە ڕۆژی ٢١-١٩٥٨/٧ بـە بڕیـاری تایبـەت

لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری عێراقەوە لێبوردنی گشتیی بۆ سیاسییە گیراو و بارزانییەکان ڕاگەیەنرا، شێخ ئەحمەد بارزانی و بارزانییەکان و شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود و گۆرانی شاعیر یەکەم کەسانێك بوون ئەم لێبوردنە گرتنیەوە [٢٦] لە ئەنجامی ئەو گرنگیەی شۆڕش بوو ،کەوا وەفدێکی پارتی لە ٢٧ ی تەموزی ١٩٥٨ سەردانی بەغدادی کرد و لە وەزارەتی بەرگریی چاویان بە عەبدولکەریم قاسم کەوت. پاش خوێندنەوەی گوتارێك ، یاداشتێك کە ناوەڕۆکەکەی بریتیی بوو لە چوار خاڵی گەوهەریی و گرنگ ، لەلایەن نوێنەرانەوە پێشکەش بە حکومەتی تازە کرا. ناوەڕۆکی یاداشتەکە بریتیی بوو لە:

١–دەرکردنی لێبوردنی گشتیی بۆ بارزانییەکان.

٢– خوێندن لە کوردستان بەزمانی کوردی بێت.

٣– ڕێگە بە ڕێکخراوە سیاسیی و پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد بدرێت بە ئاشکرا کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

٤– بوژانەوەی کشتوکاڵیی و دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی لە شارە کوردییەکان و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لەو شوێنانە[٢٧] .

قاسم لەو دیدارەی لەگەڵ شاندە کوردیەکەدا ئەنجامی دا جەختی لەسەر برایەتیی هەردوو نەتەوە کورد و عەرەب کردەوە، و بە شێوەیەکی سەرپێی و تەمومژاویی ئاماژەی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کرد و بانگهێشتی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ وڵات دوپات کردەوە. هەواڵی گەڕانەوەی بارزانی ڕێگەی بۆ سەرکەوتنی

دیکە خۆشکرد لە شێوەی خستنە رووی دۆزی نەتەوەی کورد و داخوازیەکانی[٢٨]. مستەفا بارزانی لە ٢١-٨/١٩٥٨ دا مۆسکۆی بەرە و ڕۆمانیا بەجێهێشت ، لەتەك خۆیدا میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی برد، سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکردن. لە بوخارستەوە بەهۆی باڵوێزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە بروسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد. لە ڕێی ئەو بروسکەیەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لێ کردو داوای ڕێگەپێدانی بۆ گەڕانەوەی خۆی و هاوڕێکانی بۆ عێراق لێکرد. بارزانی لە بوخارستەوە چوو بۆ پراگ. لێرەش سەرۆکی چیکسلۆفاکیا (ئەنتۆنی نۆڤۆتینی) پێشوازی کرد. هەر لە پراگەوە نامەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد[٢٩]. لەکۆتایی نامەکەشدا لەوە ئاگاداریان دەکاتەوە کەوا لە کۆماری چیکسلۆفاکیا لە شاری (لیدز) لەگەل هاوکاران میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی دان.

عەبدولکەریم قاسم زۆر بەشایستەییەوە وەڵامی بروسکە و نامەکەی بارزانی لە (٢-٩/١٩٥٨) دایەوە، کە تیایدا دەڵێت: بە شادییەوە بروسکەی ئێوەمان وەرگرت، ئێمە هەمومان بەخێرهاتنی گەڕانەوەتان دەکەین بۆ عێراقی خۆشەویست، هەموو پێویستییەکمان بەجێ هێناوە بۆ دەرچوونی لێبوردنتان و، ئاسانکاریی گەڕانەوەی خۆتان و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو هاونیشتیمانیانەی لە گەڵتاندان، سەر لە باڵوێزگەی عەرەبیی یەکگرتوو بدەن لە پراگ- چیکسلۆفاکیا- بۆ سازکردنی گەڕانەوەتان[٣٠]. پاش گەیشتنی وەڵامەکەی عەبدولکەریم قاسم بە

بــارزانی، ئــەویش لــە ١٠-٩/١٩٥٨ دا دوا بروســکەی پیرۆزبــایی و دەربڕینی پشتیوانیی و سوپاس گوزاریی بۆ نارد.
لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتی دەرەوە بروسکەی بـۆ بـاڵوێزی کۆمـاری عەرەبیی یەکگرتوو لە پراگ نارد بۆ ئاسانکاریی گەڕانەوەی بارزانی و هاوڕێکانی.
پارتی دەستەیەك لە نوێنەرانی خۆی بۆ چوونە پـراگ ڕێکخسـت تـا لەگەڵ بارزانیدا بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. ئەو دەستەیە بریتی بـوون لــە (ئیــبراهیم ئەحمــەد ، نــوری ئەحمــەد تــەها، ســادق بــارزانی، عوبەیدوڵا بارزانی) ، لە قاهیرە کاك ساڵح میرانـیش تێکـەڵاوی ئـەو دەستە نێردراوە بوو.
پــاش ئــەوەی هــەردوو نامــەی نێــوان بــارزانی و وەڵامەکــەی عەبدولکـەریم قاسـم لـە ڕادیـۆی بەغـدا مـاوەی ڕۆژێـك لـە برگـەی یەکەمی دەنگ و باس خوێندرایەوە، بروسکەی لایەنگریی لە حزب و پیاوانی نیشتیمانیی کـورد و عـەرەب بـۆ عەبدولکـەریم قاسـم کـرد، هـەموو لەگـەڵ سـوپاس کردنیـان دەبوونـە لایـەنگری بـۆ بڕیـاری ڕێگەدانی بەبارزانی و هاوڕێکانی کە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان(٣٠). ئـەم نامەیەی قاسم ئومێدێکی زۆری لای بارزانی دروست کرد(٣١)، کـە لـە سـایەی حکومـەتی نوێـدا کۆتـایی بـە ژیـانی ئـاوارەیی خـۆیی و هاوڕێکـانی بهێنێـت و بگەڕێتـەوە بـۆ عێـراق و درێـژە بـە خـەباتی نەتەوەیی خۆیان بدەن تا دەگەن بە ئامانج(٣٢).
پاشـتر دەرکـەوت عەبدولسـەلام عـارف بروسـکەنامەی بـارزانی بـۆ عەبدولکەریم قاسم و ئەنجومەنی وەزیرانی شاردبوەوە. ئەمـە بـووە هۆی ئەوەی بارزانی یەك مـانگی تـەواو لـە ڕۆمانیـا و چیکسلۆفاکیا

چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتی شۆڕش بکات.

بـارزانی لـە ٣-١٠/١٩٥٨لـە پراگـەوە گەیشـتە قـاهیرە، جـەمال عەبدولناسـر لـــە ٤-١٠/١٩٥٨ زۆر بەگــەرمیی لـــە مــاڵی خۆیــدا پێشـوازیی لـیٚ کـرد، لێـرەدا بـوو بـارزانی بـەردی بناغـەی ئـەو پەیوەندییە مێژوییەی خۆی لەگەڵ پێشەوای نەتەوایـەتیی عەرەبـدا دانا.

پـاش دوورکەوتنەوەیـەك کـە دوازدە سـاڵی خایانـد ، ڕۆژی (٦-١٠/١٩٥٨) بارزانی لە ناو پێشوازییەکی ڕەسمیی ئەوتۆدا کە نایەتـە باسکردن گەیشتەوە بەغدا. بە دەیان هەزار ڕۆڵەی عێراقی بە کـورد و عـــەرەب و کەمایەتییەکانــەوە خۆیـان گەیانـدبووە باڵەفڕگــەی موســەننا و پێشــوازیی قارەمانیــەتی بارزانییــان کــرد، بانگیــان ڕادەهێشت : (بارزانی اهلا بیك ، شعب العـراق یحیـك) واتـا بـارزانی بەخێر بێی ، گـەلی عێـراق سـڵاوت لـیٚ دەکـا[٣٢]. هـەموو حزبـەکان بەشداریی ئەم پێشوازیەیان کـرد، بـەڵام پێویسـتە بڵـێین کـە ڕۆڵـی حزبـی شـیوعی لـــە هــەموویان دیــارتر بــوو، زۆرتــرین ئەنــدام و لایەنگرانی خۆی خڕ کردبووەوە.

بارزانی لە ئوتێلی سـەمیرئەمیس دابـەزی و میـوانی حکومـەت بـوو. کاتـژمێر دەی ڕۆژی ٧-١٠/١٩٥٨ چـوو بـۆ سـەردانی عەبدولکـەریم قاســم. ســوپاس و منـــەتباریی خـــۆی پێشــکەش کــردو لـــەم چاوپێکەوتنەدا گووتی : ئەو خۆی بـە سـەربازێکی شۆڕشـی تـەموز دەزانیٚ و لە ژێر فەرمانی زەعیمدایە.

گەڕانەوەی بارزانی ڕوداوێکی سادە نەبوو، ئەو کە نوێنەری خەباتی نەتـەوەی کـورد بـوو، هاتـەوە تـا هێـزی خـۆی بخاتـە سـەر هێـزی

عەرەب بۆ پارێزگاریی لە کۆمار، بەگەڕانەوەی ئەو بڕوای نێوان کورد و حکومەتی تازە بەهێزو برایەتی کورد و عەرەب پتەوتر بوو[٣٤].

بارزانی لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ عێراق دەستی کرد بە ڕێخۆش کردن بۆ گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانەی لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵی بوون، حکومەتی عێراق بە پەلە هەموو کاری یاسایی و ڕواڵەتیی بۆ تەواو کردن، میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی ناردە مۆسکۆ بۆ هاودەنگیی و سەرپەرشتیی کاری گەڕانەوەیان . یەکێتی سۆڤیەتیش لەلای خۆیەوە هەموو ئاسانکاریی ڕێکخست و پاپۆڕی (گرۆزیا) ی بۆ گواستنەوەی بارزانییەکان ئامادە کرد. ئەو پاپۆڕە لە سەرەتای نیسانی ١٩٥٩ دا کەوتە ڕێ، کە ٧٨٤ کەسی لەسەر بوو بە ژن و منداڵەوە. پاپۆڕی گرۆزیا ١٦ ی نیسانی ١٩٥٩ گەیشتە بەندەری بەسرە و لەلایەن دانیشتوانی بەڕێزەوە پێشوازیی کران. لە بەسرەوە تێکۆشەرە گەڕاوەکان و خیزانەکانیان بە شەمەندەفەر هاتنە بەغدا و لەڕێی کەرکوکەوە بۆ هەولێر، هەر جێیەکی دەگەیشتن گەلی عێراق بە گەرمیی بەخێرهاتنیان دەکردنەوە. شێخ ئەحمەد بارزانی لە هەولێر خۆی چووبووە پێشوازیی ئەو قارەمانانەو ئەوانیش بە دڵ تامەزرۆی بینینی شێخیان بوو[٣٥]، لەوێشەوە بۆ هاوینەهەواری سەلاح دین و شەقڵاوە . حکومەتی شۆڕش ئەم تێکۆشەرانەی باش لەباوەش گرت. هەموو ئەوانەی فەرمانبەر بوون کاری میریان بۆ دەستەبەر کراو، پیرو پەککەوتەکانیشیان ڕێکاری ژیان بەڕێوەبردنیان بۆ دۆزینەوە. بە جۆرێ ڕێزیان لێگیرا شیاوی فیداکاری و تێکۆشانیان بێ. هەروەها

لێبوردنی گشتیشی بۆ هەموو ئەو بارزانیانە دەرکرد کە بریاری گرتن و کوشتنیان لە سەردەمی پاشایەتییدا بۆ دەرچوو بوو[٣٦].

بەبۆنەی گەڕانەوەی هاوڕێ بارزانییەکان بە سەربەرزی بۆ نیشتیمان، بارزانی نامەی سوپاسگوزاریی پێشکەش بە زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرد، تیاییدا : ((بەناوی بارزانیانی گەراوە بۆ نیشتیمانی خۆشەویستیان و بەناوی هەموو کوردێکی بەشەرەف و بەناوی خۆمەوە جوانترین سوپاس و بەرمنەتی پێشکێشی ئێوە و گەلی عێراقی سەربەرز دەکەم، لە بری برا گەراوەکان بەڵێن بە ئێوەی بەڕێز دەدەم ئێمە بە دەستکراوەیی داکۆکیی لە قەوارەی کۆمارە سەربەخۆکەمان و شەرەڤ نیشتیمان بکەین بە هەرچی هێزو توانایەکی هەمانە...هتد....))[٣٧]

هاتنەوەی بارزانی و پاشتر هاوڕێکانی بە خۆڕایی نەبوو بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بوو، بە هاتنەوەشی نەتەوەکەمان گەلێك دەستکەوتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی لە عێراق بەدەست هێنا (وەك پێشتر هێمامان پێداون)، ئەم دەستکەوتانەش لە پارچەکانی تری کوردستان دەنگی دایەوە، هەستی نەتەوەیی سەرلەنوێ لەلای کورد بوژایەوە. لە ڕووی دەرەوەش نەتەوەکەمان گەلێك دەستکەوتی مەزنی بەدەست هێنا، لەوانە پاڵپشتیی کردنی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی بەرەی سۆشیالیستیی لە گەڕانەوەی بارزانیدا[٣٨]

## ئاڵۆزیی نێوان کوردو حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم

پشتگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموزو خودی عەبدولکەریم قاسم ، کارێکی گەورەی کردە سەر دانیشتوانی کوردستان و بەتایبەت هۆزە نیشتیمانییەکان، بۆیە کوردستان بوو بوە قەڵایەکی توند و تۆڵی شۆڕش، هەرکەسێك بیری لە پیلان دژی شۆڕش بکردایەتەوە دەبوایە حسابی هەڵوێستی کوردیش بکات. پیلانگێڕەکانیش هەر خەریکی ئەوە بوون تۆوی گومان و ناکۆکیی بخەنە نێوان عەبدولکەریم قاسم و هێزەکانی کورد و عەرەب کە لەگەڵیا هاوپەیمان بوون.

لە سالانی سەرەتای دەسەڵاتداریەتی قاسمدا، پەیوەندی و هێمنیی و پێکەوە گونجاندن لە نێوان حکومەت و کوردا پەرەی سەند، قاسم و مستەفا بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە پێویستە هاوکاریی یەکتری بکەن. بۆ لاوازکردن و وەستانەوە دژی نەیارەکانیان . سەرەنجام کورد لە زۆربەی ڕووداوەکاندا پشتگیریی و هاوکاریی تەواوی دەسەڵاتەکەی قاسم و حکومەتەکەی دەکرد. یەکێك لەو روداوانەی لە عێراقدا ڕوویدا کودەتاکەی شەواف لە ٨ی مارسی ١٩٥٩ لە موسڵ بوو، لەشکری دووی عێراق بە فەرماندەی (عەبدولوەهاب شەواف) کودەتای کرد و هەوڵیدا هێرش بکاتە سەر بەغدا، ئەم کارەش پێگەی عەبدولکەریم قاسمی خستە مەترسیەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بهاتایە و شەواف کەڵکی لە سەربازەکانی بەغدا

وەربگرتایە، لەوەبوو ناسرییەکان لە پشتەوە پەلاماری بدەن و ببنە هۆی ڕوخاندنی ڕژێمەکەی ، قاسم ناچار بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونـەوەو دامرکاندنـەوەی یـاخی بوونەکـە داوای یارمـەتی لـە شـیوعیەکان و کوردەکانی ژێر فەرماندەیی مستەفا بارزانی بکـات، بـارزانی بـەدەم بانگەوازەکەی قاسمەوە هات و پشتگیریی لـە ڕادەبـەدەری قـاسمی کرد و هەزاران پێشمەرگەی نارد بۆ موسڵ بۆ شەڕکردن شانبەشانی حکومەت[٣٩]،.

سەرەنجام شەڕ هەڵگیرسا و کورد ڕۆڵێکی باشی لە دامرکاندنـەوەی یـاخی بوونەکـە دژی قاسم بـینی، تەنانـەت موسـڵ بـۆ مـاوەی ٤٨ کاتـژمێر لـە دەسـتی جـەنگاوەرانی کـوردا مایـەوە[٤٠] ئەگـەر هێـزە دڵسـۆزەکانی پـارتی و بـارزانی نەبوونایـە لەوانـەبوو قاسـم و حکومەتەکەی بڕوخێت.

یەکێکی دیکە لەو ڕووداوانـەی کـە ڕوویـدا جوڵانـەوە چـەکداریەکەی (شێخ ڕەشید لـۆلان) بـوو لـە سـاڵی ١٩٥٩.شـێخی لـۆلان یەکـەمین کـەس بـوو لــە ناوچــەی سـیدەکانەوە دژی یاسـای چـاککردنی کشتوکاڵ وەستا، لەپێناو ئامانجەکانی خۆی بە حوکمی هاوسنوری ناوچـەکەیان بـە ئێـران و تورکیـاوە، پەیوەنـدی بـەهێزی لەگـەڵ هــەردوو حکومەتەکــەیان پەیــدا کردبوو،ئــەوانیش بـۆ مەبەسـتی تایبەتی خۆیان لەلایەن هەردوو حکومەتەوە بە مـادیی و مەعنـەویی یارمــەتی لایــەنگرانی شــێخ ڕەشــیدیان دەدا و، هانیــان دەدان جوڵانەوەیەك لـە دژی شۆڕشـی ١٤ ی تـەموز بەرپاکـەن بـە هـەموو شـێوەیەك یارمـەتی و پشـتگیریی دەکـرێن و دەپـارێزرێن. سـەرەتا

شەڕله سەردەستی لایەنگرانی شێخ ڕەشید لە پاش گەمارۆدانی بنکەی سیدەکانەوە دەستی پێکرد و، توانیان هەموو بەرگرییە میللییەکانی ناوچەکە بگرن[٤١]. ...
عەبدولکەریم قاسم داوای لە بارزانی کرد تا بەهانای ناوچەکەوە بچێت و هەوڵی ڕزگار کردنی لە دەست یاخی بووەکان بدات،، بارزانیش لەسەر داوای قاسم توانی هێزێکی گەورە پێك بهێنیت و بە دوو ڕۆژ جوڵانەوەکە لەناو بباو ، شێخ رەشیدیش ناچار بوو بۆ ئێران هەڵبێت..
بارزانی بەم کارانەی خزمەتێکی گەورەی بۆ بەغدا پێشکەش کرد، هەموو ئەم کارانە شایەنی ئەوە بوون کە بیسەلمێنێ کوردەکان پارێزەرو پشتیوانی قاسم بوون[٤٢] هاوکاریی و یارمەتی بارزانی لەگەڵ قاسمدا بەتایبەتی لە سێ ساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەموز وایکرد کە کورد پێشکەوتنی باش لە ڕووی یاساییەوە بەدەست بهێنێت، بەڵام دواترئەوەی کورد چاوەڕوانی دەکرد نەهاتەدی. هەرچەند لە سەرەتادا عەبدولکەریم گوێی نەدەدایە ئەو تەقەلایانەی دژ بە کورد هەبوون. سەرەنجام هەموو ئەو یارمەتیەی کورد لە پێناو سەرکەوتنی قاسم و حکومەتەکەی پێشکەشی کرد ، ئەمە پێچەوانە بووەوەو بە زیانی کورد کۆتایی پێ هات . سیاسەتی قاسم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانی بەسەردا دەهات و مافە دیموکراسییەکانی عێراق و کوردستانی نە دەسەلماند[٤٣]، لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە قاسم بە مەبەستی چەسپاندنی شوێن و پێگەی خۆی ڕوویەکی باشی پیشانی ئازادیخوازانی کورد دا ، بەڵام

هــەر زوو پشــتی کــردە بەڵێنــەکانی و کەوتــە بیــانوگرتن بــە دیموکراتخوازانی کورد بە جۆرێك هـەموو هـەوڵێکی ئاشـتی خـوازیی پوچەڵ دەکردەوە، پەیوەندیەکانی لەگەڵ کورد بەرەو بنج بەست دەبرد.

با لەو ڕاستیەش بە ئاگا بین کەوا پێش ڕابوونی شۆڕشیش ناکۆکیی لە نێوان ئەنـدامانی لیژنـەی بـەرزی ئەفسـەراندا هـەبوو، لـە یەکـەم ڕۆژی هەڵگیرسـانیدا ململانـێ دەسـتی پـێ کـرد، ئـەویش لەبـەر ئەوەبوو، عەبدولکـەریم قاسـم و عەبدولسـەلام عـارف لـە خۆیانـەوە بڕیاریان دەدا و خەڵکیان دادەمەزراند .

هـەر لـە سـەرەتاوە هـەردوکیان هەنـدێك بڕیاریشـیان دەرکـرد بـە دوورخستنەوەی زۆربەی هاوکارەکانیان لە ئەفسەرە ئازادەکـان لـە بەغداو دانانیان بە پلەی کەمتر. تا دەهات کەلێنی نێـوان ئەفسـەرە ئازادەکان فراوانتر دەبـوو، بەتایبـەتی نێـوان عەبدولکـەریم قاسـم و عەبدولسـەلام عـارف، نـاکۆکیی ئـەم دوانـە گەیشـتە ئـەو ئاسـتەی عەبدولسـەلام عـارف لـە هـەموو پلـەو پایـەکانی لادراو پاشـان بـە پیلانگێڕ تاوانبـار کـراو درا بـە دادگـای گـەل و فـەرمانی خنکانـدنی بەسەرا درا، بەڵام عەبدولکەریم قاسم ڕازی نەبوو ئەو فەرمانـە بێتـە جێ و تەنیا بـە زینـدانی کردنـی لێیگـەرا، تـا لـە دواییـەکانی سـاڵی ١٩٦١ دا لێی خۆش بـوو. ئـەم ناکۆکیانـە سـەرەتایەکی خراپـی بۆ کاروانەکــەی ١٤ ی تــەموز هێنــاو گەیشــتە نــاو حزبــەکانیش و دووبـەرەکییان تێکەوت.هەنـدێك بوونـە لایـەنگرو هەنـدێکیتر بوونـە بەرهەڵستکاری عەبدولکەریم قاسم(٤٤) .

ئەوی تا ئەمڕۆ لە عێراقدا لە دیکتاتۆریی و چەوساندنەوە و تۆقاندن دەیانبینین هەمووی بەرهەمی ئەو ململانێیەیە. لەلایـەکی تریشـەوە عەبدولکەریم تاسەر لەگەل هیچ حزبێکدا نەبوو، بگـرە هـەر حزبـەی بـۆ مەبەسـتێك بـەکار دەهێنـا، کـە پێـی وابـوو بەرژەوەنـدی خـۆی تێدایە، و هەوڵی لەتکردنی حزبەکانیشی دەدا ، لە لەتکردنی حزبـی شیوعی وحزبی نیشتیمانی دیموکراتییدا سـەرکەوت، بـەڵام پـارتی دیموکراتی کوردستانی پێ لەت نەکرا[٤٥].

بارودۆخی گشتی ناو ڕیزەکانی حزب بـە گـوێرەی ئـەو گۆڕانکارییـە گشـتیانەی عێـراق و بـەرفراوان بـوونی ئۆرگـان و ئەنـدامانی حـزب لەسەر هەموو ئاستەکان، هەروەها هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی کـادران و هەندێك لە سەرکردەکانی حزبی شـیوعی لقـی کوردسـتان بـۆ نـاو پـارتی ، هەرچـەند بـە دەسـتکردی حزبـی شـیوعی هاتنـە نێـو ڕیزەکانی پارتیەوە، کە دەیانوویست پـارتی بکەنـە دوو بەشـەوە و بیکەن بە پاشـکۆی خۆیـان، بـەڵام بـۆ ئـەوەی یـەکێتیی ڕیزەکـانی پارتی پارێزراوبێت و هیچ گیروگرفتێك نەیەتە پێش ، بڕیار درا ناوی پارتی بگۆڕێ و بکرێ بە (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) تاکو لە کـۆنگرەی چـواردا دوبـارە گەڕایـەوە سـەر ناوەکـەی خـۆی (پارتی دیموکراتی کوردستان) . ئەمـەش نارەزاییـەکی زۆری لـەلای کـادرانی حـزب درووسـت کردبـوو، لەبـەر ئـەوەی لـەو کاتانـەدا بـە ئاشـکرا دەسـتیان لـەکاروباری نـاوخۆی پـارتی وەردەدا، پـارتی دیمـوکراتی یـەکگرتووی کوردسـتان لـە ١٨-١٠/١٩٥٨ نامەیـەکی نارەزایی دا بە حزبی شیوعی عێراقی ، گلـەیی لـە هەڵوێسـتەکانیان

کـرد، ئـەم نامەیـە بـووە هـۆی درووسـت بـوونی وتوویـژ لـە نێـوان سەرکردایەتی هەردوو حزبدا، بۆ گەیشتن بە بنبەست کردنی هـەموو کێشەکان درێژەیان بە دانیشتنەکانیان دا تاگەیشتنە ڕێککەوتنێکی دوو لایەنـە لەسـەر نووسـینەوەی پـەیمانی هاوکـاریی نیشـتیمانیی، لەبەر ڕوناکیی ئەو پەیمانە لە ئاستی هەموو شارو شارۆچـکەکان بـە گیانی دیموکراسییانەوە ، لیژنەی هاوبەش پێك بهێنرێ و لە هـەموو ئەو کێشانەی نێوانیان بکۆڵنەوە و چارەسەریان بۆ دابنێن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمەڵێك هۆکـاری تـر لـە ئاسـتی عێـراق و ناوچەکە هەبوون کە بوونە هۆی بەرفراوانیی پەیوەندییەکانی حـزب لــە سـەر ئاسـتی جیـاواز، و بـارودۆخی نـاو حـزبیش گەیشـتبووە ئاســتێك بەناچـاریی دەسـتەیەك لــە سـەرکردایەتی حــزب ســەر ئەندامێتیان هەڵپەسێردرێ، بارزانی باش لە دۆخەکە گەیشتبوو، بـە مەبەستی یـەکلایی کردنـەوەی هـەموو ئـەو گرفتانـە داوای بەسـتنی کــۆنگرەی کــرد. ئەگــەر چــی مەیلــدارانی حزبــی شــیوعی دژی کۆنفرانس و کۆنگرە بوون، بـەڵام هـەنگاوی یەکـەم بـارزانی لەگـەڵ لیژنەی مەرکەزی و کادرانی حزب لە ٣٠-٦/١٩٥٩ لەماڵی بارزانی لە بەغـدا کۆنفرانسـیان بەسـت و مەکتـەبی سیاسـیی بـە سـکرتێرەوە بەشداریی کۆبوونـەوە نـەکران ، واتـە کۆنفرانسـەکە بەسـەرۆکایەتی بارزانی گرێ دراو ، کۆنفرانس بووە خاوەنی چـەند بڕیـارێکی خـۆی کە ئەمانەبوون:

١- بڕیاری هەڵپەساردنی مەکتەبی سیاسی پارتی دەرکـراو لەلایـەن وەفدی کۆنفرانسەوە ئاگادار کران.

٢- بڕیاری بەستنی کۆنگرەی حزب درا.

٣- لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە لەم هەڤاڵانە پێکهێنرا : (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل ، عەبدولوەهاب باجەلان ، جەوهەر هیرانی، ساڵح محمود بارزانی، کەسانی تریش.)

ڕۆژی بەستنی کۆنگرە دەست نیشان کراو لە (٣-١٠/١٩٥٩) لە بەغدا لەماڵی کاکە زیاد بەسترا، ئەمە یەکەم کۆنگرە بوو بارزانی بەشداریی تێدا کردو نزیکەی ١٢٠ نوێنەر بەشدار بوون ودیاریکردنی زۆربەی نوێنەران بە هەڵبژاردن بوو.

کۆنگرەی چوارەمی حزب لە کۆنگرە گرنگەکانی پارتی هەژمار دەکرێت، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت، لەوانەش:

١- بۆ جاری یەکەم بارزانی سەرۆك خۆی لە کۆنگرە ئامادە بوو وە سەرپەرشتی کۆنگرەشی کرد.

٢- کۆنگرە ڕاشکاوانە کەوتە سەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی و، بابەتی لادەرانیش بووە محوەری قسەلەسەر کردن و بریاری دەرکردنیان لە حزب بۆ دەرچوو، لەوانەش (هەمزە عەبدوڵڵا و حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری و نەژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق و چەندانی تر).

٣- گۆڕانکاریی لە ڕێبازی پارتی کرا و پارتی گەڕایەوە سەر ڕێبازی پێشووی خۆی ، واتە سوود لە مارکسیەت وەردەگیرێ نەوەك تەبەنی مارکسیەت بەرز بکرێتەوە[٤٦]

وەك هەموو کۆنگرەیەکی حزبی ،کۆنگرەی چواری پارتیش بووە خاوەنی کۆمەڵێك بڕیاری گەوهەری بۆ سەردەمی خۆی لەوانەش:

١- دەرکردنی سەرانی لادەران یان بەندبازانی ڕیزەکانی حزب لە کۆنگرەش بووە بڕیاری کۆنگرە.
٢- ناوی پارتی گۆڕا ، بوو بە پارتی دیمەکراتی کوردستان/ عێراق.
٣- بیرۆکەی ڕۆیشتن لەسەر تیشکی مارکسیەت گۆڕا و بوو بە سوود وەرگرتن لەمارکسیەت .
٤- سەرکردایەتی نوێی حزب بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
ا- مستەفا بارزانی سەرۆکی حزب.
ب- لیژنەی مەرکەزی لەم هەڤالانە پێکهات لە: (ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا دەبابە، جەلال عەبدوڕەحمان، ئەحمەد عەبدوڵڵا، عەونی یوسف، سەید عەزیز، نووری ئەحمەد، دکتۆر موراد، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل،)
ج- مەکتەبی سیاسیش بریتی بوون لە: (ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، سەید عەزیز، دکتۆر موراد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی).
د- بۆ یەکەم جار دەستەی چاودێریی و پشکنین دامەزرا، کە ئەمانە بوون: (شەمسەدین موفتی، حەبیب فەیلی ، عەلی عەسکەری، یەدوڵڵا کەریم، زەکیە ئیسماعیل حەقی.)

**تێبینی**: جەلال تالەبانی و نوری ئەحمەد تەها و سەید عەزیز ئەم سێ ئەندامە ناویان ئاشکرا نەکرا، چونکە لە سوپای عێراقدا ئەفسەری یەدەك بوون ، لەبەر ئەوەی لە ناو سوپادا ڕێکخستنی حزبی قەدەغە بوو[٤٧] .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسا نوێیـەی عێـراق بـۆ کۆمەڵـەکان دەریکـرد، تیایدا هـاتووە دەڵێـت: بـە پێـی ئـەو یاسـایە هـەر حزبێـك بیـەوێت مۆڵەتی کـارکردنی لەلایـەن حکومەتـەوە پـێ بـدرێت، پێویسـتە لـە ماوەی شەش مانگدا کۆنگرەی خۆی ببەستێ. دوای دەرچوونی ئەو یاسایە سـەرکردایەتی پـارتی لەلایـەن (مسـتەفا بـارزانی ، ئیـبراهیم ئەحمــەد، عومــەر دەبابــە، عــەلی عەبــدوڵلاَ، نــوری شــاوەیس، شەمسەدین مـوفتی، عـەلی عەسکەری، مـەلا عەبدوڵلاَ، ئیسـماعیل عـارف، جـەلال عەبـدولڕەحمان) داوایـەکیان پێشکەشـی وەزارەتـی ناوخۆ  کرد تاکو مۆڵەتی پێ بدرێ و بە ئاشکرا کاری خۆی بکات.

ئــەم روداوانــە هاوکــات بــوو لەگــەڵ ئــەو ڕۆڵــە جــوامێریی و قارەمانیەتیەی جەنگاوەرانی کورد بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی لە یــەکلایی کردنــەوەی هــەردوو یــاخی بوونەکــەی شــەواف و شــێخ ڕەشیدی لۆلان دژی حکومەت و عەبدولکەریم قاسم بـەرپایان کـرد. لە پاداشتی ئەو ڕۆڵە مەزن و دڵسـۆزییەی کـورد و بـارزانی بەرانبـەر بــە حکومــەت و ســەرکردایەتیەکەی بــە خــوێن و گیــانی خۆیــان نوانـدیان، قاسـم پـەیمانی مۆڵـەتی یاسـایی بـە پـارتی دیمـوکراتی کوردستان دا.هەروەها هەر بەو بۆنەیەوە ئەو زەویی و زارانەشی بـۆ خودی بارزانی گێڕایەوە کە لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتیی دەسـتی بەســەردا گیرابــوو(٤٨). پــاش ئــەوەی ســەرکردایەتی پــارتی ڕێ وڕەسمی یاسایی گرتەبەر بۆ ئەو مەبەستە ، دوای ماوەیـەکی کـەم لە کانونی دووەمی ١٩٦٠حکومەت داواکەی پارتی پەسەند کـرد. لـە پێناوی پاریزگاریی کردن لە داوا یاساییەکان، ئەوەنـدەی نەخایانـد

پارتی لیژنەی ئامادەکاریی پێك هێناو، کۆنفرانسی ناوچەکان کرا، و کۆنگرەی پێنجەم بڕیاری گرتنی لەسەر درا. ئەو بارودۆخەی عێراق وای کرد نێوان کۆنگرەی چوار و کۆنگرەی پێنج تەنها هەشت مانگ بێت... لە سەرەتای گوڵانی ١٩٦٠ لە بارەگای حزب لە بەغدا بە بەشداری کردنی ١٤٨ نوێنەر دەستی پێ کرد و پێنج ڕۆژی خایاند. سەرکردایەتی نوێی ئەو کۆنگرەیە دوای هەڵبژاردن بریتی بوو لە:

١- مستەفا بارزانی سەرۆکی حزب.

٢- مەکتەبی سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، دکتۆر موراد، سەید عەزیز، عەلی عەبدوڵلا).

٣- کۆمیتەی ناوەندی (عومەر مستەفا، ساڵح یوسفی، عەونی یوسف، ناهیدە شێخ سەلام، جەلال عەبدولڕەحمان، ئەحمەد عەبدوڵلا ئەلعمادی، هاشم عەقراوی، عەبدوڵلا ئیسماعیل، عەلی عەسکەری، حلمی عەلی شەریف).

جەلال تاڵەبانی و نووری ئەحمەدی تەهاو سەید عەزیز ئەفسەری یەدەك بوون ڕانەگەیەنران.

لە هەمان کاتدا دەستەی چاودێریی و پشکنینی باڵا لە ناو کۆنگرەدا هەڵبژێردرا، بریتی بوون لەم هەڤاڵانە :

(حەبیب محەمەد کەریم، عەباس حوسێن، جەمال شاڵی ، یەدوڵلا عەبدولکەریم، خالد حەسەن یوسفی)[٤٩].

پاش ئەوەی هەندێك لەو حزبانەی داوای مۆڵەتی کارکردنیان بە ڕەسمیی ڕەتکرایەوە، پشێوییەك کەوتە نێوان ئەو حزبانە و عەبدولکەریم قاسم ، هەندێکیان بەلایەنگیری مانەوە و، هەندێکیان

کەوتنە دژایەتی کردنی خۆی و حکومەتەکەی ، لە هەموویان دیارتر حزبـی بـەعس بـوو. پـاش هـەرای شـەواف بـە ئاشـکرا کەوتنـە دوژمنایەتیی کردنـی عەبدولکـەریم قاسـم . ئامـانجی سەرەکیشـیان بەدەستەوە گرتنی دەسـەڵات بـوو. یەکـەم هـەوڵیان لـەو پێنـاوەدا تەقـەلا سـەرنەکەوتووەکەی کوشـتنی عەبدولکـەریم قاسـم بـوو لـە ١٩٥٩/١٠/٧ لە شەقامی ڕەشید .

ئەم ڕووداوە لەسەرە وەختی خۆ ئامادەکردنی پارتی بوو لـە پـاش تـەواو بـوونی کـۆنگرەی چـوارەم سـەرقاڵی دەنگـدان بـوون بـۆ هەڵبـژاردنی لیژنـەی ناوەنـدیی. هەڵبەتـە پـارتی و بـارزانی و جەماوەری کورد لەدوای ئـەو هەوڵـە سـەرنەکەوتووەش هەرچـی لـە دەستیان هات بۆ پاراستنی شۆڕشی ١٤ ی تەموز کردیان و لەسـەر ئـەو هەلوێستەشـیان بـەردەوام بـوون، بـەڵام لـە کۆتـایی ١٩٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ ساردی کەوتبووە نێوان عەبدولکەریم قاسم و بـارزانی، هەنـدێ لـەو هۆکارانـە دوژمنـانی عەبدولکـەریم و نەتەوەییەکان لـە ڕێـی پیاوەکانیانـەوە لـە نـاو دەسـەڵاتا هەمیشـە هەوڵی ئەوەیان دەدا پشێویی و دوبەرەکی بخەنە نێـوان ئـەو هێـزە دیمـوکراتیی و ئاشـتیخواز و نیشـتیمانپەروەرانەی پاڵپشـتیی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد، پارتی دیموکراتیش لە بـەرایی ئـەو حزبـە دەسـەڵاتدارە جەماوەرییـە بـوو کـە بـە هـەموو جۆرێك بۆ عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی پشـت و پـەنا بـوون، لەگەڵ ئەو هەوڵە تێکدەرانەشدا ڕوداوێکی کوشتن لـە شـاری موسـڵ لە ٤-١١/١٩٥٩ ڕووی دا، ئەویش کوشتنی تاوانبار ئەحمەد زێبـاری

بوو کە دەستی لە کوشتنی چەندین کەسی بێ تاواندا هەبووە. کۆنەپەرستان و کاربەدەستە شۆڤێنی و داخ لە دڵەکان ئەم ڕووداوەیان کرد بە بیانوی نەخشەکێشان دژی شۆڕشی ١٤ی تەموز. هەڵبەتە ئەو هەوڵانە کاریگەریی خۆی هەبووە، ئەوەتا عەبدولکەریم قاسم بەبیانووی دابین کردنی هێمنایەتیی لەو ناوچانە، دەسەڵاتی بە بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێرو ئیسماعیل عەباویی بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ دا.

دواتر ئاشکرا بوو ئەم دوو کەسایەتییە بە ڕاشکاویی لایەنگری دوژمنانی بارزانین. هەر زوو دەستیان کرد بە چەکدارکردنی هۆزەکانی دراوسێی بارزان وەکو زێباری و برادۆستی و سوورچی و ڕێکانی، لە بەهاری ساڵی ١٩٦٠ دا زێبارییەکان دەست درێژییان کردە سەر گوندەکانی ناوچەی نزاری سەر بە بارزان. کاتێ بارزانییەکان وەڵامی ئەو دەست درێژیەیان دایەوە، ڕاپۆرت چوو بۆ بەغدا کە بارزانییەکان دەست درێژیان کردووە. شێخ ئەحمەد بارزانی داوای لە عەبدولکەریم قاسم کرد لیژنەیەکی بێ لایەن پێك بهێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بەگژداچوونە چەکداریەی ڕوویان داوە. کاتێك لیژنەکە گەڕایەوە بۆ بەغدا و ڕاپۆرتە بێ لایەنیەکەیان پیشان دا، کە پێچەوانەی ڕاپۆرتەکانی پێشوو بوو، بارەکە ئارام بووەوە.....لەگەڵ بوونی ئەو مەترسیانەش شێخ ئەحمەد بارزانی ڕۆژی ٢٩-١٠/١٩٦٠ سەری لە بەغدا دا و، پێش ئەوەش بە مانگێك بارزانی چووبوە بەغدا و چاوی بە عەبدولکەریم قاسم کەوت و داوایان لێکرد سنورێك بۆ ئەو هەوڵانە دانێ کە مەبەستیانە

بارزانیەکانی لێ دوور بخەنەوە. هەر چەندە عەبدولکەریم پەیمانی ئەوەی دا، بەڵام وادیارە ئیشەکەی لە دەست دەرچوو بوو، و کار گەیشتبووە قۆناغێك ماوەی پاشگەز بوونەوەی نەمابوو[٥٠].

**پێش ئەوەی نێوانی گەلی کورد و حکومەتی عێراق بگاتە لێکدابڕانی یەکجاریی، زنجیرەیەك ڕووداوی وا هاتە پێش، کە بارەکەیان بەرەو گرژیی و تەقینەوە برد. حکومەت تا دەهات لە وادە باشەکانی بۆ کوردستان لە بارەی مافەکانی گەلی کوردەوە بەپێی بەندی سێهەم لە دەستوری کاتی ، پاشگەز دەبووەوە. لە بەهاری ١٩٦٠ چەکدارەکانی هەندێ لەو هۆزانەی دژی بارزانییەکانن کەوتنە سەرپێچی کردن، ئەم ڕوداوانەش هاوکات بوو لەگەڵ گرتن و راونانی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئەمن. لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٦٠ بە ئاشکرا دەرکەوت کە عەبدولکەریم قاسم لە ژێر کاریگەریی هەلپەرست و شۆڤێنیەکاندا بەرەو لێك دابڕان دەڕوا. لەگەل گەلی کوردا بە جۆرێ سەری لێ شێوابوو لەم دواییانەدا چاك و خراپ و دۆست و دوژمنی لێك جیا نەدەکردەوە[٥١]، بزووتنەوە دیموکراتیی و شیوعیەکانی لەخۆی دوور خستنەوە و لەگەڵ بەعس و پیلانگێڕەکان کەوتە چاوبڕکێ و ڕازی کردنیان. لە کوردستان هانی دەرەبەگەکانی دەداو پڕ چەکی دەکردن. بەڵام ئەو مەترسیەی زیاتر هەرەشەی لە کورد دەکرد وەکو گەل، ئەو گوتارە بوو کە ڕۆژنامەی (سەورە) ی سەر بە عەبدولکەریم بڵاوی کردەوە، تیایدا داوای تواندنەوەی نەتەوایەتیی کوردی کردبوو لە بۆتەی**

نەتەوایەتیی عەرەبداو، پێشنیاری ئەوەش کرابوو ئەگەر پێویست بوو بۆ ئەو مەبەستە هێزیش بەکار بهێنرێ. پارتی دیموکراتی کوردستان دەماودەست پێشی ئەو پیلانەی بە زنجیرە گوتارێك لە ژێر ناونیشانی ((نەتەوەی کوردو بەندی دوو لە دەستووری کاتی عێراقدا)) گرت کە لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاو کرایەوە، تیایدا دەڵێت: (گەلی کورد سوورە بەوەستان دژی هەر توانەوە و تێکەڵ کردنێك بە مەبەستی لەناوبردنی کورد و کوردستان، کورد حەز لە یەکێتییەك ناکەن هیچ شتێکیان بۆ دابین نەکات ، بێجگە لە کۆیلەیی و بێ بەش بوون لە مافەکانیان و ڕەتکردنەوەی بوونی نەتەوەییان، هەروەها تەنیا ئاسن و ئاگرو کۆتی بەندیخانەکانیان بۆ بمێنێت).[٥٢] ...

بەندی دووەم لە دەستوری کاتی عێراقدا دەڵێت: عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. بەڵام بەکارهێنانی ووشەی عێراق بە کام واتایە؟ عێراق بەواتای مێژوویی و جوگرافیی وڵاتێکە زۆر لە عێراقی ئەمڕۆ بچوکتر، بە واتایەکی سیاسییش عێراق بریتییە لەو وڵاتەی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بەلێکدانی بەشێکی زۆر لە عێراقی مێژوویی لەگەڵ بەشێك لە خوارووی کوردستان پێك هات... گومان لەوەدا نیە کوردستان ناکرێ ببێتە پارچەیەك لە نیشتیمانی عەرەب. هەر لەو دەستورەدا دان بەوەدا نراوە کە لەم نیشتیمانەدا کورد و عەرەب هاوبەشن.

لە کۆتایی سالی ١٩٦٠دۆخەکە لە کوردستاندا گەیشتە قۆناغێکی ناسك، پاشگەزبوونەوەی حکومەت لە کردەوە باشەکانی وەك دەستکەوتی شۆڕش، لەوانە جێبەجێ کردنی بەندی سێهەم لە

دەستوری کاتیا درێژەی پێ درا. هەروەها حکومەت دەستی کرد بە دەرکردنی ئەفسەرو فەرمانبەرانی سوپا بە تایبەت لە پارێزگا کوردییەکاندا. حکومەت لە کوردستانا بەئاشکرا پاڵی دایە لای دەرەبەگ و پشتی کردە پارتی دیموکراتی کوردستان. دەرەبەگەکان گرژبوونی نێوان پارتی و عەبدولکەریم قاسمیان بە دەرفەت زانی و دەستیان لە دژایەتیی کردنی حکومەت هەڵگرت و بەربوونە گیانی جوتیاران و خراپترین تۆڵەیان لێ کردنەوە. لەلایەکی ترەوە لەگەلێك ناوچەدا خوێندنی کوردییان تێك داو، دەرچوونی کتیبی سیاسیی و ئەدەبییان لە کوردستان قەدەغە کرد و حکومەت بەتەواوی پێویستییەکانی گەلی کوردی خستە لاوە[٥٣]...

قاسم پێی وابوو ئەگەر کێشە و ناکۆکیی لە نێوان سەرۆك خێڵەکان و بارزانیدا پەرەی پێبدرێت باشترین ڕێگە چارەیە بۆ لاوازبوونی دەسەڵاتی بارزانی ، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕوایە کەوتە هاوکاریی کردنی خێڵەکانی دژ بە بارزانی و بارزانییەکان.

ئەوەی پترهەستی عەبدولکەریمی جوڵاند ، سەردانە دوو مانگیەکەی بارزانی بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ٥- ١١/١٩٦٠ لە سەر بانگهێشتی حکومەتی سۆڤیەت بۆ بەشداری کردنی لە ئاهەنگەکانی ئۆکتەبەردا، بارزانی لە مۆسکۆ بە گەرمی پێشوازیی کرا، بە درێژیی لەگەڵ کاربەدەستاندا دوا و خرۆشۆفیش پێشوازیی لێ کرد. بارزانی لەگەڵ لێپرسراوانی سۆڤیەتیدا باسی باری کوردستانی کرد، کە لەوانەیە بەهۆی هەلوێستی خراپی حکومەتەوە بتەقێتەوە. داوای لە سۆڤیەتیەکان کرد لەلای عەبدولکەریم قاسم

هاوکـاری بکـەن بـۆ گێڕانـەوەی بـاری نـاوخۆ بـەرەو ئاسـایی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نیـوان عەبدولکـەریم و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان. بیروڕای سۆڤیەتیەکان و بـارزانی زۆر لێـك نزیـك بـوون لـەبارەی کـارکردن و ڕاییکردنـی بـاری کوردسـتان و ڕێگـرتن لـە ڕووداوی مەترسـیدار .سـۆڤیەتیەکان بـەڵێنی پشـتگیریی بـارزانی و گـەلی کوردیـان دا لـە تێکۆشـانە ڕەواکەیـدا بـۆ گەیشـتن بـە مافـە ڕەواکانی و پێشکەش کردنی هەموو جۆرە یارمەتییەك ئەگەر گـەلی کورد لەلایەن حکومەتەوە پەلامار درا....

بارزانی لە ١٣-١/١٩٦١ دا گەڕایـەوە بەغداو بـۆ ڕۆژی دوایـی داوای چاوپێکەوتنی عەبدولکـەریم قـاسمی کـرد، بـەڵام ئـەو بـە ئانقەسـت چاوپێکەوتنەکەی دوا خست، بارزانی زیاتر لە هەفتەیەك چـاوەڕوان بوو تا توانی بیبینێ، بارزانی لە قسەکانی عەبدولکـەریم قاسـم بـۆی دەرکـەوت ئەوەنـدە گومـانی لـە دڵدایـە هـەروا بـە ئاسـایی پـاك نابێتەوە، ئەو لەلای خۆیەوە دڵنیـا بـوو لـەوەی بـارزانی ڕکەبـەریی سەرکردایەتی لەگەڵدا دەکات(٥٤).

سەرباری هەموو ئەو قەیران و بـارو دۆخـە نـەخوازراو و تێگەیشـتنە گوماناوییـە پەرۆشـیی بـارزانی بـۆ گەڕانـەوەی بـارێکی ئاسـایی لـە نێـوان کـورد و حکومەتەکـەی قاسـمدا ، لەگـەل قاسـم کـە بەیـەك گەیشتن گفتوگۆی نێوانیان سێ کاتـژمێری خایانـد، لـە نێـوان ئـەم گفتوگۆیـەدا نـە قاسـم دڵـی داکـەوت و نـە نەگەیشـتنە ئـەنجامێکی چاوەروان کراو، ئـەوەبوو لـە ئـازاری سـاڵی ١٩٦١ بـارزانی و چـەند سەرکردەیەکی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لـە سـەر داوای

مەکتــەبی سیاســی حــزب بەغــدایان بــەرەو کوردســتان بــەجیٚ هیٚشت.[٥٥]

لــە ئــازاری ســالّی ١٩٦١ دا دەســەلاّتدارانی عیٚــراق دەرچــوونی ڕۆژنامەی (خەبات) ی زمـان حـالّی پـارتی دیمـوکرات کوردسـتانیان قەدەغە کرد و دواتر چاپەمەنی تری کوردیشـیان ڕاگـرت. هـەروەها لە حوزەیرانی هەمان سالّدا شاندیٚك لە ڕیٚکخـراوە دیموکراتییـەکانی کـورد پیٚـك هـات و بـۆ باسـکردنی چـەندین پرسـی کۆمەلاّیـەتیی و سیاسیی و ئابووریی کوردستان لەگەلّ حکومەتدا بەرەو بەغدا بەڕیٚ کەوتن بەلاّم ویٚڕای هەولّەکانیان قاسم پیٚشوازیی لیٚ نەکردن(٥٦).

**بارزانی هەولّیٚکی زۆری دەدا قاسم لەخۆی رازی بکـات و کـاریٚکی وانـەکات کـە دلّـی برەنجیٚنیٚـت، بـەلاّم ئـەم پەیوەندییـە تاسـەر بەردەوام نەبوو ، لە زووەوە عەبدولکـەریم قاسـم کـەوتبووە ژیٚـر کاریگەریی عەرەبە شۆڤیٚنیەکان و ئەوانەی دژی چارەسەرکردنی کیٚشەی کورد بـوون بەڕیٚگـەی ئاشـتی. بۆیـە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـە ئاکامی ئەو ڕیٚ وشویٚنە خراپانەی دەرهەق بە کورد دەیگرتنە بەر ، وای لە پارتی دیموکراتی کوردستان کـرد کـە بـیر لـە هەلّویٚسـتی خۆیــان بەرانبــەر بــە قاســم و داکــۆکیکردنی پــتر لــە مافــە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکەنەوە (٥٧) . لەو ڕۆژانـە بـەدواوە پارتی کەوتە کارکردنی نهیٚنیی، جەماوەری ڕیٚکدەخست بـۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی هەر ئەگەرو پەلاماریٚك کە حکومەت بیکاتە سەر کوردستان، حکومەتیش لە پڕچەك کردنی ئەو هۆزانە بەردەوام بوو کەوا ناپاکیی و خۆفرۆشیی بووبوە پیشەیان.**

# هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و دەرئە نجامەکانی

پەیوەندییەکانی نێـوان کـورد و حکومەتەکـەی قاسـم ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بەرەو نەمان و ئاڵۆزیی دەچوو، قاسم لـە سـەرجەم بەڵێنـەکانی کە بە کـوردی دابـوو پاشـگەز بـووەوە. دەسـەڵاتی تـازەش هـەمان شـێوازی سیاسـەتی ڕژێمـی پاشـایەتی دژی گـەلی کـورد پـەیڕەو دەکرد ، کەوتنە دژایـەتیی کردنـی فێربـوونی ڕۆشـنبیریی کـوردی و کێشەو تەگەرەیان دەخستە بـەردەم بـەرەو پـێش چـوون و گەشـە کردنی، زۆربەی خوێندنگاکان لە ئاستی خۆیان مانەوە ، و پرۆسەی خوێندنیش بە عەرەبی بوو، جگە لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان لـە شاری سلێمانی و چەند شوێنێکی ترو لە خوێندنگە کوردیەکانیشـدا بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە خوێندنی مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی نە دەدرا، هــەروەها کوردســتان لــە زانکـۆی کـوردی بێبــەش کـرا و ، ناردنی قوتابیانی کوردیش بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی خوێندن ڕاگیرا و ژمارەی قوتابیان لە زانکۆکانی عێراقیشدا کەم کرانـەوە لـە هەموو کوردستاندا تەنها ١٠ دەزگای چاپخانە هەبوو، ئەمانە هۆکـار گەلێك بوون لە هاتنـە کایـەی گرژیـی و ئـاڵۆزیی نێـوان بزوتنـەوەی کوردو حکومەت. لـە ڕووی ئابوورییـەوە بارودۆخەکـە بـەرەو داڕمـان دەچوو، لەبەر ئەوەی ئەو پلانە ئابوورییەی کە دیراسـە کرابـوو هـیچ جۆرە ئەنجامێکی لێ نەکەوتـەوە و ئـەو چاکسـازییە کشـتوکاڵییەی کـە شـۆڕش ڕایگەیانـدبوو بـەجێ نـەهێنرا، بـە شـێوەیەکی گشـتی

قورسایی گوزەران لەسەر چینە ڕەنج کێشەکان زۆر زیادی کردبوو. لە بواری سیاسیشدا ئەو ئازادیی و دیموکراتییەی شۆڕشی ١٤ ی تەموز بانگەشەی بۆ کردبوو خەفەکراو نەهاتەدی، بەرەو ئەوە دەچوو دەسەڵات لە گەڵەوە بگوازرێتەوە ژێر یەکینەکانی سەربازیی[٥٨].

ئەگەر قاسم لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی دابوو پەشیمان نەبوایەوە و لە گرنگیی کەسایەتیی سیاسیی بارزانی و مافە ڕەواکانی کورد بگەیشتایە، ئەوا ئەو سیستەمە کۆمارییەی کە قاسم هەوڵی بۆ دەدا زۆر بەباشیی ئەنجامی دەبوو، مەخابن قاسم لە بنەمای سیاسیی پێکەوە ژیان لایدا و نەیتوانی سوود لە توانا سیاسیەکانی بارزانی وەرگرێت و لە ئاکامی دژایەتیی کردنی کورد لە سەر مافەکانی کەوتە داوی بەعسیەکانەوە.

پاش دەرکردنی بڕیاری داخستنی سەرجەم بارەگاکانی پارتی لە ٦-٣/١٩٦١ شارۆچکەکان جگە لە بەغداو سلێمانی ، و گرتنی بەشێك لە لێپرسراو و کادرانی، بارودۆخەکە هێندەی تر بەرەو ئاڵۆزیی دەچوو. سەرەنجام قاسم کەوتە ئابلۆقەدانی پارتە سیاسیەکانی ئەو کات و لێدانی دەسەلاتیان لە دام و دەزگا دەوڵەتیەکانداو ئەمەش سیاسەتێکی دیکەی قاسم بوو[٥٩].

بەر لە دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلول ، بارزانی لەگەل قاسم هەوڵێکی جدیانەی ئاشتی خوازیی دا بەڵام بێ سوود بوو. بۆ ئەو مەبەستە چەند یاداشت و داواکاری ئاراستەی حکومەتی بەغدا کرد، یەکەم لە بەهاری ساڵی ١٩٦١ لەبارەی ئەو گیروگرفتانەی کە لە

کوردستان پەیدا بووە، بە ووردی ڕوونی کردەوە کە لەلایەن ناحەزانی برایەتیی کوردو عەرەبەوەیەو، کاربەدەستانی ناوچەکە دروستی دەکەن و دەبیٚ سنورێك بۆ ئەم بارە ئاڵۆزە خراپە لە کوردستان دابنرێت و بە ئاشتی نەك بە شەڕ چارەسەر بکرێت. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە بارزانی هەردەم دژی هەڵگیرسانی شەڕ بووە.

بۆ جارێکیتر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ دا بارزانی و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان داواکارییەکیان سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا بە دەوڵەت دا، بەڵام ئەم داواکاریانەش ڕەت کرانەوە. بە مەبەستی دوورخستنەوەی ئەو شەڕەی بە هەموو پێوەرەکان چاوەروان دەکرا، بارزانی و پارتی بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن دوا هەوڵی خۆیان لە هاوینی ١٩٦١ دا، بەڵام قاسم هەردوو داواکەی ڕەت کردنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی و بارزانی لە پێناوی ڕوو نەدانەوەی شەڕ لە کوردستاندا دەست بەرداری هەوڵەکانیان نەبوون، لەبەر ئەوەی ئەوان لە مەرگەسات وماڵوێرانی شەڕ تێگەیشتبوون. پارتی بە مەبەستی لێك تێگەیشتنێکی ئاشتیانە کەوتە چالاکی پەیوەندی کردن بە هێزە نیشتیمانیی و نەتەوەییە دیموکراتیەکانەوە لە عێراق و دەرەوەدا، تا بکەونە نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم لەم ڕووەوە (عەزیز شەریف) هەوڵێکی زۆری داو لە هاوینی ١٩٦١ چەند جار هاتە بارزان و ویستیشی قاسم ڕازی بکا خۆی لە شەڕ لادا، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت.... لە تەموزی ١٩٦١دا کۆمیتەی ناوەندی پارتی جەلال تاڵەبانیان ناردە

بارزان بۆ گەیاندنی بیروڕای کۆمیتە بە بارزانی لەسەر باری تازەو بزانن چی بکرێت باشە، بارزانی ڕای خۆی دەربڕی کە ئەم کاتە بۆ کاری سوپایی و جاڕدانی شۆڕش لەبار نیە. بە هەموو خوێندنەوەکانی سەرکردایەتی پارتی ، نە کات بۆ کورد لەبارە ، نە ئامادەکاری تەواویش بۆ شۆڕش کراوە. مانەوەی ئەو کێشانەی دەرئەنجام بووە هۆی بەرانبەر بوونەوەی سەربازی ... ڕژێم بڕیاری پرۆسە سەربازیەکانی خۆی لە کوردستان راگەیاند و دوو لەسەر سێی سوپای عێراقی تیادا بەشدار کرد. لەبەرانبەر ئەم لەشکرکێشی و سیاسەتە نوێیەی حکومەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان لە (١٩٦١/٩/١١) دا خەباتی چەکداری و بڵێسەی شۆڕشی مەزنی نیشتیمانیی ئەیلولی بە رەسمیی لە دژی دەست درێژییەکانی حکومەت ڕاگەیاند[٦٠].

هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکە، کە هەندێکیان بۆ بارودۆخی کوردستان و وویست و ئیرادەی سەرکردایەتی کورد و هەندێکی دیکەش بۆ بارودۆخی عێراق و ویستەکانی عەبدولکەریم قاسم دەگەڕێتەوە. لەو هۆکارانەش بریتین لە:

**١-شکست هێنانی ڕێ و شوێنە ڕامیاریی و دیبلۆماسیەکان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و بە دەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد. لەبەر ئەوەی بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتەوە لە دژی گەلی کورد و مافەکانی، زەمینەی دانوستانی سەرکەوتوو نەڕەخسا و هەوڵەکان گەیشتبوونە بنج بەست.**

**٢- شكست هێنانی سیاسەتەكانی حكومەت لە چارەسەركردنی دۆزی نەتەوەی كورد و فەرامۆش كردنی ماف و داخوازییەكانی و پەیڕەوكردنی سیاسەتی سەركوت كردن و دواخستن و پەراوێزخستن.**

**٣- جێبەجێ نەكردنی بەندەكانی دەستوری كاتی عێراق بەتایبەت ئەوانەی كە پەیوەندییان بە مافەكانی گەلی كوردەوە هەبوو.**

**٤- بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی حكومەت لەمەڕ بەرپاكردنی جەنگ و سوتماككردنی خاك و كۆمەڵكوژی كورد وەكو بەشێك لە مافی چارەنووس و مافی بەرگریی كردنی ڕەوا لەخۆ كەلە زۆرێك لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتیی و نێوخۆییەكانی پەیوەندیداردا سەلمێنراوە(٦١).**

**٥- قاسم خاوەنی سیاسەتێكی دیاریكراو نەبوو ، هەروەها نەیتوانی بەسەر هەموو چین و توێژەكاندا زاڵ بێت، بەڵكو هەموو پارتە سیاسییەكانی عێراقی كردبوون بە دوژمنی خۆی و تاكڕەویی و ئەقڵیەتی سەربازیی ، قاسمی بەرەو هەڵبژاردەی شەڕ دەبرد.**

ئەم هۆكارانە و هۆكاری تریش هەن كە بەیەكەوە كۆدەبنەوە و وای لە كەش و هەوای كوردستان و ئیرادەی كورد كرد كە بەڕووی دەست درێژییە سەربازیی و كاولكارییەكاندا بوەستێتەوە.

بزاڤ و سەرهەڵدانی ئەیلول لە ڕادەبەدەر مەزن و فراوان و هەمەگیر بوو، بەو ئەندازەیەی كە هیچ پارت و ڕێكخراوێكی سیاسیی بە تەنیا، بگرە ئەگەر بە دەیان حزبی سیاسیی چەپ و ئاینیی و

دیموکراتیی و تەنانەت نەتەوەخوازیش هەبان، نەیاندەتوانی ئەو هەموو ناتەبایی و یەك نەگرییە هۆزیی و ناوچەیی و زمانیی و ئاینییە، لە ژێر یەك ڕەشماڵ و لەسەر یەك ڕێباز کۆبکەنەوە. ئەو سەرکردە و شۆڕشەش تەنها شۆڕشی مەزنی ئەیلول و مستەفا بارزانی بوو...

بارزانی بە چۆکنەدان و تێکشکاندنی هەژموونی داگیرکەران خۆی سمبولی نەتەوە و، بەرخۆدان بوو[٦٢]. بارزانی خۆی مرۆڤێکی فرە رەهەند و فرە تەوەر بوو، لە باری ئاینییەوە، نوێنەرایەتی ئاینداران کۆمەڵگەی کوردی کردووە.لە عیرفان و خوا پەرستیدا سەردارو پێشەوای ئەهلی تەسەوف و تەریقەت بووە. لە شۆڕشگێڕیی نمونە و سمبولی خۆڕاگریی و خەباتی ڕەوای گەلەکەی خۆی لە سەردەمی گێژاوی خنکێنەری سیاسەتی جیهانی دوو جەمسەریی و سەردەمی شەڕی سارد بووە، دامەزرێنەری شۆڕشێکی چەکداری مەودا دریژی ڕەوا، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی، پاریزگاری کردن لە خەڵکی سڤیل بە پێی یاسا نێو دەوڵەتییەکان و پاراستنی مافی دەستگیرکراوانی شەڕ بە گوێرە و بەپێی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ خەباتی کردووە[٦٣].

شۆڕشی ئەیلول لە ڕووی سیاسیی و سوپایی و کۆمەڵایەتیی وستراتیژییەوە ، هەرگیز ناتوانرێ لەگەل جوڵانەوەیەکی کوردیی پێش خۆی بەراورد بکرێ، لەبەر ئەوەی:

**١–لە بابەت هەل ومەرجی سیاسیی نێودەوڵەتییەوە، تەنها شۆڕش و بزاڤی کوردییە کە دەکەوێتە سەردەمی شەڕی سارد و**

بـــارودۆخێکی گـــۆڕاو، لـــە ڕووی ئـــاڵۆزیی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەت و ڕیزبەندیی و کۆت و پەیوەندی جیهانی، و پرۆسەی هاوسەنگیی هێز ، کـە لـە نێـوان هێـزە زەبەلاحــە نێودەوڵەتیەکانــەوە، بەســەر هــەموو جیهــانی مرۆڤایەتی دا سەپێنرابوون.

٢- ئیدارەدانی شۆڕش لە ئاستی کوردستان و پێکەوە گونجاندنی پێشـمەرگە و جـەماوەری کـورد، لـە خێـڵ و هـۆزو ئـایین و کەمینەی نەتەوەیی جیاواز، کـە زۆربـەی ئـەو جەنگاوەرانـە ڕەنگ بوو بـۆ یەکـەم جاربێـت لـە دەرەوەی ناوچـە و شـارو هۆزەکەی خۆی کەسێکی تر بە زمان و ئاخافتن و دیـالێکتی ترو باوەڕی مەزهەبیی و جلوبەرگی تر ببینن. یەکخستنی ئەو هەموو هۆزە لێك جیاوازانـە هەریەکـە و بـەگوێرەی ناوچـە و سەرکردە و هـۆز و گونـدی خـۆی فـۆرمێکی دەروننناسـانەی قورس بووە، کە جێبەجێی کردون و پێکەوە گونجاندنی تەنیا بە هێزو قورسایی بارزانی بەڕێوە چووە.

٣- بە بازاڕکردن و ناساندنی شۆڕش و ڕەوایی کێشەی کورد وەك بزاڤێکی مافخوازیی و ئازادیخوازیی دیمـوکرات، بـە شـێوازی مۆدێرن و سەردەمیانە و گەیاندنی ئەم پەیامەی شـۆڕش لـە ڕووی دیبلۆماسیی و ڕاگەیاندن، بە بیروڕای گشتیی جیهان و ناوەنـدەکانی دەسـەڵاتی جیهـانیی، ئـەزمونێکی نـوێ و زۆر سەخت بووە، کە شۆڕشـی ئـەیلول وەك یـەکێك لـە مـەرج و ئەرکە پێویست و هاوچەرخەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی دەبوایە شانی بدایە بەر.

**٤- ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان هەموو ڕەوت و لایەنە هزریی و ئایدۆلۆژیی و مەزهەبییەکان لە چوارچێوەی یەك بڕیارو یەك دروشم و یەك ستراتیژدا، پرۆسەیەکی یەکجار قورس و دژوار بووە. ئەم هاوسەنگییە تەنها بە کاریگەریی و کاریزمایی بارزانی هەڵدەسوراو بەڕێوە دەچوو.**

**٥- ئیدارەدانی شۆڕش و بەرەوپێش بردنی لە نێوان باریك ترین ئەو درزو کەلێنە سیاسییانەی کە لە نێوان سنوورەکانی کێبڕکێ و بلۆك بەندییەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا مابوونەوە و هەریەك لە چوار دەولەتی داگیرکەری کوردستان کە نیوە بەنیوە کەوتبوونە ژێر چەتری پاریزگاری یەکێك لەو زلهێزانە و بەسەر بلۆکەکان دابەش بووبوون، هێزی خۆیان خستبووە گەڕو ڕاستەوخۆ بزاڤی کوردی و شۆڕشی ئەیلولیان دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان حساب دەکرد. هاوکێشەیەکی لە ڕادەبەدەر ئاڵۆزو پڕ سەرئێشە بوون بۆ شۆڕش و ڕابەرەکەی(٦٤).**

هەرچەند ماوەی کورت کورتی گفتوگۆ شەڕی ڕادەوەستاند، بەڵام بە درێژایی زستانی ئەو ساڵە شەڕ بەردەوام بوو، تا لە سەرەتای سالی ١٩٦٢ گفتوگۆ بەمەبەستی شەڕ ڕاگرتن دەستی پێکردەوە. دوبارە لە ناوەڕاستی مانگی ئازاردا ئەم گفتوگۆیەشیان بێ ئەوەی ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە تەواو بوو، و شەڕ لە کوردستاندا بەگەرمیی درێژەی پێ درا. بەڵام ئەمجارە لە سالی ١٩٦٣ دا پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتنی زۆر گەورەیان بەرانبەر بە

دوژمن بەدەست هێنا، و لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەشدا ڕێگەیان لە هێرشی خێڵە لایەنگرەکانی قاسمیش گرت[٦٥] .
لە ئەنجامیشدا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ دا هەردوو لا ڕازی بوون بۆ مۆرکردنی ئاگربەست کە ئاراستەی دووژمنایەتی گۆڕی بۆ بەگژا چوونەوەی ناحەزانی لەنێو بەعسیەکان و ناسرییەکان و گروپە نیشتیمانییەکاندا بەڵام لە ئاکامدا نەیتوانی بەسەریاندا زاڵ بێت. بەهۆی ئەو سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکانەی شۆڕشی ئەیلول لەو دەمانەدا بەدەستی هێنا و ئەو ڕەنجە سیاسیی و ڕێکخستنانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی خۆی لە نێو چینەکانی گەل دا دابووی، دەسەڵاتی شۆڕش بە تەواویی لە سەرتاسەری کوردستاندا دیاربوو[٦٦] .
ئەو بەرەنگاربوونەوە سەرکەوتوانەی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانەوە، هێزەکانی قاسمی بە جۆرێك پەرێشان و ماندوو کرد، کە بەعسیەکان لەگەڵ تاقمە سەربازییەکەی عەبدولسەلام عارف ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەبوو، توانیان زۆر بەئاسانیی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە کودەتایەکی سەربازیی خویناوی کۆتایی بە حکومەتەکەی شۆڕشی ١٩٥٨ی قاسم پاش شەڕێکی کورت و خۆبەدەستەوەدانی قاسم بهێنن وخۆیان جێگاکەی بگرنەوە و لە ٩ ی شوباتدا قاسم گولەباران کرا[٦٧] .

## شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق

ڕاستە ئەم کودەتایە لەلایەن بەعسیەکان و تاقمە سەربازییەکەی عەبدولسەلام عارفەوە بە ئەنجام گەیەنرا، بەڵام بزوتنەوە ناسیۆلیستەکانی عەرەبیش پاڵپشتێکی تری ئەم کودەتایە بوون. لەلایەکی ترەوە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەمەبەستی بەرژەوەندی خۆیان ڕوخانی ڕژێمی قاسمیان زۆر مەبەست بوو، لە سەروی هەموویانەوە ئەمریکا بۆیە پشتگیریی تەواوی بەعسیەکانیان دەکرد تا بگەنە سەر تەختی دەسەڵات. بۆخۆشیان دانیان بەو ڕاستیانەدا ناوە. لە ئاکامدا بە هاوکاریی هەموو لایەك توانیان ڕژێمێکی دکتاتۆریی سەربازیی ڕاستڕەو و توندڕۆ لە عێراق بهێنێتە سەر تەختی دەسەڵات[٦٨].

کودەتای بەعس لەساڵی ١٩٦٣ بۆ کوردی باشوری کوردستان بەیەکێك لە ساڵە ڕەش و شوومەکان دادەنرێت[٦٩]. هەر ئەوەندەی دەسەڵاتیان لە عێراق گرتەدەست دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانێکی توونـدی هێزە دیموکرات خوازەکانی وڵات، بەتایبەت دژی حزبی شیوعی عێراق. بەگشتی وڵاتیان کردە ئۆردوگایەکی زیندانی کردن. لەگەڵ هەموو ئەم ڕوداوانەشدا فەرمانڕەوایانی نوێ بەفەرمیی ڕایانگەیاند کە بەبێ دوو دڵی سوورن لەسەر (چارەسەر کردنی ئاشتیانەو دادپەروەرانەی کێشەی کورد).

هەرچەند لە سایەی ئەو هەل ومەرجە پڕ لە کاری تۆقاندن و ڕاونانە، کە دژ بە کۆمەڵی هێزە دیموکراتخوازەکان گرتبویانە بەر،

مستەفا بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بایەخێکی زۆریان بە بەڵێنەکانی ڕژێمی ڕاستڕەوی بەعسیەکان نەدەدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قایل بوون بە دەست پێکردنەوەی وتوویێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورد(٧٠) .

لە ناوەڕاستی شوباتی سالی ١٩٦٣ دوو جار گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی بزوتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق ئەنجام درا. سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد یاداشتێکیان لە ٥ ی ئاداری ١٩٦٣ ڕادەستی وەفدی حکومەتی عێراق کرد ، و تیایدا داوای ئۆتۆنۆمیان لە سەر چەند پرەنسیپێك کردبوو(٧١) .

گەشتی ئەم گفتوگۆیانە بەبێ ئەنجام تەواو بوو. دواتر بڕیار درا لە سەر ئاستێکی بەرزتر وتوویێژ بکرێت، ئەم وتوویێژانەش لە (مانگی ٤ ی ساڵی ١٩٦٣) ئەنجام درا. لە ناوەڕاستی هەمان مانگدا ئەنجومەنی نیشتیمانیی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق بەیاننامەیەکی ڕاگەیاند کە تیایدا پرۆژەی ئیدارەی ناسەنترالی(اللامەرکزیە) بۆ چەند ناوچەیەکی عێراق دەرکرد، لەوانەش کوردستان وەك ڕێکارێك بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد(٧٢) .

ئەم بەیاننامەیە شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو هیچ کام لە ئامانجەکانی شۆڕش بهێنێتە دی، هێنان و بردنی نێوان حکومەت و سەرکردایەتیی شۆڕشیش هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە. لەوکاتەدا بارزانی وای بەباش زانی پرس و ڕاوێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە نیشتیمان پەروەرە

دڵسۆزەکاندا بکا. بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کرا کە هەموو لایەنە میللیی و سیاسی و پیشەییەکانی گرتە خۆی و هەموو ڕێکخراو و سەندیکا و ئامۆژگا زانستیەکان نوێنەریان تێیدا هەبوو. ئەم بیرە زادەی خەیاڵی بارزانی خۆی بوو، ئەو خاوەن و جێبەجێکاری بوو. بارزانی دوای تەواوبوونی کاروباری خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە و ئامادەکردنی پێویستیەکانی گەڕایەوە کۆیە و لەماڵی کاکە حەمە زیاد ئاغای کۆیە لە ڕۆژی ١٨ ی ئاداری ١٩٦٣ دا دەستی پێ کرد و چوار ڕۆژی خایاند . نزیکەی دوو هەزار کەس تیایدا بەشدار بوو. پاش تەواو بوونی کۆنگرە یاداشتێکیان دا بە حکومەت بڕیارەکانی کۆنگرەیان تیادا نووسی بوو[٧٣].

پاش بەڕێکردنی یاداشتەکە لەلایەن وەفدی کوردییەوە، چەند گفتوگۆیەك لە نێوان هەردولا کرا، باری سەرنجی هەردوو لا نزیك بوو، بەڵام هەر کاتی قسە لەبارەی سنورەوە دەستی پێ دەکرد کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوێ دەگرێتەوە ، باری سەرنجیان لێك دوور دەکەوتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوو کەرکوك و خانەقین و شنگارو زەمار لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا بێت.

هەر لە ١٠ ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا ئەنجومەنی نیشتیمانیی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە، کە باسی دەست پێکردنی کاری سوپایی تێدا کردبوو[٧٤]. ناوچەکانی باکوری وڵات پارێزگاکانی (موسڵ، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك) ناوچەی سەربازیی و گۆڕەپانی شەڕن هۆشداریشی دایە کورد و مۆڵەتی ٢٤

کاتژمێریشی بۆ دانانی چەکەکانیان دیاری کرد، هەروەها ئەوەشی تێدا هاتبوو بە پێچەوانەی ئەو بریارە خۆیان هەموو ئەنجامێك لە ئەستۆ دەگرن. لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی سەربازیی لە کوردستان، دەسەڵاتداران بە پێچەوانەی بەڵێنەکانیان ئەندامانی شاندی وتووێژکاری کوردیان بە سەرۆکایەتی(ساڵح یوسفی) دەستگیر کرد.

ئەمە سەرەتای شەڕی ڕژێمی توندڕەوی بەعس بوو دژی گەلی کورد. لە ڕۆژی دواتری هەڵگیرسانی شەڕ، حکومەت بڕی ١٠٠ هەزار دیناری وەك پاداشت بۆ ئەو کەسەی دەستنیشان کرد کە مستەفا بارزانی سەرکردەی بزوتنەوەی کورد بە زیندوویی یان بە مردوویی بیهێنێتە بەغدا[٧٥]. لەگەڵ بۆردومان کردنی گوندو ئاوەدانیەکان، کوردستان جارێکی تر دووچاری گەمارۆی توندی ئابووریش بووەوە. هەروەها سیاسەتی کۆمەڵکوژیی دژ بە ڕۆڵەکانی کورد هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد لە پێناو پاریزگاری لە مافەکانیان چوونە پاڵ بەرەکانی شۆڕش، تا دەهات پیلان و پەلامەرەکانی دوژمن بەرفراوان دەبوون بەڵام شکست هێنانیشیان هەر بەردەوام بوو. بە شێوەیەکی گشتی هاوینی ساڵی ١٩٦٣ هاوینێکی گەرم و خوێناوی بوو، سەختترین سەردەم بوو کە بەسەر گەلی کوردا تێ پەڕی. حکومەت هەرچی هێزی هەبوو هەمووی خستبووە مەیدانی شەڕەوە، کە ئەم سەرکەوتنانەی کورد نیگەرانی حکومەتەکانی دراوسێی کوردستانی لێ کەوتەوە، بۆیە تورکیاو ئێران کە هەردوکیان لە ئەندامانی پەیمانی ناوەندی سەنتۆ بوون بە

هەماهـەنگی دەسـتیان کـرد بـەکاری هاوبەشـی سـەربازیی لەگـەڵ عێراقدا دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد.

بــەرگری قارەمانانــەی شۆڕشــگێڕانی کــورد هــەموو پیلانــەکانی دەسـەڵاتدارانی عێـراق و هاوپـەیمانانی بـۆ لـەناوبردنی بزوتنـەوەی کورد بە شێوەیەکی خێرا لە گۆڕنران. کاتێك یەکێتی سـۆڤیەت ئـەم شەڕە سەختەی دژ بە کورد مـەحکوم کـرد ، خـەباتی رەوای گـەلی کــورد لەلایــەن ڕای گشــتی و پێشــکەوتوخوازیی جیهانــەوە بــە گەرمییەوە پشـتگیریی لـێ کـرا. ((بـەڵام پێشترهەڵوێسـتی یـەکێتی سۆڤیەت لەم سەردەمەدا یەکێك بوو لە شـتە نـەگونجاوە سیاسـییە سەیروسەمەرەکان ، پێشـەوایانی سـۆڤیەت زۆر چـاك لـەو کـردەوە قەڵاچۆکارییە دڕندانەیە ئاگاداربوون کە ڕژێم بە درێـژایی ئـەو مـاوە پــڕ تــرس و ســامە، دەرهــەق هاوباوەرەکانیــان دەیــانکرد کــە شیوعیەکانی عێراق بوون کە چی لەگەڵ ئەوەشـدا دەمـانبینی هـەر چـەك و جبەخانەیـەك کـە ڕژێـم داوای لـێ دەکـردن پێشکەشـیان دەکرد)) [٧٦]. گەمارۆی ئابوریی و توانای سـوپا لـە چـەك و ژمـارەو دەسـت تێـوەردانی بیـانی لـە پـاڵ عێـراق ، ڕەوشـی شۆڕشـگێڕانی کوردی خستە قۆناغێکی سەختەوە، لەم ساتە سەختەدا هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت جیاوازتر لە پێشوو کـە بـە توونـدی ئـەم شـەڕەی مەحکوم کـرد، هـەروەها پشـتگیریی تەواویشـی بـۆ خـەباتی ڕەوای کــورد لــە پێنــاو ئۆتۆنۆمیــدا، ئەمانــە گرنگییــەکی گــەورەی بــە چارەنووسی گەلی کورد بەخشی.

# دەزگای چاپ و بڵاو کراوەکانی شۆڕش

سەرباری هەموو ئەرکە حزبیی وسەربازیی و برەودان بەپتەویی گیانی خۆڕاگریی نیشتیمانیی لەناو جەماوەرو بەرفراون کردنی بەرەی شۆڕش، بارزانی و سەرکردایەتیی حزب لە زووەوە دەرکیان بە گرنگیی ڕۆڵی هەستیارانە و ڕاستەوخۆی ناوەندی ڕاگەیاندن و جۆرەکانی کردبوو. ڕاگەیاندنی شۆڕش دەبێتە ڕێچکە و پردێك بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش و پێشمەرگە، سەرکردایەتیی و جەماوەر، پێشمەرگە و پێشمەرگە، پێشمەرگەو جەماوەر، هەروەها دەبێتە ناوەندی هۆشیارکردنەوەی پێشمەرگە و جەماوەرو سازو تەیار کردنیان و، لە سەر ئاستی دەرەوەش ئامرازو کەناڵێکی زۆر پێویستە بۆ ناساندنی شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی و ڕێبازو بەرنامە و ئەو ئامانجانەی کە خەباتیان بۆ دەکات. بۆیە هەر لە سەرەتای دەرفەتەوە حزب بووە خاوەنی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی خۆی بەناوی (خەبات) ەوە کە بووە ئۆرگانی ناوەندیی حزب. لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولیشەوە بارزانی هەوڵی بێ وچانی دەدا بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئامێرو پێویستییەکی ناوەندە جوداکانی ڕاگەیاندن و هانی پێشکەوتنیانی دەدا، ئەوەتا لەو هەوڵانە بەیارمەتی هەندێ سەربازی نەناسراو (ون) لە نیشتیمان پەروەرانی کورد کە لە دەرەوە دەژیان پلانیان ئەوە بوو پەیامنێرانی ڕۆژنامەی بیانی بە قاچاخ بگەیەننە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٢ توانرا پۆلی یەکەمی پەیامنێرە

ڕۆژنامەیی و ڕادیۆییەکان بگەیەنرێتە ناوەوە.
ڕادیۆش بریتییە لەو ئامرازە هەستیارو گرنگەی دەتوانرێت لە ڕێیەوە دەنگی شۆڕش و چالاکیەکانی بۆ جەماوەری دورو نزیك بگوازرێتەوە . سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵی دا دەزگایەکی بڵاوکردنەوە (ئێستگەیەکی ڕادیۆ) بۆ خۆی پەیدا بکات. سەرکەوتن لەو بوارەدا زۆر ئەستەم بوو، تا سێ کوردی فەیلی کە کادرانی پارتی بوون لە بەغدا بە ڕەنج و تەقەلایەکی مەزنەوە ڕادیۆیەکی سەرەتاییان گواستەوە بەرەی شۆڕش . هێزی ئەم ئیستگەیە لەیەك کیلۆوات کەمتر بوو، هەمیشە لە هەوڵی بەرفراوان کردنی مەودای بڵاوکراوەکانیدا بوون، سەرەنجام لە ڕێی کەسانی دڵسۆزو پسپۆڕ بە پشتگیریی بارزانی ڕادیۆیەك بۆ دەنگی شۆڕش دابین کراو، لە ڕۆژی ٢٩-٩/١٩٦٣ بۆ یەکەمجار دەنگی شۆڕش، و نرکەی پێشمەرگە لە (ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق)ەوە ڕاگەیەنراو بڵاوکرایەوە و گەیشتە جەماوەری خۆڕاگری کوردستان و عێراق. تەنانەت لە ناوچەکە و جیهانیش دەنگی دایەوە[٧٧]. وێڕای بارودۆخی سەختی دژواری چاپەمەنی شۆڕش ڕۆژنامەی خەبات لە دەرچوون ڕانەوەستا . پاش ئەوەی دەستەکەی برایم ئەحمەد هەوڵیان دا چاپخانە کۆنەکەی پارتی لەگەڵ خۆیاندا ببەن ، نەیانتوانی بەڵام ئاگریان تێبەردا. پارتی توانی لە ساڵی ١٩٦٤ چاپخانەیەکی سەرەتایی لە هەولێرەوە پەیدا بك او بۆ ناو بەرەی شۆڕشی بگوازێتەوە. ئەو دەمە توانرا بڵاوکراوەی (اخبار کوردستان) دەنگ وباسی کوردستانیش بە ڕێك وپێکی دەرچێت.

هەر ئەو چاپخانەیە ئەرکی لە چاپدانی نامیلکەی حزبیی و سوپایی و بەیانەکانیشی لە ئەستۆدا بوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری دەکردن. بڵاوکراوەی تریش ناوبەناو لە لقەکانی حزبەوە دەردەچوون کە هۆشیاری نیشتیمان پەروەریی و دیموکراسییان بەناو جەماوەردا بڵاو دەکردەوە و، ورەیان بەرز دەکردنەوە، ئەوانەش بریتی بوون لە (کادر، دەنگی پێشمەرگە، کوردستان لە لقی١، سەفین لە لقی٢، مەشخەڵ لە لقی٣، ڕزگاری لە لقی٤)[٧٨].

# بەردەوامیدان بەشۆڕش و سەرکەوتنەکانی

ئەم سەرکەوتن ودەستکەوتە یەك لەدوای یەکانەی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش بووە هۆی پەرەسەندنی ململانێی نێوان لایەنە ناکۆکەکانی سەرکردایەتیی فەرمانڕەوا لەسەر چۆنیەتی فەرمانڕەوایی و بەرانبەر بوونەوەی کێشەکانی ناوخۆ بە گشتی و کێشەی چارەسەر نەکردنی کوردیش بەتایبەتی لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ عەبدولسەلام عارف بەهاوکاری عەبدولڕەحمانی برای و هەندێ لە ئەفسەرانی خۆی، کودەتایەکی حکومیان بەرپاکرد. بەم شێوەیە بوو بەسەرۆك و هەموو دەسەڵاتێکی بۆخۆی دابین کرد. بەڵام بە هەمان دەسەڵاتی پێشوو ئەمیش نەیتوانی هیچ کێشەیەکی وڵات چارەسەر بکات، لەوانەش کێشەی کورد. دوای ئەوەی دیسانەوە نەیانتوانی سەرکەوتنی گرنگ لە شەڕدا دژی کورد بەدەست بهێنن، بڕیاریاندا لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن، بێ ئەوەی عارفیش هیچ پرۆژەیەکی پەسەندکراوی لەلایەن کوردەوە بۆ چارەسەر کردنی ململانێکە لە هەگبەدابێت[٧٩].

ئەم گفتوگۆیە بۆ چەند جارێك درێژەی هەبوو، تا لە ئاکامدا لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕێککەوتن نامەیەکیان سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ لە کوردستان و یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی کێشەکە مۆرکرد. حکومەتی عێراق دەقی ڕێککەوتننامەکەی لە ڕێی کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕاگەیاند[٨٠]. هەموو هێزە پێشکەوتوخوازەکان لە وڵات و دەرەوەدا بەخۆشییەوە پێشوازییان لە بڕیاری شەڕ ڕاگرتن

کرد و، ئەو هەنگاو و ڕێکارە بارو دۆخەکەی لە کوردستاندا بەرەو هێوربوونەوە دەبرد. ئومێدیان خواست چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کورد بێتە ئاراوە، بەڵام بەداخەوە ڕژێمەکەی عارفیش هەمیشە بە میتۆدی پشتگوێ خستنی داخوازییە ڕەواکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پابەند بوو. لە ٤ ی ئایاری ١٩٦٤ (تاهیر یەحیا) سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستورێکی کاتی تازەی بۆ کۆماری عێراق دەرکرد، بەڵام کەمترین داخوازی بزوتنەوەی گشتیی دیموکراتیی عێراق و تەنانەت داخوازییەکانی بزوتنەوەی کوردی بەدی نەدەهێنا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کوردستان هێمنییەکی باش باڵی بەسەردا کێشابوو.بەردەوامی زیاتری ئەو هێورییە لە بەرژەوەندیی کوردا بوو .

ئەم ئارامییەی وڵات بەرەو چارەسەرو ڕێککەوتن لەگەل عێراق ، بە هیچ شێوەیەك دوژمنانی کورد بە تایبەت ڕژێمی شا پێی قبوڵ نەدەکرا، هەوڵی تەواویان دەدا کەوا ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ پوچەڵ کردنەوەی ڕێککەوتنەکەی شوبات . بۆیە لەهەمان کاتدا پلەو پایەی دیاری بارزانی لەق بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شای ئێران کەوتبووە گفتوگۆی ژێربەژێرلە ڕێی بەرپرسی ساواك (عەقید عیسا پژمان) بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکەیان...لە ئەنجامی ئەم پیلان گێڕییە ، پارتی دیموکراتی کوردستان دووچاری قەیرانێکی قوڵی ناوخۆی حزبیی بوو، ئەوەبوو سەرکردایەتی حزب بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوو. ئەو گروپەی کە سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد) و

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتیان دەکرد بە (باڵی مەکتەبی سیاسی) ناوزەد دەکران، لە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان جودا کردەوە. ڕێڕەوی ڕوداوەکانی داهاتوو ئەوەی دەرخست کە ئەو دابەش بوونەی ڕیزەکانی حزب لەو سەردەمەدا زیانێکی زۆری بە بزوتنەوەی کورد گەیاند. هەرچەند مستەفا بارزانی هەوڵێکی زۆری دا تا ئەو لێکدابڕانە چارەسەر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتیی شۆڕش لیژنەی چاودێریی و پشکنین بۆ چارەسەری ئەم لەتبوونە ئەو ڕۆڵە ببینن، سەردانی هەردوو لا بکرێ و، دواتر بڕیاری بەستنی کۆنگرە بدرێ و کێشەکە کۆتایی پێ بێت.

پێویستە ئەوەش بڵێین بارو دۆخی عێراق و کوردستان و پەیوەندییەکان ، کۆمەڵێك گۆڕانکاریی و ڕووداوی گەلێك هەستیار لەسەر بارودۆخی گشتی کورد و چارەنووسی حزب وعێراقیش ڕویاندا. لە گرنگترین ئەو ڕوداوانە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناوخۆی حزبەوە هەبوو ئەوەبوو لەگەڵ دەست پێشخەرییەکانی بارزانیش بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان ، لە نیسانی ١٩٦٤ کۆنفرانسێك لەلایەن دەستەکەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە لە ماوەت بەسترا، تەنها کادیرانی شوێنکەوتووی خۆیان بەشدارییان تیادا کرد کە ژمارەیان ٨٠ کەس بوو. بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە بەتەواوی بووە هۆی ناکۆکیی و دووبەرەکیی لە ناو حزبدا. هەرچەند لیژنەی چاودێریی و پشکنین لەسەر بڕیاری بارزانی لە کارەکانی خۆیاندا بەردەوام بوون وهەوڵی تەواویان دا تا ئەو لەت بوونە ڕوو نەدات .

لــه ئاكــامی بــەردەوامیی گفتووگــۆ لەگــەڵ هــەردوولا، بڕیاریانــدا بەستنی کۆنگرە کێشەکان یەکلا بکاتەوە. پاش ڕەزامەندیی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی لیژنـەی ئامادەکـاریی کـۆنگرە لـەم هەڤاڵانـە پێك هێنرا :

(عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، نەعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شـێخ عومـەر، ئەحمـەد گەرۆتـە، عەبـدوڵڵا ئیسـماعیل، و کەسانی تریش) . پاش ڕەزامەنـدیی بـارزانی و مەکتـەبی سیاسـیی ١-٧/ ١٩٦٤کـۆنگرەی شەشــەم لــە قــەڵادزێ بــە ئامــادە بــوونی نزیکـەی ٦٠٠ نوێنــەر بەســترا . کـۆنگرە بـەر لـە دەسـتپێکردنی کارەکانی وەفدێکی دوازدە کەسی نارده ماوەت تاکو بێنە کـۆنگرە بەڵام نەهاتن، کۆنگرە بـەردەوامیی بـە کارەکـانی خـۆی دا و بـووە خاوەنی چەند بریارێك، لەو بریارانەش :

(سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێردرا و مستەفا بارزانی بـە کـۆی گشـتیی دەنــگ لەلایــەن بەشــداربوانی کـۆنگرەوە بــە ســەرۆکی پــارتی هەڵبـژێردرا. ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی ئـەم هەڤالانـە بـوون : (حەبیب محەمەد کەریم، دکتـۆر مـەحمود، عـەزیز عـەقراوی، سـاڵح یوسفی، دکتۆر فوئـاد جـەلال، ڕەمـەزان عـەقراوی، نـەعمان عیسـا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، عەلی سنجاری، یەدوڵڵا کـەریم، عومـەر شـەریف.، مسـتەفا قـەرەداغی، حەمەئـەمین بـەگ، عەگید سدیق). لە کۆمیتـەی ناوەنـدی پێشـوودا ئەمانـە دەرکـران : (ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تالەبانی، سەید عـەزیز شـەمزینی، نـوری

ئەحمەد تەها، عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، جەلال عەبدولڕەحمان، نوری شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، حەمەی حاجی تاهیر، کەمال محیەدین و کەسانی تریش).
مەکتەبی سیاسیش بەم شێوەیە بوو:
١-حەبیب محەمەد کەریم. ٢- دکتۆر مەحمود. ٣- مەستەفا قەرەداغی. ٤- ئیسماعیل عارف. ٥- هاشم عەقراوی.
دەستەی چاودێریی و پشکنینی باڵا لەم هەڤالانە هاتە کایەوە: (شەوکەتی حاجی عەلی، محەمەد مەلا قادر، فارس کورەمارکی، مەلا ساڵح حاجی، مەلا حەیدەر مەحمود و هەڤالانی تر)(٨١).
پاش دوایی هاتنی کۆنگرە بۆ یەکلایی کردنەوەی دۆخەکە، بارزانی لە ڕۆژی ١٢ ی تەموزی ١٩٦٤ بەرەو ماوەت کەوتە ڕێ، بەر لە گەیشتنی بارزانی بە ماوەت هێزی پێشمەرگە توانیبوویان ناوچەکەیان لەدەست وەرگرنەوە و، تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد ناچار کرا لە سنوور ئاودیو بکرێن و خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی ئێران بکەن. وەك پاشتر بەدەرکەوت ئەم تاخمە پەیوەندیی و ڕێکەوتنی پێشوەختەیان لەگەڵ ڕژێمی ئێران هەبووە. ئێرانیەکان هەندێکیان گواستنەوە بۆ بانە و بەشێکی کەمیشیان لە سەردەشت لە ژێر چاودێریی مانەوە. پاش پڕوپاگندەیەکی زۆر بۆ هێزەکانیان و بەپشتگیریی هێزەکانی ئێران و بڵاوکردنەوەی بوختان و ترسێکی زۆر لەسەر دانیشتوانی ئاوچە سنورییەکان، لە ١٧ی ئاب بە نیازی دەستدرێژیی کردن لە سنور بەرەو ناوچەکانی شلێرو سیوەیل پەڕینەوە ، هەندێك شەڕی سەخت ڕووی دا، بارزانی لەودەمەدا کە

له گوندی گەناوی ناوچەی قەلادزێ بوو، ناچار بوو دوبارە بەرەو ناوچەی شەڕ ڕوو بکاتەوە ماوەت و چوارتا ، هەر کە هێزی یارمەتیی و بارزانی گەیشتنە شوێنی پێویست ، هێزەکانی ئیبراهیم ئەحمەد ئەوەیان بەباشتر زانی دەست بەجێ بەرەو ئێران بکشێنەوە. بارزانی وهێزەکەی تا هێڵی سنوور ڕۆیشتن. پاشتر ئێرانیش له شاری هەمەدان جێگیری کردن . لەگەڵ ئەم هەموو شکستانەشدا بۆ چەند جارێك بە پشتگیریی ئێران هەوڵی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان دا بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبوون، تا لێبوردنی سەرکردایەتیی حزب و شۆڕشیان بۆ دەرچوو. له ساڵی ١٩٦٥ به بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش گەڕانەوە کوردستان، بەڵام ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشو کاریان پێ نەدرا، بەبریاری شۆڕش لە (دۆڵەڕەقە) دانران، و کادرەکانی ترو پێشمەرگە هەموویان وەرگیرانەوە و کاریان پێ درا.

## ڕێکخستنەوەی پارتی وسوپای شۆڕش

بە مەبەستی دڵنیایی بوون لە گەڕانەوەی ئارامیی بۆ ناوچەکە ، بارزانی هەر لە ماوەت مایەوە وگەشتیشی بە ناوچەکەدا کرد. (پاش دڵنیا بوون لە ئارامیی ئەوجا ئیتر کاتی ڕێکخستنی ڕیزەکانی پارتی و سوپای شۆڕش هات. بارزانی بەدرێژایی هاتوچۆکانی خۆی لەوە بەدوور دەگرت بەو ناوچانەدا تێپەڕێت کە حکومەتیان تێدایە، بەڵام ئەمجارەیان کارێکی کرد کە بۆ هەموو لایەك لە پڕوا نەکردەنی بوو، لە ١٦ ی ئەیلولدا لە گەڕانەوەیاندا بەرە و ڕانیە چوونە شاری سلێمانی، پاش گەیشتنیان بە شاری ڕانیە پارێزگاری سلێمانی پێیی زانی و گلەیی بۆ بارزانی ناردبوو لەوەی ئەوی ئاگادار نەکردبوو تا ئەرکی مێوانداریی و پێشوازیی کردن بە جێ بهێنێ.

لەو ماوەیەدا پاش گەڕانەوەی بارزانی چەند کۆبوونەوەیەکی ڕێکخستنی حزبایەتیی و سوپایی کرا، بڕیاردرا بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچە ئازادکراوەکان ڕێك بخرێن. پاشان کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کرا سەرکردەکانی پارتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە و سوپاییە دیارەکان و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سەرۆك خێڵەکانی تێدا بەشدار بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەباری سەردەم کۆڵرایەوە " شۆڕش چی بەدی هێناوە و چ ئەرکێك لە ئەستۆی لایەنە بەرپرسەکاندایە؟ پاش ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو ڕا و گفتوگۆ لە ٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ دا، بڕیاری پێکەوەنانی

دەزگایەك درا كە پاشان بە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ناسرا.)(*)

**یەكێك لە بڕیارەكانی كۆنگرە ئەوەبوو ئەو ئەنجومەنە بۆ سەركردایەتیی كردنی شۆڕش دروست بكرێ ، لە (٧-١٠/١٩٦٤) بە فەرمیی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش لە ٦٣ ئەندام پێكهات.**

**ئەم ئەنجومەنە پێك هاتبوو لە : بارزانی (سەرۆك) ، ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی پارتی و فەرماندەی هێزەكان و ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەكانی وەك عەباس ئاغا مامەند ئاغا و كاكە زیادی حەمە ئاغا و ئەنوەر بەگی بێتواتەو مەحمود بەگی گۆڵێ و شێخ ڕەئوفی هەنجیرە و شێخ حوسێنی بۆسكێن و وەهاب ئاغای جندیان و دوو ئەندام لە سەركردایەتیی حزبی شیوعی و دووان لە پیاوە ئاینییە مەسیحییەكان.**

**پێكەوەنانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش هەنگاوێكی ستراتیجیی بوو. پاش ئەوەش ڕێكخستنی بەڕێوەبەرایەتیی بوو لەسەر بنەمای دانانی كاربەدەستانی بەڕێوەبەرێتیی (قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە، ...تاد..) .هەروەها دانان و دابەشكاری و پلە و ناونیشان و سەركردایەتییە جۆربەجۆرەكانی لەشكری شۆڕشی لە ئەستۆدا بوو.**

---

(*) بۆ زیاتر روونكردنەوە و دەرێژەی بابەتەكە بڕوانە سەرچاوەی: (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد)...بەرگی سێیەم ، بەشی یەكەم . ١٩٦١-١٩٧٥ ، شۆڕشی ئەیلول.ل١٨٥،١٨٦،١٨٧ .

**مەکتەبی سیاسیی تەرخان کرا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حزبایەتی و سکرتێرێکی بۆ خۆی هەڵبژارد کە حەبیب محەمەد کەریم بوو. هەروەها مەکتەبی تەنفیزیش پێکەوە نرا و بەرپرسی بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی بڕیارە تایبەتییەکانی کاروباری ناوخۆو سەرپەرشتی کردن و جێگرەوەی دەستەی حکومەتییەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی پێ سپێردراو، لە سەرەتا مستەفا قەرەداخی کرا بە سکرتێری و پاشان گۆڕدرا بە دکتۆر مەحمود عوسمان.**

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی هەڵبژارد، ئەرکی مەکتەبی تەنفیزیی زیاتر لە ئەرکی ئەنجومەنی وەزیران دەچوو. هەر ئەندامێکی بەرپرسی لقێك لە لقەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پێ سپێردرابوو، بەو جۆرە بەرپرسێك بۆ کاروباری دادودادوەری، بەرپرسێك بۆ هەواڵگری (ئیستخبارات) ، بەرپرسێك بۆ بەڕێوەبەرێتیی و ....تاد...هەبوو.**

سەرکردایەتیی لەشکری شۆڕش ڕاستەوخۆ بەدەست بارزانییەوە بوو، کۆمەڵێ ئەفسەری عێراقی هاتبوونە پاڵ شۆڕش پێوەی بەند بوون، کە ئەمانە بوون: عەقید تەها بامەڕنی ، عەقید عەبدوڕەحمان قازی، مقەدەم نافیز جەلال، مقەدەم عەزیز ئاکرەیی، ئەفسەری پۆلیس شێخ ڕەزا گوڵانی ، هەرەوەها یاسایەکیش بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دانرا. بەم جۆرە ئەو کەلێنە پڕ کرایەوە کە دووکەرت بوونەکەی ١٩٦٤ دروستی کرد و ، کوردستان کەوتە ژێریەك سەرکردایەتییەوە و متمانەی گەلی کورد بە شۆڕش نوێ بووەوە و باوەڕی بە ئەنجامەکانی زیاتر بوو.

لەشـكرى شـۆڕش لـە سـێ لەشـكر پێكهـاتبوو، لەشـكرى يـەك لـە بادينان و، لەشكرى دوو لە هەولێرو لەشكرى سێش لـە سـلێمانى و كەركوك، هەر لەشـكرەش لـە چـەند هيزێـك لـە سـنورى دەسـەلاتى خۆياندا دامـەزرا. وە نـورى مـەلا مـەعروفيش بـۆ سـەرۆكى ئـەركان دەستنيشان كرا.

ڕێكخستنەكانيش لە سەر سيستەمى لقەكان كە ژمارەيان پێنج لـق بـوو ڕێكخرانـەوە، ڕێكخسـتنەكانى دەرەوەى وڵـاتيش ڕاسـتەوخۆ پەيوەنديان بە مەكتەبى سياسيەوە هەبوو.

سەبارەت بە پێكهاتـەكانى ئەنجومـەنى تـەنفيزيش لـە شـەش بـەش پێكهێنرا بريتى بوون لە (بەشى دارايى و بەشى بەڕێوەبەرايـەتيى و بەشى دادگەريى و بەشـى تەندروسـتيى و بەشـى ئاسـايش و بەشـى كاروبارى ناوخۆ). لە ڕووى ئيدارەى هەر چوار شارەكەوە (هـەولێر، كـەركوك، سـلێمانى ، موسـڵ) بـۆ هـەر شـارێك پاريزگارێـك (موتەسەريفێك) ديارى كرا.

پاش ئەوەى تاهير يەحيا لە ١٤ى تشرينى دووەمى ١٩٦٤ دا دەست لەكار كێشانەوەى خۆى پێشكەش كرد، داواى لێ كـرا وەزارەتێكـى نوێ پێكـەوە بـنێ. لـە پێكهێنـانى حكومەتـە نوێكەيـدا بـێ لـەوەى خواسـتى خـۆى لەسـەر بێـت، سـەرجەم وەزيرەكـانى لـە تاخمـە دەمارگرژە كينە لە دڵەكان بوون، ئەميش لە ئاستياندا پياوێكى بێ دەسەڵات بوو. زۆر جار ناچار دەبوو بەپێى ئەوان بـڕوا بـەڕێوە[٨٢].

ماوەيەكى زۆر گەلێ هاتوچۆو ئاڵوگۆڕ كردنـى ياداشـت ڕووى دا، تـا ١٢ ى ئازارى ١٩٦٥ كە دوا نامەى بارزانى بووە وەڵـامى حكومـەتى

عێراقـی. سـاڵی ١٩٦٥ و سـاڵی دواتـر لـە سـاڵە تـالّ و قورسـەکانی تەمـەنی شۆڕشـن. لـەم سـاڵەدا زۆر شـەڕی سـەخت ڕووی داوە و سـەرکەوتنی مـەزنیش بەدەسـت هاتووە،هـەر لـەم سـاڵەدا سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە ناوچـەی پشـدەرەوە گواسـتیەوە بـۆ ناوچەی باڵەك و کردی بەبارەگای خۆی تا نسکۆی ١٩٧٥[٨٣].

لـە سـەرەتای سـالی ١٩٦٦ ئـەو دەسـتەیەی ئیـبراهیم ئەحمـەد و جەلال تالەبانی خۆیان رادەستی ڕژێمی بەعسی عێراق کرد. بـەعس پشتی پیّ بەستن و بنکەی سەرەکیی لە شارۆچـکەی بـەکرەجۆ لـە شاری سلێمانی بۆ کردنەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پڕچەکی دەکردن و لە کوردستاندا بلّاوەی پیّ کـردن. ئـەوانیش کەوتنـە ڕاونـان و گـرتن و کوشـتنی کـادرانی پـارتی و ڕۆڵـە دڵسـۆزەکانی کوردسـتان و شۆڕشـەکەی، بـە کـارە قێزەوەنـەکانیان نازنـاوی جاشـایەتییان لەلایەن جەماوەرەوە پێدراو بە جاش جەلالی و جاشی ٦٦ ناسران.

حکومـەتی عێـراق لـە نیسـانی سـالی ١٩٦٦ دا پلانـی بـۆ شـەڕێکی یەکلاکـەرەوە دژی هێزەکـانی پـارتی و بـارزانی داڕشـت، بـەڵام عەبدولسـەلام عـارف لـە ١٣ ی نیسـانی ١٩٦٦ لـە ئـەنجامی کارەساتێکی ئاسمانیی و لـە هەلومـەرجێکی نادیـاردا کـوژرا . دوای ئـەو عەبـدولڕەحمان عـارف کـە بـرا بچـوکی بـوو، پۆسـتی سـەرۆك کۆماری وەرگرت. ڕێچکەی حکومـەتیش لـە هەمبـەر کێشـەی کـورد هـەر وەکـو جـاران درێـژەی هـەبوو. ئـەوەبوو لەسـەرەتای ئایـاری هـەمان سـاڵدا شـەڕێکی گـەورە لـە دەڤـەری ڕەوانـدز لـە نێـوان هێزەکانی عێراق و جەنگاوەرانی کـورد ڕوویـدا، کـورد لـەم شـەڕەدا

تــەنها پارێزگاریــان لــە ســەنگەرەکانیان نــەکرد، بــەڵکو گــورزێکی کوشندەشـیان ئاراسـتەی هێزەکـانی حکومـەت کـرد. ئاکـامی ئـەم شەڕە زۆربەی دەسـەڵاتدارانی حکومـەتی گەیانـدە ئـەو قەناعەتـەی کەوا کێشەی کورد لە ڕێی سەربازییەوە بۆیان ناگاتە ئـەنجام، بۆیـە لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەگـەڵ سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـوردا گەیشتنە ڕێککەوتن نامەیەك[٨٤].

حکومـەت ئامـادەیی خـۆی دەربـڕی بـۆ دانـانی سـنورێك بـۆ بـاری نائاسایی لە ناوچەی کردەوە سەربازییەکان و داننـان بـە نەتـەوەی کــورد و مافــە نەتەوەییەکانییــدا و چەســپاندنی لــە دەســتوردا، هـەروەها دانـی نـا بـە زمـانی کـوردی لـە پـاڵ زمـانی عـەرەبی وەك زمانێکی فەرمیی لەو ناوچانەی کە زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن. ئەم ڕێککەوتن نامەیە کـە بـە (ڕێککـەوتن نامـەی ٢٩ ی حـوزەیران) ناسرابوو. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەموو داخوازیەکانیی کـوردی تێـدا نـەبوو، بـەڵام گـەلێك دەستکەوتیشـی تیـادا هـاتبوو، وێـڕای ئـەوەی سـەرکردەکانی بزوتنــەوەی کـورد بـە مەرجـەکانی ڕاگـرتنی شـەڕ قایـل بـوون، بـەڵام مسـتەفا بـارزانی ئامـاژەی بـۆ هۆیەکانی ئەم هەنگاوە کرد:(هیچ بژاردەیـەکی ترمـان لەبـەر دەمـدا نیە ، خەڵکەکە پێویستییان بە ئارامیی و حەسانەوە هەیـە، ئێسـتا بیرم کردەوە لەو بەروبوومەی کـە بۆمباکـانی ناپـاڵم گـڕی تێبـەردا، هەروەها بەوەی لە سـوتاندن ڕزگـار بـوون و، چاوەڕوانی دروێنـەی دەکەن، زستانیش لە شاخەکان زوو دێت، بەڵام ئاشتیی بەم زوانـە کۆتایی نایەت).

لەگەڵ گۆڕانی بەردەوامی پۆستە سەرەکییەکانی حکومەتی عێراق بە ئاشکرا دیار بوو کە حکومەت نایەوێت هەتا سادەترین مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکەن. هەموو ئەو دیدارو کۆبوونەوانەی لە نێوان حکومەت و نوێنەرانی شۆڕشی کوردا بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەنجام دەدرا، چەندین هەنگاوی تەکتیکییان لە خۆ گرتبوو. لە راستیدا پرسی جێبەجی کردنی ڕێککەوتننامەی حوزەیران وەکو خۆی بە مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

هەر لە سەر دەمی دەسەڵاتی عەبدولسەلامەوە ، پاش ئەوەی پارتی لەوە تێگەیشت کەوا ئەم دەسەڵاتەش بە هیچ شێوەیەك باوەڕی بە کێشەی کورد نەبوو، بەتایبەتی ئەو دەمەی حکومەتەکەی خۆی ڕاگەیاند، تەنها یەك وەزیر بۆ پارتی و یەك وەزیریش بۆ تاقمی جەلالیەکانی تیادا بوو، بۆیە پارتی خۆی کێشایەوە.

جارێکی تر پارتی بە مەبەستی بەخۆدا چوونەوە و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی و دامەزراندنی دامەزراوەی تر لە کوردستاندا وەك دامەزراندنی کارگێڕیی لەگەل ئەو بارودۆخەی لە کوردستاندا دەگوزەرا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی دا. بۆ کۆنگرە لیژنەی ئامادەکار لە هەندێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کەسانی تازە کە گەڕابوونەوە ناو حزب و کۆنە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوون پێك هات، وەك هەڤاڵان عەلی عەبدوڵلا و نوری شاوەیس کە بوون بە ئەندام لە لیژنەی ئامادەکارو لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦ دا دەست کرا بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە. پاش

ئامادەکـاری پێویسـت لـە (١٥-١١/١٩٦٦) کـۆنگرەی حەوتـەم لـە گەڵاڵـە بەسـترا، نزیکـەی ٣٧٠ کـەس نوێنـەری کـۆنگرە بـوون و لـە ماوەی شەش ڕۆژدا سەرکەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

لە هەڵبژاردنەکاندا بە تێکڕای دەنگی ڕاستەوخۆ مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و کۆمیتەی ناوەندیش لەم هەڤالانـە هەڵبـژێردرا: (حـەبیب محەمـەد کـەریم، دکتـۆر مـەحمود عوسمـان، سـاڵح یوسـفی، عـەلی عەبـدوڵڵا، نـووری شـاوەیس، سـامی عەبـدولڕەحمان، عـەزیز عـەقراوی، شـەوکەت عـەقراوی، هاشـم عـەقراوی، حەمـەد ئـەمین بـەگ، عـەلی سنجاری، نـەعمان عیسـی، شەفیق ئەمین، فـاتیح محەمـەد ئـەمین، شێخ محەمـەد هەرسـینی، مەجید ئەتروشی، ئەحمـەد ئەتروشـی). حـەوت ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە حـەبیب محەمـەدەوە تـا عـەزیز عـەقراوی بـوون بـە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی. دەستەی چاوێری و پشکنینی باڵاش لـەم هەڤالانـە پێـك هـات: (ڕەشـید عـارف ئەتروشـی سـەرۆك، نەجمـەدین یوسـفی، مـەلا حەیـدەر حەمـەد، سـەبری بۆتـانی، مـەلا ساڵح و دوو کەسی تر)[٨٥].

لـەدوای بـەردەوامیی دان بـە وەسـتانی شـەڕ بـە گـوێرەی ڕێککەوتننامـەی ٢٩ ی حـوزەیرانی نێـوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلول و حکومەتی عێراق، کۆنفرانسێکی سیاسیی و عەسکەریی لە ڕێکەوتی ١٥-٤/١٩٦٧ لـە بارەگـای مەکتـەبی تـەنفیزی لـە گونـدی ڕیزانۆك لە ناوچەی باڵەك بە ئامادە بوونی ٥٠ پـەنجا نوێنـەر بەسترا. ئەم کۆنفرانسە یەك ڕۆژیە سەبارەت بەو کۆمەڵە کێشـەو گیروگرفتـە

کۆمەڵایــەتیی و سیاســیی و ســوپاییانە بــوون کــە لــە ئاکــامی بەردەوامیی شەڕ وەستان سەریان هەڵدا. لـەم کۆنفرانسـەدا بـێ لـە گوتارە ئێرتیجالیە بە نرخەکـەی مسـتەفا بـارزانی کـە ٤٥ خولـەکی خایاند، مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسـیش گوتاریـان هـەبوو. سەرباری ئەم گوتارانە ئامادەبوان بـە ڕێژەیـەکی بەرچـاو بەشـداری گفتوگۆکەیان کرد.

لـەم کۆنفرانسـەدا بـە چـڕو پـڕی بـاس لەسـەر کۆمـەڵێك بابـەتی هەسـتیار کـرا، گرنگترینیـان بـاس لەسـەر کەسـوکاری شـەهیدان و یارمەتیدان و یاسای یارمەتیدانیان کرا. وە لەسەر پەیوەندیی نێوان شۆڕش و حکومەت کرا. تەوەرێکی تـری گفتوگۆکـان سـەبارەت بـە هەڵسوکەوتی خراپ و ناشیرینی جاشەکانی نـاو شـار بـە هاوکـاری ئیســتخباراتی حکومــەت بــوو و، ڕێکخســتنەکانی پێشــمەرگە و هێزەکـان بـووە باسـێکی هەسـتیار، لـە ئاکامـدا بڕیـاری کۆمـەڵێك گۆڕانکاری درا. لە گوتارەکەی بارزانی سەرۆکدا ئاماژە بە کۆمـەڵێك بابەتی هەستیاری پەیوەندیی و هەڵسوکەوتی نێوان بەرەی شـۆڕش و جەماوەر کە بوو بوونە جێی ڕەخنـەو گازنـدە. وە لـەم گوتـارەدا تەئکیدی لە پەیوەند بوون بە نەریت و ڕەوشتی بەرزی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە، و بەرانبـەر بوونـەوەی هەموو ئەو رووداوە نەخوازراوانەی دەبنە هۆی ناوزڕاندنی پێشمەرگە

و شۆڕش کرایەوە.(*)

لــە بەرەبــەیانی ١٧ی تــەموزی ١٩٦٨ ئەفســەرانی(بزوتنــەوەی شۆڕشی عەرەبی) بـە بەشـداریی لەگـەڵ ئەفسـەرانی حزبـی بـەعس کودەتایـەکیان ئەنجامـدا، ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش کـە دوای کودەتاکە پێکهات جەنـەراڵ (ئەحمـەد حەسـەن بـەکر) ی بـە سەرۆك کۆمار دانا. دوای تێپـەڕ بـوونی ١٤ ڕۆژ بەسـەر کودەتاکـەدا بەعسیەکانهاوپەیمانیی دوێنیان لە نا بەعسـیەکان لادا و حکومـەتی بەکریش تەنیا لە ئەندامانی حزبی بەعس پێکهات.

حکومــەتی بــەکریش بــە هــەمان شــێوەی حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکـەکانی پـێش خـۆی، لـە سـەرەتای دەسـتبەکار بوونیـان قسـە لەسەر کێشـە و چارەسـەر کردنـی مافـەکانی گـەلی کـورد دەکـەن. لەگەڵ ئەوەی لە دەستوری تازەی کاتی کـە لـە ئـەیلولی ١٩٦٨ وە لەلایەن حکومەتە تازەکەی بەکرەوە پیادە دەکـرا ، هـیچ بەنـدێکی دیاریکراوی دەربارەی مافەکانی گـەلی کـوردی تیـادا نـەبوو، بـەڵام بەرواڵەت رایانگەیانـدبوو کـە بـەنیازە دان بـە مافـە نەتەوەییـەکانی کـوردا بنێـت. ئـەوەبوو حکومەتـە ڕاگەیەنراوەکـەی بـەکریش بـووە خاوەنی یاسایەك لە دەستورە ڕاگەیەنراوەکەیدا کە چالاکی هـەموو حزبـە سیاسـیەکانی بێجگـە لـە حزبـی بـەعس قەدەغـە کـرد. لـەو دەمانــەدا لــە سەرتاســەری عێراقــدا کێشــەی کــورد لــە هــەموو

---

(*) بۆ خوێندنەوەی دەقی وتارە بە نرخەکەی مستەفا بـارزانی نـەمر لـە کۆنفرانسـی ١٥-٤-١٩٦٧ بڕوانە سەرچاوەی : محەمەد مەلا قادر(خەباتنامـە) ..دەزگـای چـاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، چاپی سێیەم، ل٢٢ تا ٣٣ .

کێشەکانی دیکەی ژیانی سیاسی وڵات لە پێشتر بوو، چونکە چارەسەر کردنی هۆیەکی سەرەکیی بوو کە ئاسودەیی وڵاتی لەسەر بەند بوو[٨٦].

لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٦٨ سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگی بڵاوکردەوە، کە بریتی بوو لە پرۆژەی پەیماننامەی بەرەی یەکێتیی نیشتیمانیی، پێیان وابوو کە حکومەتی بەکر بە تەنیا ناتوانێت بەرنامەی گۆڕانکارییە فراوانەکانی دیموکراتییەت بەبێ بەشداریی کردنی حزبە دیموکراتخوازو شۆڕشگێڕەکانی دیکە جێ بەجێ بکات. بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیار کرا حکومەتێکی نیشتیمانی هەمە بەرەیی بە بەشداریی حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند حزبی چەپی تر پێك بهێنرێت و چارەسەری ئاشتیانە و دادپەروەرانەی پرسی ئۆتۆنۆمیشی بۆ کورد پێ بێت، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەش بێ ئاکام بوون[٨٧].

دواتر شەڕ هەموو بەرەکانی گرتەوە ، ئەمجارە بە ئاشکرا لە هەموو ئەو شەڕانەدا چەکدارەکانی جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی گەورەیان تیدا هەبوو. ئەو هێرشەی لە ئایاری ١٩٦٩ کرایە سەر لوتکەی چیای شنروێ لە دەڤەری هەڵەبجە بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی خۆی بوو، کە بەزیانێکی زۆرەوە پاشەکشەیان پێکرا. سەرکردایەتی شۆڕش بیری لەوە کردەوە کە پاش لێدانی دامەزراوەکانی بابە گوڕگوڕ لە نیشانەی ستراتیجی تریش بدا. بۆ ئەو مەبەستە مۆڵگەی بەستی (سد) دوکان هەڵبژێردرا، لە ١٩ ی ئەیلولی هەمان ساڵدا

سەرکەوتوانە توانرا بارەگای لیواکە بگیرێت، بەم جۆرە جار لە دوای جار هێزی پێشمەرگە لە هەموو دەڤەرەکان داستانی سەرکەوتنی تۆمار دەکرد، لەوانە داستانی گرتك لە ناوچەی پشدەر، پاشان شەڕی مەرگە، دوای ئەو شکستانەی بەسەر هیزەکانی ڕژێمدا دەهات پلانێکی ورد بۆ پاککردنەوەی بەری مەرگە لە سوپاو جاش دانرا، هەر لەیەکەم کاتژمێری هێرشەکەدا لە ٦ ی کانونی هەمان ساڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، وای لێهات سوپا و جاش ناوچەکەی لەتاو زەبری کوشندەی هێزی پێشمەرگە بەیەکجاری چۆڵ کرد.

دوابەدوای ئەوە نۆبەی ئازادکردنی پیرەمەگرون هات، بۆ ئەو مەبەستە کۆکردنەوەی هێزی تێکەڵ لە هێزەکانی دەوروبەری ناوچەکە بە نەخشەی تۆکمەوە ئەنجام درا، لە ڕۆژی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ هێرشی پێشمەرگە دەستی پێ کرد و ئەنجامی شەڕەکە ئازادکردنی زنجیرە چیای پیرەمەگرون بوو . هەروەها لە ماوەی ٢٤ کاتژمیردا لە لوتکەی هەلاج و دۆڵە ڕووت و خەمزە و قەیوانیش جاشەکان پرژو بڵاوەیان پێ کرا. پاش کوشتارو خۆبەدەستەوەدانێکی زۆر هەموو ناوچەکەیان لێ پاك کردنەوە....لەو بەرەیەدا ئەمە سێیەم سەرکەوتن بوو، دڵ و دەرونی خەڵکەکە ئارام بووەوە، ئەم کردەوە گەلە سەرکەوتوانە مژدەی سەرکەوتنی تەواوی پێ بوو. لەگەڵ ئەو هەموو شکستخواردنەی هێزەکانی ڕژێم دوبارە لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ دا وەك بەشێك لە هێرشی گشتیی بەمەبەستی لاواز

کردنـی هێزەکـانی پێشـمەرگە لـە چـیای سورداشـەوە تـا دەڤـەری دوکان و پیرەمەگرون هێرشێکی بەربڵاویان دەستی پیٚ کـرد، پـاش ئەوەی هێزی پێشمەرگەی دامەزراو ڕاپەرین و لێیـان هاتنـە دەست بەجۆرێك شکان تەنها مۆڵگەی شـارەکانیان بەدەستەوە مـا، ئەمـە سـەرکەوتنی چـوارەم بـوو لەوبەرەیـەوە . پـاش ئـەم سـەرکەوتنە مەزنە سەرکردایەتیی شۆڕش پلانـی بـۆ ڕزگـار کـردن و گەڕانـەوەی هیـزی پێشـمەرگەی بـۆ بـەری قـەرەداخ و شـوان و بازیـان و شـێخ بزێنی و گەرمیان دانا.

ئـەو نەخشـەیە لەسـەر متمانـە و پشـت ئەسـتور بـوون بـە هێـزی پێشـمەرگە و کاریزمـایی سـەرکردایەتییەکەی کـە بـارزانی بـوو. بـەگوێرەی ئـەوە چـەندین گفتوگـۆ و لێوردبوونـەوەی ، لـە نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و مەکتـەبی عەسـکەری و بـەرپرس لەگـەل سـەرکردەی بەرەکانـدا کـرا بـۆ هێنانـەدی هاوئاوازییـەکی ورد و مشتومالْ کردنێکی هەمە ڕووەی ئـەو ناوچـانەی لـە ژێـر دەسـەلاتی جاشەکاندا بوون، خۆ ئامادەکردن بۆ جیٚ بـەجیٚ کردنـی نەخشـەکە تەواو بوو، مایەوە تەنیا دەستنیشـان کردنـی کاتـژمێری سـفر. لـەو ماوەیـەدا ڕژێـم هـەنگاوێکی بـۆ دەسـت پێکردنـی گفتوگـۆ نـا ، نەخشەکەش لەماوەی گفتوگۆدا لەگەڵ ڕژێم جیٚ بەجیٚ کرا(٨٨).

## سەرچاوەكان

١- مەسعود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی ڕیزگاریخوازی کورد. بەرگی دووەم (١٩٥٨- ١٩٦١) ، ٢٠١٢

٢- مەسعود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی یەکەم (١٩٣١- ١٩٥٨) . ساڵی :٢٠٢٠

٣- مەسعود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی دووەم (١٩٥٨- ١٩٦١) . ساڵی : ٢٠٢٠

٤ – مەسعود بارزانی : (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد). بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم (١٩٦١- ١٩٧٦) شۆڕشی ئەیلول چاپی : ٢٠٢٠

٥- مەسعود بارزانی : (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد). بەرگی سێیەم ، بەشی دووەم (١٩٦١ – ١٩٧٥) شۆڕشی ئەیلول. چاپی : ٢٠٢٠

٦- جەلیلی جەلیل، م.س. لازاریف...م.ێ. حەسرەتیان...شاکرۆ محۆی.. ئۆلگا میکالینا (شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا)، بەرگی دووەم (١١). چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠١٤، وەرگێڕانی : لە ڕووسیەوە بۆ عەرەبی: د. عەبدی حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: بەهادین جەلال مستەفا.

٧- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی : (بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ) چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر. ساڵی ٢٠١٨

٨- محەمەد مەلا قادر (خەباتنامە ، کورتە مێژووی پارت و کەلتووری بارزانی نەمر) . چاپی سێیەم. چاپخانەی ئاراس .هەولێر.ساڵی ٢٠١٢

٩- نهایەت عەلی حسێن (پەیوەندی سیاسی مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم) . پێشەکی و پێداچونەوەی :م.ئارام مەجید شەمێرانی. چاپخانەی چوار چرا. چاپی یەکەم. ساڵی ٢٠١٣

١٠- د. ساڵح مەلا عمر عیسی (قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق)، وەرگێڕانی : سلێمان تاشان. مەکتەبی ناوەندی

دیراسات و پێگەیاندنی حزبی. چاپی یەکەم.ساڵی ٢٠٠٨.
١١- پ.د.ناسح غەفوور ڕەمەزان: (کەلەپوورو ڕێبازی بارزانی نەمر لە تیۆری و پراکتیکدا) ، چاپخانەی ڕۆشنبیری. ساڵی ٢٠١٠
١٢- دیڤید کۆرن (بێرسی کۆکس و ئەرنۆڵد تی ویلسن ئەو دوو پیاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست) وەرگێڕانی: محەمەد ساڵح سەعید. دەزگای خاك.چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٤ سلێمانی
١٣- گۆڤاری کوردستانی سەدەی ٢١. بەرگی یەك ١٢-٢٠١٢/١٢، ژمارە ١٦ .هەولێر- کوردستان.
١٤- کاروان محەمەد مەجید (بارزانیەکان لە مهابادەوە بۆ سۆڤیەت)، چاپخانەی پەیوەند.چاپی یەکەم.ساڵی ٢٠١١
١٥- دیڤید مەکداوڵ (مێژووی هاوچەرخی کورد)، و: بەکر خۆشناو. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی دووەم. هەولێر. ساڵی ٢٠٠٥
١٦- ئەحمەد حەمە ئەمین (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نویێ و هاوچەرخی عێراق) چاپخانەی ڕۆژهەڵات. چاپی یەکەم. هەولێر . ساڵی ٢٠١٠
١٧- ئامانج حەسەن ئەحمەد (برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و روناکبیریی گەلی کوردا)، چاپخانەی ڕەنج .چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩
١٨- نادر ئینتیسار (ئێتنۆ نەتەوایەتی کورد)، و: عەتا قەرەداخی .چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی ،٢٠٠٤
١٩-جەمال نەبەز (کوردستان و شۆڕشەکەی) چاپخانەی منارە، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٧
٢٠- میڤان عارف عەبدولڕەحمان (کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر). بەشی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢١- د. کەوسەر عەزیز گەلاڵی (باشوری کوردستان) چاپخانەی کاروان،چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

## پەراوێزەکان

١ –مەسعودی بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی دووەم (١٩٥٨–١٩٦١) ، ساڵی ٢٠٢٠، ل١٤

٢– مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦

٣– مەسعود بارزانی : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

٤– مەسعود بارزانی : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

٥– نیهاتەت عەلی حسین: پەیوەندی سیاسی مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم. ١٩٥٨– ١٩٦٣،ساڵی ٢٠١٣، ل٤٢

٦– فەلاح حەسەن ئەحمەد: هەڵوێستی ئێران بەرانبەر شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥ . گۆڤاری خامە،ژمارە ١٢، ل٩،٨

٧– مەسعود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەرگی دووەم(١٩٥٨–١٩٦١) ، ساڵی ٢٠١٢، ل٣٧

٨– دیڤید کۆرۆن: بێرسی کۆکس وئەرنۆڵد تی ویلسۆن ئەو دوو پیاوەی کوردیان بە عێراقەوە بەست. و: محەمەد ساڵح سەعید،چاپی یەکەم، ٢٠١٤ ، ل٦٧

٩– مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢

١٠– مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣

١١– مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٤

١٢– ئامانج حەسەن ئەحمەد: برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕوناکبیری گەلی کورد. چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی ،٢٠٠٩، ل١٤٥

١٣– ئەحمەد حەمەد ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لەسەر مێژووی نویێ و هاوچەرخی عێراق. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ل١٧١،١٧٠

١٤– کاروان محەمەد مەجید: بارزانیەکان لە مهابادەوە بۆ سۆڤیەت.

چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل١٣٠
١٥- دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد. و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٩٧
١٦- نادر ئینتیسار: ئێتنۆ نەتەوایەتی کورد. و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٣٠
١٧- د. کەوسەر عەزیز گەلالی: باشوری کوردستان. چاپخانەی کاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣١،٣٠
١٨- کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا . و: محەمەد کەریم عارف، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٧،ل٢٥٨
١٩- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. چاپخانەی منارە، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣
٢٠- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو،(١٩٥٨-١٩٦١) بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٢٠،ل٤٥
٢١ - مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٦
٢٢- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦
٢٣- محەمەد مەلا قادر: خەباتنامە . چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی سێیەم، ٢٠١٤، ل ١٥
٢٤- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٧
٢٥- نادر ئینتیسار: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٠
٢٦- کاروان محەمەد مەجید: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٧
٢٧- ئەحمەد حەمەد ئەمین: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٥
٢٨- ئامانج حەسەن ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩
٢٩- مەسعود بارزانی: بۆ دەقی نامەکەی بارزانی بۆ عەبدولکەریم قاسم، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧
٣٠- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩
٣١- د. کەوسەر عەزیز گەلالی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥،٢٤

٣٢- كاروان محەمەد مەجید: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩
٣٣- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥١
٣٤- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥١
٣٥- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨
٣٦- كاروان محەمەد مەجید: هەمان سەرجاوەی پێشوو، ل١٢١
٣٧- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦١
٣٨- د.كەوسەر عەزیز گەڵاڵی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤
٣٩- فەلاح حەسەن ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١
٤٠- كریس كوچێرا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤
٤١- میڤان عارف عەبدولڕەحمان: كۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣
٤٢- كریس كوچێرا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٥
٤٣- ڕوینە لۆمبۆرن: كورد گەلێكی بێ وڵات. و: ئەمجەد شاكەلی، چاپی یەكەم، ستۆكهۆڵم، ١٩٩٤، ل٤٤
٤٤- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥
٤٥- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩
٤٦- محەمەد مەلا قادر: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٥٣،٥٢
٤٧- محەمەد مەلا قادر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤،٥٣
٤٨- نادر ئینتیسار: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧
٤٩- محەمەد مەلا قادر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥،٥٤
٥٠- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو،١٠٩،١١٠
٥١- ئارام مەجید عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤
٥٢- خەبات- بەغداد- ٢٢-٢/١٩٦١
٥٣- مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی دووەم(١٩٥٨-١٩٦١) . ساڵی ٢٠٢٠، ل١٢٣

٥٤- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣،١٢٤
٥٥- م.س. لازاریف: مێژووی کوردستان.و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٤٩
٥٦- جەلیلی جەلیل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩
٥٧- سۆران کەریم مستەفا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥
٥٨- ئارام مەجید عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢،٩٣
٥٩- ئارام مەجید عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨
٦٠- فەلاح حەسەن ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥
٦١- د.واحید عومەر ئەحمەد : دانوستانەکانی بزوتنەوەی یزگاریخوازی کوردی و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١-١٩٦٨ ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل٩٥
٦٢- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی: بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل٣٩٥
٦٣- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣
٦٤- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢.٣٩٠
٦٥- نادر ئینتیسار: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١
٦٦- فەلاح حەسەن ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥
٦٧- هەردی حەمە ئەمین فەتاح:
٦٨- نهایەت عەلی حسین: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١١
٦٩- سۆزان کەریم مستەفا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١،١٧٢
٧٠- جەلیلی جەلیل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢
٧١- مەسعود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، (بەرگی سێیەم،بەشی یەکەم) ، ١٩٦١-١٩٧٥، ساڵی ٢٠٢٠،ل ١٠
٧٢- الاخبار ، بیروت - ٢٨-١١/١٩٧٥
٧٣- مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، (بەرگی سێهەم ، بەشی دووەم) ١٩٦١- ١٩٧٥ ، ساڵی ٢٠٢٠،

ل١٠٧،١٠٨

٧٤- مەسـعود بـارزانی: بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، (بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم)، ١٩٦١-١٩٧٥ ، ساڵی ٢٠٢٠ ، ل١٢٠

٧٥- جەلیلی جەلیل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤

٧٦- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤

٧٧- پ.د.ناسح غـەفور ڕەمـەزان: کەلـەپوورو ڕێبـازی بـارزانی نـەمر لـە تیۆری و پراکتیکدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، ل٨١

٧٨- مەسـعود بـارزانی: بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، (بەرگی سێیەم، بەشی دووەم) ، ١٩٦١-١٩٧٥، ساڵی ٢٠٢٠، ل٢٣٤

٧٩- جەلیلی جەلیل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥،١٧٦

٨٠- بۆ دەقی ڕێککەوتن نامەکەی حکومەتی عێراق و وەڵامەکەی مستەفا بـارزانی ، بروانـە : (بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد) ، (بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم)، ١٩٦١-١٩٧٥، ساڵی ٢٠٢٠، ل١٦١-١٦٠

٨١- محەمەد مەلا قادر: هەمان سەرچاوەی پێشو٢و، ل٦٢،٦٣،٦٤

٨٢- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩

٨٣- مەسعود بارزانی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠

٨٤- جەلیلی جەلیل: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢

٨٥- محەمەد مەلا قادر: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤،٦٥،٦٦

٨٦- جەلیلی جەلیل: هەمان سەرجاوەی پێشوو، ل١٨٤،١٨٥

٨٧- طریق الشعب - بغداد .کانون الپانی عام ١٩٦٨

٨٨- مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (بـەرگی سێیەم، بەشی دووەم) ، ١٩٦١- ١٩٧٥ ، ساڵی ٢٠٢٠، ل١٨.

# پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان
# دوای ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠
# ( ١٩٧٠ – ٢٠٠٣ )

# نــاوەڕۆك


- ڕێككەوتننامەی ١١/ئاداری/١٩٧٠
- كۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموكراتی كوردستان
- ئامارژەكانی بەدنیازیی حكومەتی عێراق لە ئاست جێبەجێكردنی ناوەڕۆكی ڕێككەوتننامەی ١١/ئاداری/١٩٧٠
- هەڵگیرسانەوەی شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥
- ڕێككەوتننامەی جەزائیر و لێكەوتەكانی
- سەر هەڵدانەوەی شۆڕش
- كۆنفرانسی بەرلین
- كۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموكرتی كوردستان
- كۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموكرتی كوردستان
- ڕاپەڕینی گەلی كوردستانی عێراق و دەستكەوتەكانی
- ڕاپەڕین
- كۆڕەو
- بەرگریكردنی بێ وێنە
- دانوسانی نێوان بەرەی كوردستانی و حكومەتی بەغدا
- هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان:
- ڕاگەیاندنی فیدراڵیی
- كۆنگرەی یانزە
- شەڕی ناوخۆ و ڕێككەوتننامەی واشنتۆنی ١٩٩٨/٩/١٧
- كۆنگرەی دوازدەهەم
- ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ڕووداوەكانی پاشتر

## ڕێککەوتننامەی ١١/ ئاداری/١٩٧٠ :

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی نۆ ساڵ لە هەموو بەرەکانی بەرگریکردن لە کوردستان بەرامبەر بە هێزەکانی رژێمی بەعس بە جاش و جەیشەوە بە سەختی لە بەرگریکردندا بوو.

لە سەرەتای مانگی شوباتی /١٩٦٩ وە، تا نزیکەی کۆتاییەکانی ساڵ، چەندین داستانی گەورە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە تۆمارکران و شکستی زۆر گەورە تووشی هێزەکانی رژێم بوو.

دواجار حکومەتی عێراقی بە ناچاری کەوتە گفتوگۆ کردنەوە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش، چەندین شاندیان نارده لای بارزانی و مەکتەبی سیاسی، دەرئەنجامی گفتوگۆکانیش ڕێککەوتننامەی (١١/ئاداری/١٩٧٠)ی لێکەوتەوە کە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراقی واژۆکرا.

لەساڵی یەکەمدا زۆر بڕگەی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ کراو ئیشەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەرێوە چوون ، بەلاّم زۆری نەبرد ناکۆکی وگیروگرفت سەریان هەڵدەداو رۆژ لە دوای رۆژ کەڵەکەی دەکرد، وردە وردە ئەو گەرمیی و کەفوکوڵەی لەسەرەتادا بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی ناو ڕێککەوتنەکە هەبوو، نەما.[1]

هەرچەندە تەمەنی ئەو ڕێککەوتننامەیە کورت بوو، دوای خۆدزینەوەی حکومەتی عێراقی لە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان،

جارێکی تر شەڕ لە نێوان پارتی و حکومەتدا هەڵگیرسایەوە، بەڵام رێککەوتننامەی١١/ئازاری/١٩٧٠ بوو بە پێگە و بناغەی پەیوەندییەکانی ئایندەی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق و وەك دەستکەوتێکی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمار دەکرێ.

**ناوەرۆکی خاڵەکانی رێککەوتننامەکە بریتین لە :**

١ـ زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی، دەبنە زمانی فەرمیی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانیان کوردە، هەروەها دەبێتە زمانی خوێندنی ئەو ناوچانەش و لە تەواوی عێراق دا وەك زمانی دووەم لە خوێندنگاکان دا دەخوێنرێ.

٢ـ کوردەکان بەشدارییەکی تەواوی حکومەت دەکەن و ئەم بەشدارییە پلە گرنگەکانی حکومەت و سوپاش دەگرێتەوە .

٣ـ پەرە بە پەروەردە و کولتوری کوردی دەدرێ.

٤ـ گشت فەرمنبەرانی حکومەت لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردە، کورد یان ئەوانە دەبن کە کوردی دەزانن.

٥ـ کوردەکان ئازادن کە رێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایانی خۆیان دامەزرێنن.

٦ـ بودجەیەکی پێوست بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان دەکرێ.

٧ـ موچەیەك بۆ خێزانی شەهیدان و خێزانە هەژار و بێکار و ئاوارەکان دیاریدەکرێ و یارمەتییان دەدرێ .

٨ ـ کوردەکـان و عەرەبـەکان دەگێڕدرێنـەوە شـوێنی (دانیشـتنی) پێشووی خۆیان .

٩ـ چاکسازیی زەوی ئەنجام دەدرێ .

١٠ ـ دەستووری کاتی بەم شێوەیە هەموار دەکرێ:(گەلی عێراق لـە دوو نەتـــەوە پێـــك دێ، نەتـــەوەی عـــەرەب و نەتـــەوەی کورد)،(زمـانی کـوردی زمـانی فـەرمیی دەبێـت لـە ناوچـە کوردییەکانـدا شـان بـە شـانی زمـانی عەرەبی)،(چەسـپاندنی ئەوەی پێشەوە لە دەستوری هەمیشەییدا).

١١ــ (ئێزگـەی رادیـۆ)(*) و چـەکە قورسـەکان تەسـلیمی دەوڵـەت دەکرێنەوە.

١٢ـ جێگری سەرۆکی کۆمار کورد دەبێت.

١٣ـ یاسای پارێزگاکان بە شێوەیەك هەمواردەکرێت کە لەگەڵ ئـەم بەیاننامەیەدا بگونجێت.

١٤ــ بودجـەی ئـەو ناوچـانەی زۆربـەی دانیشـتوانیان کـوردە، لـە یەکەیەکی ئۆتۆنۆمییدا یەکدەخرێ.

١٥ ـ گەلی کورد بە رێژەی ژمارەی دانیشتوانی لە چاو دانیشتووانی عێراق، لە دەسەڵاتی یاسادانانـدا بەشداردەبێ.

---

(* ) مەبەست ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراقە.

# كۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموكراتی كوردستان

پاش رێككەوتنی یازدەی ئادار، پارتی دیموكراتی كوردستان پێویستی بەوە بوو كە سوود لەو بارودۆخە وەربگرێت، دەبوایە چاو بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیدا بخشێنێتەوە، ئەم كارەش تەنیا بە گرێدانی كۆنگرە ئەنجام دەدرا.

كۆنگرەی هەشتەمی پارتی كە لە ١٩٧٠/٧/١ بەسترا كۆنگرەیەكی جیاواز بوو، لەبەر ئەوەی(٤٨٨) نوێنەر بشداری كۆنگرەكە بوون كە زۆربەیان بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەكانی كوردستانەوە هاتبوون. ژمارەیەكی زۆر ئافرەت بەشداری كۆنگرە بوون، ئەمەش یەكەمجار بوو بەو رێژەیە ئافرەت بەشداریی كۆنگرە بكەن.

كۆنگرە لە كەش و هەوایەكی ئازاددا بەسترابوو، بارزانی ئامادەی كۆنگرەكە بوو، وتارێكی مێژوویی پێشكەشی ئامادەبووان كرد. گۆڕانكاریی پێویستی ئەو سەردەمە لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆدا كراو بڕیاری سیاسیی گرنگی تایبەت بەو بارودۆخە نوێیە وەرگیران.

بارزانی نەمر بە تێكڕای دەنگی راستەوخۆی نوێنەرانی كۆنگرە، بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان هەڵبژێردرایەوە.

**هەڵبژێردراوان بۆكۆمیتەی ناوەندی كە لە(٢١) ئەندام پێكهاتبوو، ئەم ناوانەی خوارەوە بوون:**

١ـ حەبیب محەمەد كەریم

٢ـ ئیدریس بارزانی

٣ـ مسعود بارزانی

٤ـ ساڵح یووسفی

٥- دکتۆر مەحمود

٦- سامی عەبدوڕەحمان

٧- عەلی عەبدوڵڵا

٨- نوری شاوێس

٩- هاشم عەقراوی

١٠- ئیسماعیل مەلا عەزیز

١١- عەزیز عەقراوی

١٢- فاخیر مێرگەسۆری

١٣- فارس باوە

١٥- شەکیب عەقراوی ١٤- رەشید سندی

١٦- عەبدولوەهاب ئەتروشی

١٧- عەلی سنجاری

١٨- دارا تەوفیق

١٩- عەبدول سۆران

٢٠- سدیق ئەمین

٢١- زەکیە ئیسماعیل حەقی

**ئەندامانی یەدەگ:**

١- رەشید عارف

٢- عەلی هەژار

٣- نوعمان عیسا

٤- شێخ رەزا گوڵانی

٥- جەرجیس فەتحوڵڵا

٦ـ محەمەد مەلا قادر

٧ـ شەعبان سەعید

٨ـ حەمید بەرواری

٩ـ عەبدولقادر عەزیز

**حەبیب محمەدکەریم : بە سکرتێر دیاریکرا**

**ئەندامانی مەکتەبی سیاسی:**

١ـ دکتۆر مەحمود عوسمان

٢ـ سامی عەبدوڕەحمان

٣ـ عەزیز عەقراوی

٤ـ ساڵح یووسفی

٥ـ عەلی عەبدوڵڵا

٦ـ نوری شاوێس

**ـ ئاماژەکانی بەدنیازیی حکومەتی عێراق لە ئاست جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی رێککەوتننامەی ١١/ئاداری/١٩٧٠:**

ئەو هۆکار و رووداوانەی کە زەمینە سازییان دەکرد بۆ بێ متمانەیی بە حکومەتی عێراق و تێکچوونی پەیوەندیی نێوان پارتی و دەسەڵات بەتایبەتی لە هەمبەر رێککەوتننامەی یازدەی ئادار رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو زیادبوون دەچوون، حکومەتی بەعس لەوە دەچوو کات بەسەر ببات تا خۆی ئامادە بکاتەوە بۆ شەڕێکی نوێ.

بە تێپەڕبوونی مانگەکانی ساڵی ١٩٧٣ ئاسۆی باشترکردنی پەیوەندییەکان تاریك بوو، بەعس خوازیاری هاوکاریی کورد بوو،

بەلاّم ئامادە نەبوو لە حکومەتدا بەشدارییان پیّ بکا.

مەلا مستەفا کاتێك لە هەنگاوەکانی بەعس بۆ جێبەجیّ کردنی داخوازییەکانیان و ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی ١١/ئازار نائومێد بوو، هەولّی دا پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەبەرەی ئەمریکا و ئێران بەهێز بکات.[٢]

لە مانگی تشرینی یەکەمی /١٩٧٣، حکومەتی بەعس مەبەستی لە درێژەدان بە جێبەجیّ کردنی ئۆتۆنۆمی ڕۆشەنتر بوو بەتایبەتی کاتێك لەگەلّ (٦٠٠) کەس لە نوێنەرانی سەربەخۆ و دژی مەلا مستەفا، هەروەها کەسانێك لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان، کەوتە باس و گفتوگۆکردن، ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرا بوو کە حکومەتی بەعس مکوڕبوو لەسەر ئەوەی ئەگەر پێویست بیّ دەتوانیّ پارتی لە گۆڕپانەکە وەلا بنیّ.[٣]

**دوا هەولّ کۆششێك کە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعس درا ، لە کانوونی دووەمی (١٩٧٤) و سەرەتای ئاداری/١٩٧٤ بوو.**

**لە کۆتایی یەکەمین هەفتەی ئاداردا ئیدریس بارزانی سەدام حسێنی دلّنیا کردەوە کە ئەگەر بە تەواوی پابەندی ڕێککەوتن بن، کوردەکان پەیوەندی خۆیان لەگەلّ شای ئێران دەپچڕێنن.**

**بەلاّم ڕێککەوتن لەسەر کەرکوك مومکین نەبوو، لە سالّی (١٩٥٨)وە حکومەت چەندان هەولّی بۆ گواستنەوەی کوردەکانی شار و دەوروبەری دەستپێکردبوو و تا ئەوکاتە بەردەوام بوو، خۆمالّی کردنی پیشەسازی نەوتیش، نرخی کەرکوکی زیاتر بەرز کردبووەوەو نەوتی کەرکوك بۆ بەعسیەکان مایەی ژیان و**

مانەوەیان بوو.[٤]

یەکێك لە بڕگەکانی ڕێککەوتنامەی ئادار ئەوە بوو کە پاش تێپەربوونی چوارساڵ لە لە جارڕدانی ڕێککەوتنەکە، کە ئەوە ئیتر دواقۆناغە، جاڕی دارشتنەوەی چۆنیەتی ئۆتۆنۆمییەکەش بدرێ.

بەم پێیە بریاردرا لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە دارشتەکە پێکبهێندرێت، بەڵام بەرلەوەی لیژنەکە دەستبەکار ببێ، باوەڕی باو ئەوەبوو کە کارەکان هیچ ئەنجامێکی باشی نابێ، نیشانەکان هەموو وایان دەگەیاند کەوا شەڕبووە بە شتێکی ناچاری.[٥]

شەوی ١١/١٢/ئاداری/١٩٧٤ بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حکومەتی عێراق سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی لە ڕادیۆی بەغداوە خوێندرایەوە.[٦]

سەرکردایەتی پارتیش وتەیەکی بەدوادا بڵاوکردەوە، ئەوەی تێدابووکە بەو دارشتنە فەرمییە ڕازی نییە و رایگەیاند:((ئەو یاسایە یاسایەکی کلك و گوێ دارە و ئۆتۆنۆمییەکی سەر کاغەزە و ناکردەنییە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان) دەستبەردار نابێ)).[٧]

ئەمە دروشمێکی نوێ بوو جێگەی دروشمی کۆنی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان)ی گرتەوە.

# هەڵگیرسانەوەی شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥

دوای وتارەکـــەی ســـەرۆك کۆمـــاری عێـــراق ســـەبارەت بـــە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی، حکومەت ماوەی دوو هەفتەی بۆ بارزانی دیاریکرد تا خۆی یەکلا بکاتەوە و هۆشدارییەکەی حکومەت جێبەجێ بکات، لە بەرامبـەردا بـارزانی کـە هەسـتی کـرد حکومـەت لایەنی کوردی وەکو لایەنێکی گفتوگۆ فەرامۆش کردووە، حکومەتی ئاگادارکردەوە و ماوەی دوو هەفتـەی بـۆ دانـا وەك ئـەوەی کـە لـە رێککەوتننامەکەی ١١/ئازاردا هـاتووە تـا ئۆتۆنۆمییەکـە جێبـەجێ بکـات و رێژەیـەکی زۆر لـە دەرامـەتی نـەوتی عێـراق بـۆ ناوچـەی ئۆتۆنۆمیی تەرخان بکرێت.[٨]

پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لـــە کۆبوونـــەوەکانی کۆمیتـــەی ناوەندی رۆژانی ٢٩-١٩٧٤/١٢/٣١ دەستەیەکی بۆ نەخشەکێشـانی سەربازیی پێکهێنا، ئەمـەش بەمەبەسـتی رووبەرووبوونـەوەی هـەر هێرشێك بوو کە بکرێتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش.[٩]

سەرکردایەتی هێزی سەربازیی عێراقیش چوار لەشکری بە هـەموو تفاقێکی سەربازییەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی پێشـمەرگە، تەیار و ئامادەکردبوو.

پێکادانی پەڕاگەندە زوو زوو لە نێوانی هێزی پێشـمەرگە و سـوپای عێراقـی دا رووی دەدا، هەوڵـەکان بـۆ راگرتنـی بارودۆخـەکان بـە هێمنیی و گەڕانەوە سەر مێزی گفتوگۆکان شکستیان هێنا و شەڕی قورس دەستی پێکردەوە.

**له رۆژی ١٩٧٤/٣/٨ وەفدێك بە سەرۆكایەتی ئیدریس بارزانی لە بەغدا چاویان بە سەدام حسێن كەوت لەمیانەی گفتوگۆكاندا سەدام حسێن دەڵێت :((ئەگەر شەڕی نێوان حكومەت و پارتی دەست پێ بكاتـەوە و حكومـەت نـەتوانێ كوردەكـان شكسـت بـدات ئـەوا حكومەتی بەعس لەگەڵ شای ئێران لە دژی كوردەكان رێككەوتن دەكات)).**[١٠]

شـاندی كـوردی گفتوگۆكـانی كۆتـایی پێهێنـا و گەڕایـەوە چـیا، وەزیـرە كوردەكـانیش وەزارەتخانـەكانیان جێهێشـت و بـە مـاڵ و منداڵەوە گەڕانەوە ناوچـە رزگاركراوەكـان، پـاش ئـەوەی هێزەكـانی سـوپای عێـراق بـەرەو سـلێمانی و هـەولێر پێشـرەوییان كـرد، پارێزگاری هەردوو شارەكە گەڕانەوە نـاو شـۆڕش، حكومـەتیش لـە جیاتی وەزیر و پارێزگارەكان، كوردەكـانی سـەر بـە حكومـەتی لـە شوێنیان دانا.[١١]

پرۆسـەی پەیوەنـدیكردن بـە شـۆڕش، لـە هـەموو ناوچـەكان بـە فراوانیی دەستیپێكرد، ناوچـە رزگاركراوەكـان جمـەیان دەهـات لـە خـەڵك، تەنانـەت خـەڵكی عـەرەب لـە موسـل و بەسـرە و بەغـداوە هاتبوونە ریزی شۆڕش.

شەڕو پێكدادانەكانی سەرەتای مانگی نیسان هێنـدە سـەخت بـوو كـە لـە سـاڵانی (١٩٦٤/١٩٦٥)ش كـە قۆنـاغی شـەری گـەورە بـوو، پێشمەرگە شەڕی وایان بەخۆوە نەبینی بوو.[١٢]

ئەم شەڕانە هاوكاتبوون لەگەڵ بۆمبـارانكردنی هـەموو ناوچـەكانی كوردستان لەلایەن فرۆكەكانی بەعسەوە ،لەوانەش زانكۆی قەڵادزێ

له٢٤ /نیسان /١٩٧٤ بۆمب باران کراو بووه هۆی شەهیدبوونی ١٢٣ قوتابی و پتر له (٢٠٠)یشیان برینداربوون، هەروەها شاری هەڵەبجه له ٢٦/نیسان بۆمب باران کراو ٥٧ هاووڵاتی شەهید و (٨٠)یش برینداربوون.

کۆمەڵگه نیشتەجێیەکانی تریش له بۆمب بارانکردن دەربازنەبوون، بەڵام خەڵك بە بڵاوەکردن بە ناو شیوو پەناگەی جیاکاندا خۆیان حەشاردەدا، بۆیه زیانی گیانی تا رادەیێکی زۆر کەم بوو.(١٣)

هێزەکانی پێشمەرگه بە حوکمی ئەزموونی زۆر و زەبەندەیان له مەیدانی شەڕدا، هەر له رۆژانی یەکەمی دەستپێکردنەوەی شەڕ، سنوورەکانی ئێران و تورکیایان بۆ خۆیان دابین کرد، له زاخۆوه بۆ هەڵەبجه به درێژایی ٣٥٠ کیلۆمەتر هێزی پێشمەرگه باڵادەستبوون، واته لەوپەڕی باکووری رۆژهەڵاتەوه بۆ ئەوپەڕی باشووری رۆژئاوا.

له سەرەتای مانگی پێنجەوه، حکومەتی بەعس بەهێز و چەکه قورسەکانیەوه له سنووری زاخۆو دهۆکەوه هێرشەکانی خۆی بۆ سەر هێزی پێشمەرگه دەستیپێکرد، ناهاوسەنگیی چەکی نێوان هێزەکانی پێشمەرگه و سوپای عێراق بووه هۆکاری ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگه پاشەکشه بکەن .

شەڕەکان له هەموو بەرەکان تا کۆتایی مانگی مایس بەردەوام بوون، هێزی پێشمەرگه بەره بەره بۆیان دەرکەوت کە هێزەکانی عێراق له چاو ساڵانی رابردوو، زۆر لێهاتووانەتر شەڕ دەکەن، تەنانەت ئەفسەران و سەربازانی عێراقی له ئاستێکی هێندە بەرزدا

دەجەنگن کە بە ئاشکرا جێ دەستی پسپۆرانی روسی پێوە دیاربوو، ئیدریس بارزانی لە دیمانەیەکدا دەڵێت:((ئەم تاکتیکانە هی ئەڵمانیەکانە کە سۆڤیەتەکان لە کاتی دووەم جەنگی جیهانی فێری بوون)).[١٤]

مانگی تەموز شەڕێکی زۆر قورسی بەخۆوە بینی، لە یازدە قۆڵەوە شەڕ گەرم بوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك دیوارێك بەرگریان لە هێرشەکان دەکرد.

هەرچەندە چەکی دژەفرۆکەی کوردان، لە چاو هێزی ئاسمانیی عێراقی دا چ نەبوو کەچی هێزی پێشمەرگە لە هەردوومانگی تەموز و ئاب دا سەرکەوتنی یەکجار سەیریان بەسەر هێزی ئاسمانیی عێراقدا بەدەستهێناو سێ فرۆکەیان خستە خوارەوە.[١٥]

لە ٨ی/ئەیلولی/١٩٧٤ دا رژێم هێرشێکی بەربلاّوی لە دوو بەرەوە بۆ دۆڵی رەواندوز دەستپێکرد، یەکێکیان لەبەری چیای گۆرەز بەرەو ناوچەی باڵەك و ئەویتریان لە کۆرەکەوە بۆ بێخاڵ، بەلاّم لە هەردوو هێرشەکە بەربەست کران و هێزەکانی حکومەت تووشی شکست هاتن و پتر لە (٤٠٠) کوژراویان لە مەیدانی کوشتاردا لە پاش خۆیان بەجێ هێشت.[١٦]

لە هاوینی/١٩٧٤، کاتێك شەڕێکی قورس لە ئارادا بوو هەندێ زانیاری دەگاتە دەزگاکانی هەواڵگری شۆڕش کە گفتوگۆی نهێنی لە نێوان رژێمی عێراق و ئێراندا هەیە و بەو نزیکانە رێککەوتنێك لە نێوان هەردوولا دەبەسترێ.

بارزانی بە نامەیەك بەرێوەبەرایەتی حکومەتی ئەمریکای لەو

زانیاریانە ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەوان ڕەتی دەکەنەوە و دەڵێن هیچ پلانێکی سیاسی لە ئارادا نییەکە زیان بە خەباتی کورد بگەێنێت، ئێرانیش لەوە ئاگادار دەکاتەوە.

شای ئێرانیش نامەیەکی بۆ بارزانی ناردبوو و دڵنیای کردبووەوە کە هەرگیز دەست لە شۆڕشەکەی بارزانی هەڵناگرێت.

بارزانی زانیاریەکانی بۆ شاحسێن و ئەنوەر سادات ناردبوو، ئەوانیش گفتیان دابوو بۆ چارەسەری گیروگرفتی نێوان کورد و عێراق چییان پێ بکرێت بیکەن.

بەڵام راستیەکە ئەوە بوو هەموو ئەم لایەنانە لەو کارەدا بەشداربوون و هاودەنگ بوون لەسەر بەیەکگەیاندنی سەدام و شای ئێران، بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کورد لەنێوان خۆیان ڕێکبکەون.

لە ٢٦/شوباتی/١٩٧٥ بارزانی لەسەر بانگهێشتی شا چوو بۆ ئێران ، لە رۆژی ١١/ئادار/١٩٧٥، پێشوازی لە بارزانی کرد و ئاگاداری کردەوە کە ئەوان ئیتر ناتوانن پاڵپشتیان بکەن، لەو ماوەیەدا سنوورەکان کراوەن بۆ کاتێکی دیاریکراو دوای دادەخرێن، بارزانی (٣/١٢) گەرایەوە کوردستان و لەگەڵ سەرکردایەتی کۆبووەوە.

بارزانی لە وتەیەکدا وتی:((لام وایە بەرژەوەندیمان لەوەدا نییە بەردەوام بین لە شەڕ، هیچ زەرەرێکیشی تێدا نییە خەباتمان ماوەیەك پاش بکەوێت، هەر دەبێ هەلێکی تر بۆ گەلی کورد رێك بکەوێت بۆ ئەوەی خەباتی خۆی دەست پێبکاتەوە)).[١٧]

دوا شــەڕ لــە مێــژووی ســەربازیی شۆڕشــی ئەیلولــدا، لــە ڕۆژی ١٣ی/ئـاداری/١٩٧٥ ڕووی دا، ئـەوە بـوو لیوایـەکی سـوپا ویسـتی پێش بکەوێ بۆ دۆڵی ئاکۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندوز بـەڵام تووشـی شکستێکی ناهەموار بـوو و گەڕایـەوە دواوە. ئەمـەش شـایەتیی بـۆ ئەو قسەیەی بارزانی دەدات کە لە دوا دیمانەی ڕۆژنامەوانیی خۆیـدا دەڵێت: وەکو ئاشکرایە شۆڕشی ئێمە لـە بـواری عەسـکەرییدا تێك نەشکا، پێشمەرگەی ئێمە بێ ئەوەی چ کەسێك شکاندبنی مەیـدانی شەڕیان بەجێهێشت.

## ڕێککەوتننامەی جەزائیر و لێکەوتەکانی

پاش نیوەڕۆی ٣ی/مارسی/١٩٧٥ سەدام حسێن بـە سـەرۆکایەتی شاندێك کە لـە ژمارەیـەك ئەنـدامی سـەرکردایەتی حیزبـی بـەعس و حکومـەتی عێراقـی پێکهـاتوو گەیشـتە فرۆکەخانـەی جـەزائیر و لـە لایەن هەواری بۆمیدیەن پێشوازی لێکرا.

لە هەمان ڕۆژدا شای ئێرانیش بەسەرۆکایەتی شاندێکی وڵاتەکـەی دەگاتە جەزائیر و بە هەمان شێواز پێشوازی لێدەکرێت.

هەواری بۆمیدیەن شا و سـەدام حسـێن بـەرەو جێگەیـەکی نادیـار دەبات و دەست بە گفتوگۆ دەکەن، وا دیارە گفتوگۆکان تـا شـەوی ٥/٦/ مارس درێژەیان خایاندووە، چـونکە لـە ٦/مارسـی/١٩٧٥ لـە لوتکەی ئۆپێك هەواری بۆمیدیەن دەڵێت:

((دەمەوێت ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە دوێنێ شەو، ڕێککەوتنێکی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا، ئێران و عێراق ئەنجامدرا)).[18]

**پوختەی ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر:**

**١ـ نەخشەی کۆتایی سنووری وشکانی، بە پشت بەستن بە پرۆتۆکۆڵی ئاستانەی ساڵی ١٩١٣ و کۆنووسەکانی لیژنەی دیاریکردنی سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ـ فارسی بۆ ساڵی ١٩١٤ بکێشرێت .**

**٢ـ دیاریکردنی سنووری ئاویی لە شەتولعەرەب، بە پێی هێڵی تالویگ.**

**٣ـ پەیماندانی هەردوولا بە گێڕانەوەی متمانە و ئاسایش، لە سەرانسەری سنوور گەلی هاوبەشیان و پابەندبوون بە چاودێرییەکی توند و کارا بە مەبەستی ڕێگریی لە هەر دزەکردنێك کە مۆرکێکی تێکدەرانە لە خۆ بگرێت.**

**٤ـ ڕێککەوتن لەسەر ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بەوەی کۆمەڵە توخمێکن بۆ چارەسەری گشتگیر و بەش بەش ناکرێن.**

ئەو چوار خاڵەبوون کە دواجار شای ئێران و جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، لەسەری کۆك بوون و لە شێوەی بەیاننامەیەك لە ٦/ئادار/١٩٧٥ لە میدیاکانەوە بلاْوکرایەوە، وردەکارییەکانی

ڕێککەوتنەکە بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزائیر لەڕۆژانی پاشتر، وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران بە قوولّی کاریان لەسەرکرد.[١٩]

لە ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە و وردەکارییەکان بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستی سەرەکیی لەم ڕێککەوتنە پاکتاوکردنی شۆڕشی کورد بووە، ڕەزامەندیی هەردوو زلهێزی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەتی لەسەربووە چونکە مەترسی ئەوەیان هەبووە کێشەی کورد ببێتە هۆکاری پێکدادانی گەرمی نێوانیان، کە لەو کاتەدا لە شەری ساردداbوون.[٢٠]

حیزبی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق دوو هەڵی گرانبەهای لە کیسی خۆی دا، یەکەم ئەوەی کە ڕێککەوتنەکەی ١١ی/ئازاری بە راستیی و دڵسۆزیی جێبەجێ نەکرد، دووەمیش پاش نسکۆی ١٩٧٥ لە جیاتی ئەوەی دڵی گەلی کورد بۆ لای خۆی راکێشێ، مامەڵەیەکی سەختی نامرۆڤانەی لەگەڵ کرد.

بارزانی لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەڤانی لەگەڵ (هیکل، ئۆزگورلوك) دەڵێت:

((لەوانەیە ڕۆڵی کەسی من بە کۆتا هاتبێت...بەلاّم ژیانی گەلی کورد هەرگیز بە کۆتا نایەت...و لە کۆشی گەلی کورد رێبەری تر سەر هەڵدەدەن)).[٢١]

## سەرهەڵدانەوەی شۆڕش

بارزانی نەمر لە ژیانی خۆی دووبارە بونیادی شۆڕشێکی نوێی نایەوە و تەسلیمی دەستی کەسانێکی کرد کە پەروەردەی دەستی خۆی بوون، هەر ئەوانیش شۆڕشەکەیان گەیاندە ئەمڕۆ.

بەهۆی نسکۆی شۆڕش خەڵکێکی زۆر ئاوارەی ئێران بوون، بارزانی و زۆربەی سەرکردایەتی پارتی لە نەغەدە کۆبووبوونەوە، رژێمی شا لەم حەشامەتە دەترسا بۆیە ویستی بارزانی لە نەغەدە دووربخاتەوە.

بەر لەوەی بارزانی نەغەدە بەجێ بهێڵێ فەرمانی دا کۆبوونەوەیەکی فراوان سازبکرێ، لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی پێشکەش کرد و هانی خەڵکەکەی دا کە خۆڕاگربن و نائومێدنەبن، پێشبینی دوارۆژێکی روونی بۆ نەتەوەی کورد کرد.

مەسعود بارزانی داوای لە بارزانی کرد لەسەر بنەما و شێوازێکی نوێ، بواری دەستپێکردنەوەی خەبات و دووبارە رێکخستنەوەی دام و دەزگا و پێکهاتە حیزبی و سەربازیەکانیان پێبدات.

بارزانی زۆر بە گەرمیی و بە خۆشحاڵییەوە ئەم داخوازیە پەسەند دەکات و دەسەڵاتی تەواوی خۆی بە مەسعود بارزانی ئەدات، ئەویش بەبێ بەفیڕۆدانی کات یەکسەر دەست بەکاردەبێت و گرنگی زۆریش بە کادیرە لاوەکان دەدات.[٢٢]

**مسعود بارزانی دەڵێت:((لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٧٥/ دا کۆبوونەوەی یەکەممان کرد و بەرهەمەکەی ئەوە بوو کە کاتی خۆی ناومان نا ــ (سەرکردایەتی کاتی)، ئەو سەرکردایەتییە**

**کاتییەی کە شۆڕشی گولانی لێ پەیدابوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسیاریەتییەکان دابەشکران و دەستپێشخەریمان کرد و هەر زوو بانگەوازی رێکخستنەوەمان لەناو پەنابەراندا بلاوکردەوە و پەیوەندیمان لەناو عێراق و لەگەلْ ئەو کادیرانەماندا دامەزراندەوە کە چووبوون بۆ تورکیا و سوریا. یەکێکیش لەو کارانەی کردمانن دابینکردنی پێویستییەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو کە لە کوردستانی عێراق مابوونەوە و پەیوەندیمان هەردەم لەگەلْیان بەردەوامبوو)).**[٢٣]

**ئیدریس بارزانی لە بارەی ئەوەی کە شۆڕشی گولان درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلول و بە ئاگاداری بارزانی بووە دەلێت:((ئەو ئالوگۆڕەی لە ناوەڕۆکی کۆمەلایەتیی خەباتی پارتیمان و شۆڕشی ٢٦ی گولانی ١٩٧٦ کراوە بەوجود و ئامۆژگاری بارزانی نەمر بووە، هەلْسەنگاندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و پەندو عیبرەتەکانی دانانی رێبازی نوێی پارتی هەمووی بەبێ ئاگاداری ئەو نەبووە، واتە خەباتی ئێستە(بە مانایەك) درێژەپێدانی خەباتی بارزانییە و شۆڕشی گولان تەواوکەری شۆڕشی ئەیلولی مەزنە...)).**[٢٤]

ئەرکی سەرکردایەتی کردن و راپەراندنی ئەرکەکانی ئەم شۆڕشە کەوتە ئەستۆی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و هەموو ئەو سەرکردە سیاسیی و سەربازییە مەیدانیانەی کە ئەزمونێکی زۆریان لە کاری سیاسیی و سەربازیی لە کاتە سەخت و دژوارەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزندا هەبوو.

کاری ڕێکخستنی حیزبی لەناو ئاوارەو پەناهەندەکان لە ئێران و هەموو ئەو وڵاتانەی کە کورد ڕوویان تێ کردبوو دەستی پێکرد و ڕێکخرایەوە، هەروەها کاری سەربازیی لە شێوازی مەفرەزەی بچووک بە چەکی سووک، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان سەریهەڵدایەوە، کادیرە سیاسییەکان لەو شوێنانەی کە پەناهەندە و ئاوارەی تێدابوو ئامادەیان دەکردن و دەیانناردنەوە بۆ ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە و مەفرەزەکان.

بە مەبەستی درووستکردنی بەربەست و ڕاگرتنی کار و چالاکیەکانی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان، هاوکارییەکی زۆر توندوتۆڵ هەبوو لە نێوان هەردوو ڕژێمی بەعس و شای ئێران لەرووی هەواڵگریی و دامودەزگا هەواڵگریەکانیانەوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر پاراستنی سنوورە هاوبەشەکانیان، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕژێمانە بتوانن سنوورێك بۆ مەفرەزەکان و چالاکییەکانیان لەسەر سنوورەکان و هەموو ناوچەکانی کوردستان دابنێن.

پێشمەرگە پەیوەندییان بە جەماوەری کوردستانەوە دەکرد و مژدەی سەر هەڵدانەوەی شۆڕشیان پێدەدان، جەماوەریش بە دڵ و بەگیان هاوکاریی مەفرەزەکانیان دەکرد و خواردن و چەك و تفاقی سەربازییان بۆ ئامادە دەکردن و داڵدەیان دەدا.

هەواڵی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ٢٦/گوڵان، وەکو بورکانێك ڕژێمی بەعس و شای هەژاند، چونکە ئەوان پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد سەرکردایەتی پارتی بەو خێراییە خۆی کۆبکاتەوە و

بکەوێتەوە جموجۆڵی ڕێکخستن و کاری سەربازیی، هەموو هەوڵە هەواڵگریەکانیان لە پاراستنی سنوورەکانیان شکستی دەخوارد، لەو ڕووەوەی کە دەستەکانی پێشمەرگە بە هەموو کوردستاندا بڵاوبوونەوە و مەترسی گەورەیان لە سەریان دروستکرد، ڕۆژ نەبوو کە هێزەکانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ پێشمەرگە تووشی بەریەککەوتن نەبن.

ڕژێمی بەعس کە هەستی کرد ناتوانێ بە شێوەی سەربازیی ڕووبەڕووی مەفرەزەکانی پێشمەرگە ببێتەوە، پەنای بردە بەر شەڕانگێزیی لە دژی دانیشتووانی گوندنشینەکانی سەر سنووری عێراق و ئێران، گوندنشینەکانی گواستنەوە بۆ خوارووی عێراق و داروبەردی گوندەکانیشی ئاگرتێبەردا و دارو کانی ئاوەکانی وشککردن، ئەمەش بەو مەبەستەبوو کە پێشمەرگەکان ئیتر نەتوانن لە یارمەتییەکانی جەماوەری کوردستان سوودمەندبن.
هەرچەندە پێداویستیەکان بۆ درێژەپێدانی چالاکی مەفرەزەکان کەمبوونەوە، بەڵام شۆڕش بەتین و گوڕێکی فراوانتر درێژەی هەبوو.

## کۆنفرانسی بەرلین

لەڕێکەوتی١١-١٦/ئابی/١٩٧٦ لەشاری بەرلینی ئەڵمانیا کۆنفرانسی پارتی بە بەشداربوونی نزیکەی ٨٠ هەڤاڵ بەسترا، ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووی پارتی سامی عبدالرەحمن، نوری شاوێس و چەند کادیرێکی تری پێشکەوتووی پارتی بەشدارییان

کرد.

لەم کۆنفرانسەدا (سەرکردایەتی کاتی) کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو و لەم هەڤالانەی خوارەوە پێك دەهات راگەیێندرا:

١ـ مسعود بارزانی

٢ـ ئیدریس بارزانی

٣ـ سامی عبدالرحمن

٤ـ علی عبدالله

٥ـ نوری شاوێس

٦ـ جەوهەر نامق

٧ـ ئازاد بەرواری

٨ـ کەریم سنجاری

٩ـ عارف تەیفور

١٠ـ محەمەد رەزا

١١ـ کەمال کەرکوکی

١٢ـ دڵشاد میران

١٣ـ وریا ساعاتی

١٤ـ ئازاد خەفاف

١٥ـ عبدالرحمن پێداوی

کۆنفرانسەکە رێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی هەڵسەنگاند کە بەرنامەی نوێی پارتی تێدابوو و پەسەندکرا.

ـ یەکەم جاربوو لە مێژووی حیزب بەم شێوەیە ڕەخنە لە شۆڕش بگیرێ.

ـ ئەو ڕەخنەیە وایکرد جارێکی تر خەڵکێکی زۆر لە دەوری پارتیدا کۆببنەوە.
ـ ئەم ڕێبازە لە کۆنگرەی نۆیەمدا پەسەندکرا.
ـ لەم کۆنفرانسەدا درێژەدان بە شۆڕش پەسەندکرا.[٢٥]

پاش کۆنفرانسی بەرلین ڕۆژنامەی (دەنگی کوردستان) لە لایەن پارتییەوە دەرکرا، بەم جۆرەش پارتی لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە دەرەوە و ناوخۆی وڵاتیش خۆی ڕێکخستەوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان بە چالاکی کردەوە.

لە ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلی ئێران دژی ڕژێمی پاشایەتیی، هەڤاڵانی پارتی بێ هیچ دوودڵەیەك بەشدارییان لەو هەوڵانەدا دەکرد کە دژی ڕژێمەکەی شابوایە، سەردەمی شا زۆریی نەخایاند، تەنها چەند مانگێك پاش خۆپیشاندانی جەماوەری گەلی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨، ڕژێمەکەی شا ڕووخا.

خومەینی لە عێراقەوە چووە پاریس و لەوێوە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی گرتە دەست، کاك مەسعود لە پاریس سەردانی خومەینی کرد و پارتیش لە نووسراوێکی فەرمیی لە ١٩٧٨/١٠/٢٠ پاڵپشتی لە ڕووخانی شا کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، بارزانی بە بروسکە پیرۆزبایی لە خومەینی دەکات.

لەرۆژی ١٩٧٩/٣/١ مستەفا بارزانی لە ئەمریکا وەفات دەکات، لە رۆژی ٣/٤ تەرمی بارزانی نەمر دەگاتەوە ئێران و بەرەو شنۆ بەرێدەکرێت و لەمیانەی ئاپۆرای پەناهەندەکان و کوردانی ئێران و تورکیا و سوریا کە بە مەبەستی بەشداریکردن لە بەرێکردنی

تەرمەکەی هاتبوونە شنۆ ، تەرمی پیرۆزی بارزانی نەمر بە خاك سپێردرا.

راگەیاندراویی کاك مەسعود بە بۆنەی کۆچی دوایی بارزانی نەمر :

**((کۆچی دوایی بارزانی هەرگیز نابێ بە کۆسپ لە رێگەی درێژەپێدانی ئەو خەباتەی کە ئەو ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتبوو. خەبات هەر بەردەوام دەبێ و رەوت هەر لەسەر رێبازەکەی ئەو دەبێ. لە راستیشدا هەر ئەمەیە خواست و ئارەزووی بارزانی. باشترین بەڵگەی وەفاداریش بۆ یاد و بیرەوەری ئەو، ئەوەیە ئەو مەشخەڵی خەباتەی ئەو هەڵی گیرساند هەر بە هەڵگیرساویی بمێنێتەوە)).**[٢٦]

سەرکردایەتیی کاتی بە بەشداریی زۆربەی ئەندامان لە ناوەراستی مانگی ٥/١٩٧٩ دا لە گوندی شاوانە لە ناوچەی شنۆ کۆبوونەوەیەکی سازکرد، چەند رۆژێکی خایاند و لەم کۆبوونەوەیەدا بریاردرا کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بگیرێ، کۆنگرەی نۆیەم لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بەستراو کۆنگرەیەکی مێژوویی بوو.[٢٧]

# کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرتی کوردستان

لە مانگی ١٩٧٩/٧ دەستکرا بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی کۆنگرە لە ناو ئێران و ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا، لە ماوەی سێ مانگدا هەڵبژاردن بە کۆتا هات، نوێنەرەکان دیاریکران و بڕیاردرا کۆنگرە لە ١٩٧٩/١١/٤ لە ناوچەی مەرگەوەڕی ئێران لە گوندی دەربەند بگیرێ.

لە رۆژی دیاریکراودا کۆنگرە بە وتاری کاك مسعود بارزانی دەستی پێکرد، باسی چۆنیەتی درووستبوونی سەرکردایەتی کاتی و کارەکانی کرد.

پاشان بریاردرا کۆنگرە بۆ ئۆردوگای زێوە لە ناوچەی مەرگەوەڕ بگوازرێتەوە. ٣٢٥ نوێنەر بەشداری کۆنگرە بوون و دوازدە رۆژی خایاند.

لەم کۆنگرەیەدا (رێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی) پەسەندکرا و بوو بە دیکۆمێنتی کۆنگرەی نۆیەم، هەروەها لە بریارە گرنگەکانی تری کۆنگرە ئەوە بوو کە، بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بەرفراوان و بەرەیەکی کوردستانی درووست بکرێن.

گۆڕانکاری لە پەیرەو پرۆگرامی پارتیدا کرا کە لەگەڵ قۆناغە نوێیەکە بگونجێ.

لە کۆنگرەدا بە تێکرای دەنگ کاك مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.

**کۆمیتەی ناوەندی کە لە ٢١ ئەندام پێک هاتبوو بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردرا:**

١ـ عەلی عەبدوڵلا

٢ـ ئیدریس بارزانی

٣ـ فازڵ میرانی

٤ـ فەلەکەددین کاکەیی

٥ـ نوری شاوێس

٦ـ د.رۆژ نوری شاوێس

٧ـ د. محەمەد سالح جومعە

٨ـ ملازم یونس رۆژبەیانی

٩ـ محەمەد سەعید دۆسکی

١٠ـ هۆشیار زێباری

١١ـ زەعیم عەلی

١٢ـ حمید بەرواری

١٣ـ هجر سندی

١٤ـ رەئیس عبدوڵلا سدیق

١٥ـ د. جەرجیس حەسەن

١٦ـ محەمەدمەلاقادر

١٧ـ خورشید شێرە

١٨ـ رەشید عارف

١٩ـ ئازاد بەرواری

٢٠ـ سەعید ئەحمەد بارزانی

٢١ـ نەجمەدین یووسفی

پاش تەواوبوونی کۆنگرە لە یەکەم کۆبوونەوەیدا ، سکرتێری پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەمجۆرە دیاریکرد: [(٢٨)]

**یەکەم: عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی**

**دووەم: ئەندامانی مەکتەبی سیاسی**

١- ئیدریس بارزانی

٢- فازڵ میرانی

٣- فەلەکەددین کاکەیی

٤ - د. محەمەد ساڵح جومعە

٥- رەئیس عەبدوڵڵا

٦- نوری شاوێس

بێگومان کۆنگرەی نۆیەم کۆنگرەی بووژانەوەی پارتی بوو بە شێوەیەکی لێهاتووانە، لە ماوەی یەك دوو ساڵدا توانی رێکخستنی پارتی و پێشمەرگایەتی کە بە یەکەوە لە لایەن لقەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، بە چاکی رێك بخات و یاسای پێشمەرگە دەربکات و رێکخستنی پارتی بە چاکی لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان رێك خرایەوە.

***هەندێك لە رووداوە گرنگەکانی نێوان کۆنگرەی نۆیەم و کۆنگرەی دەیەم :***

١- هەندێك لە ئەندامانی (سەرکردایەتی کاتی) لە پارتی دابڕان و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ حیزبێکیان دروستکرد بە ناوی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.

٢ـ له ١٩٨٠/١١/٢٨ بەرەی نیشتمانی دیموكراتی عێراقی (جود) لەم حیزبانەی خوارەوە پێكهێنرا، پارتی دیموكراتی كوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی، حیزبی سۆسیالیستی كوردستان و پارتی سۆسیالیستی كورد (پاسۆك).

له ١٩٨٤/١١/١٣ سێ حیزبی تری كوردستانی و عێراقی هاتنە ناو ئەو بەرەیەوە ئەوانیش :

١ـ حیزبی گەلی دیموكراتی كوردستان
٢ـ پارتی سۆسیالیستی عێراقی
٣ـ كۆبوونەوەی (التجمع) دیموكراتی عێراقی

واتە بەرەی (جود) بووبە حەوت حیزبی كوردستانی و عێراقی.

٣ـ یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەر لە سەردەمی درووستبوونی لە ١٩٧٦/٦/١ ناكۆكی لەگەڵ پارتیدا هەبوو، هەروەها ناكۆكی لەگەڵ هەموو لایەنەكانی كوردستانی ناو بەرەی (جود) هەبوو، پاش درووستبوونی بەرەكەش زیاتر دەستی بە شەڕ فرۆشتن كرد بەو حیزبانە، چەندین شەڕی گەورە و بچووك لە نێوانیاندا دروستبوو.

بەرەی (جود) زۆر كاری گرنگی بەرەیی ئەنجامدا، لەوانەش هەندێ چالاكی سەربازیی بەرەیی ئەنجامدران و پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆیی بەرە هەبوو، زمانحاڵی بەرەش رۆژنامەیەك بوو كە بە ناوی (بەرە) دەردەچوو.

٤ـ پارتی لە ١٩٨٣/٧/٢٣، لە هێرشێكی گەورەدا ناوچەی حاجی ئۆمەرانی ئازادو كۆنترۆڵ كرد، ئەم كارە هۆكارێك بوو كە رژێمی

بەعس بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ١٩٨٣/٧/٣١، دەستیکرد بە راپێچ کردنی بارزانیەکانی ئۆردوگای قوشتەپە کە زیاتر لە (٨٠٠٠) پیاو و مێردمنداڵی بێ سەروشوێن کردن.[٢٩]

هەروەها لە ١٩٨٥/٦/٥ ئۆردوگای زێوە کە شوێنی نیشتەجێ بوونی کۆمەڵێکی زۆری پەناهەندەبوو لە لایەن فرۆکەی میراژی رژێمی بەعس بۆمبباران کراو بووە هۆی شەهیدبوونی (١٢١) کەس و (٣٧٥) کەسیش بریندارکران.

٥ـ بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٦، کۆبوونەوەیەك هاتە کایەوە کە کاك ئیدریس ئەندازیاری ئەم ئاشتبوونەوەیە بوو.

دوای مانگێك پارتی و یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی حیزب و کۆمەڵی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە تاران، چەند نوێنەرێکیان نارد.

لە مانگی شوباتی /١٩٨٧ پارتی و یەکێتی بە مەبەستی دروستکردنی (بەرەی نیشتمانی کوردستان) و (بەرەی نیشتمانی ئۆپۆزسیونی عێراق) یاننامەیەکی هاوبەشیان بلاّوکردەوە. لە مەیدانی سەربازییدا، پەیمانیان دا هێزی پێشمەرگەیان یەکبخەن.

لە ٢/ئایاری/١٩٨٧، ئەم نیازانە بە دامەزراندنی(بەرەی کوردستانی) کە لەم پارتانە پێکهاتبوو...، واتە: پارتی، یەکێتی، حیزبی سوسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، پاسۆك، حیزبی شیوعی ، حیزبی زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری بووە واقیع.

فەرماندەییەکی هاوبەش بۆ سەر پەرشتیکردنی چالاکی سەربازیی و سیاسیی دامەزرا.

ئـەم بەرەیـە هـەنگاوی مـەزنی لـە رووی سیاسـیی و سـەربازیی و دارایـی و کۆمەڵایـەتیی یـەوە هاوێشـت، رۆژنامەیەکیشـی بـە نـاوی (بەرەی کوردستانی) دەرکرد، ئەم بەرەیە تا هەڵبژاردنی پەرلـەمان و درووستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامبوو.

٦ــ لـە ٣١/کـانوونی دووەم/١٩٨٧، کـاك ئیـدریس لـە تەمـەنی ٤٣ ساڵیدا بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

٧ــ ***هەروەها لە شۆڕشی گوڵان ئەم خاڵانە جێبەجێ کران:***

أ ــ دەست کرایەوە بە دروستکردنی پەیوەندییەکان.

ب ــ بەیانێکی هاوبەش لەگەڵ حیزبی دیموکرات دەرکرا.

ج ــ پەیوەندی لەگەڵ سوریا و پارتی سوریا کرایەوە.

د ــ ئیزگە دامەزرا و رۆژنامەی خەبات کەوتەوە دەرچوون.

وــ رێکخراوە جەماوەرییەکان چالاك کرانەوە.

هـ ــ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرایەوە.

ی ــ دەزگاکانی فێرکردن وتەندروستی دانران.

م ــ خولی کادیران کرایەوە و دوو خولی ٧و٨ سازدران.

لە مـانگی٤/١٩٨٧وە، رژێمـی بـەعس کەوتـە بـەکارهێنانی چـەکی بـایۆلۆژی و کیمیـاوی کـە لـە رووی نێودەوڵەتییـەوە قەدەغـەکراو بوون، ناوچەکانی کوردستان بە تایبـەت شـێخ وەسـان، بالیسـان و شـاری هەڵەبجـە لـە ١٩٨٨/٣/١٦ بـەم چـەکانە بۆمبـاران کـراو لـە ئەنجامدا قوربـانی زۆری لێکەوتـەوە، لـە هەڵەبجـە (٥٠٠٠)شـەهید و

(٨٠٠٠) بریندارى چەكى كیمیاوى هەبوو، پاشان لە ١٩٨٨/٨/٢٠ شەڕى ٨ ساڵەى نێوان عێراق و ئێران راوەستاو هەردوو وڵات رێككەوتن لەسەر راگرتنى شەڕى نێوانیان.

لە مانگى ١٩٨٨/٩ وە، رژێم دەستى بە پرۆسەى ئەنفالكردنى هەموو ناوچەو گوندەكانى كوردستان كرد كە ژمارەى قوربانیەكان گەیشتە(١٨٢٠٠٠) هەزار كەس.

بەمەش بزووتنەوەى رزگاریخوازى كورد تووشى بىَ دەرەتانى بوو، بەلاَم هەموو ئەم كارەساتانە كاریگەرییان لەسەر ورەى پێشمەرگە نەبوو، بگرە بۆ رزگاركردنى خاك و گەلەكەیان زیاتر هاندران درێژە بە خەباتیان بدەن، هەرچەندە پێداویستیەكان بۆ درێژەپێدان زۆر كەمبووبوونەوە و تفاقى سەربازیى و لۆجێستیكى زۆر بە دژوارىى دەستدەكەوتن، واتە كارەكە دژواربوو بەلاَم شۆڕش درێژەى پێدرا.

بەرەنگاربوونەوەى گەورەى شۆڕش لە داستانەكەى (خواكورك) دابوو لە (١٩٨٨/٨/٢٤)، نزیكەى ٤٨ رۆژ شەرێكى زۆر قارەمانانەى ناهاوسەنگ لە رووى چەك و تفاقى سەربازیى و ژمارەى سەربازى دوژمن و هێزى پێشمەرگەوە بەردەوام بوو.

لەم شەڕەدا كە سەرۆك مسعود بارزانى سەركردایەتى دەكرد دوژمن شكستێكى گەورەى خوارد و سەرۆك بارزانى مژدەى دوارۆژێكى پرشنگدارى بە گەلى كوردستان دا.

**کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان**

لە مانگی ١٩٨٩/٦ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بریاری بەستنی کۆنگرەی دەیەم دەدرێت و لیژنەی ئامادەکاریی تا مانگی ١٩٨٩/١٠ نوێنەرەکان بە هەڵبژاردن لە ناو ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەدا ئامادە دەکات.

لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ بە ئامادەبوونی(٣٣٢)ئەندامی کۆنگرە لە گوندی (هێشم ئاوا)ی ناوچەی مەرگەوەڕ کۆنگرە دەست بە کارەکانی خۆی دەکات.

سەرۆك بارزانی بە تێکرای دەنگ بۆ جاری دووەم بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.

گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکدا دەکرێت و دەسەڵاتی سکرتێر نامێنێت و لە جیاتی سکرتێر جێگری سەرۆك دانرا کە لە لایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرا، لە لایەن سەرۆك بارزانیەوە کاك عەلی عەبدوڵلا بە جێگری سەرۆك دیاریکرا.

**بە دەنگدانی نهێنی (٢١) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە ئەمانەبوون.**

١ـ نێچیرڤان بارزانی

٢ـ فەلەکەددین کاکەیی

٣ـ د. ڕۆژ نوری شاوێس

٤ـ فازڵ میرانی

٥ـ جەوهەر نامق

٦ـ هوشیار زێباری

٧ـ د. جەرجیس حەسەن

٨ـ عەبدولمهەیمن بارزانی

٩ـ حەمید ئەفەندی

١٠ـ مەسعود سالەیی

١١ـ رێبواریەڵدا

١٢ـ عزەددین بەرواری

١٣ـ ئازاد قەرەداغی

١٤ـ زەعیم عەلی

١٥ـ پیرۆت ئەحمەد

١٦ـ قادر قادر

١٧ـ قادر عەبدولعەزیز (قەچاغ)

١٨ـ د.عەلی بابە

١٩ـ د. محەمەد سالح جومعە

٢٠ـ عومەر مێرگەسووری

٢١ـ کەمال کەرکوکی

**ئەندامانی مەکتەبی سیاسی :**

١ـ نێچیرڤان بارزانی

٢ـ فازڵ میرانی

٣ـ د. رۆژ نوری شاوێس

٤ـ د.جەرجیس حەسەن

٥ـ جەوهەر نامق

٦ـ هوشیار زێباری

٧ـ زەعیم عەلی

شۆڕشی گولانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز هەرچەندە هەوراز و نشێوی زۆر هاتنەرێی، بەلاّم توانی ببێتە دەروازەیەك بۆ راپەڕینی (ئاداری/١٩٩٠)ی گەلی کوردستان و هەلّبژاردن و پەرلەمان دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستکەوتەکانی شۆڕشی گولاّن و راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان سەقامگیریی و ئاسایش و ئاوەدانی کوردستان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی بە دواداهات.(٣٠)

## را پەڕینی گەلی کوردستانی عێراق و دەستکەوتەکانی

### ئامادەسازیەکانی بەرەی کوردستانی بۆ راپەڕین:

ئەگەر رێکەوتنی عێراق و ئێران لە سالّی ١٩٨٨ ببوایە بە هۆی نسکۆیەك بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، زۆر ترسناکتر دەبوو لە نسکۆی سالّی ١٩٧٥. فراوانی جینۆسایدی گەلی کورد کە هەلّەبجە بوو بە هیمایەك بۆی، پیشانی جیهانی دا کە سەدام حسێن بە بێ موبالەغە، گەلی کوردی رەشەکوژ کردبوو.

حکومەتی بەعس بە گرتنەبەری سیاسەتی جینۆسایدکردنی خەلّکی کوردستان، هیچ بەهانیەکی بۆ ئەو گەلە نەهێشتەوە کە لەدژی رانەپەڕن.

دوای تێکدانی گوندەکان و سیاسەتی پاکتاوکردن ئیتر بەرەی کوردستانی شەڕی خۆی بە مەفرەزەو بۆسە نانەوە و لێدان و بە جێهشتن، درێژە پێدا بە بێ ئەوەی جێگایەك بگرێ و تیایدا بمێنێتەوە.

له هەلومەرج و بارودۆخێکی وادابوو هێرشی بێ بەرنامەی عێراق بۆ سەر کوێت و بڕیاری ئابلۆقە و هەڕەشەی (کۆمەڵی جیهانی) بۆ پاشەکشێی بێ مەرجی عێراق، هەلێکی زێڕینی بۆ گەلی کوردستان و (بەرەی کوردستانی) هێنایە ئاراوە.

(بەرە) بە ئامادەکردنی زیاتر لە (٣٠٠٠) پێشمەرگە و ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ هێزە تازە دامەزراوەکانی جاش و ئەندامە کوردەکانی سوپای عێراقدا کردبووی، بە کردەوە لە بارودۆخێکی زۆر باشدا بوو.

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی توانی سوود لە بارودۆخی لاوازی حکومەتی عێراقی وەربگرێ و جاشەکان دڵنیا بکاتەوە کە ئەگەر هاوکاری خەڵك و پێشمەرگە بکەن لە کارەکانی رابردوویان دەبوورێ و رابردو فەراموش دەکا.

بەم شێوەیە نە تەنها تۆڕێکی فراوانی زانیاری دروست بوو، بەڵکو تەنانەت لەناو هەموو ئەو شارو شارۆچکانەی کە گەلی کوردیان تێدا ئابلۆقە درابوون، پێشمەرگە توانی بڕواتە ناو جەماوەر و خۆی بۆ کاتی دیاریکراوی بەرنامەی (بەرەی کوردستانی) سازو ئامادە بکات.

**- راپەڕین :**

لە (٥/ئاداری/١٩٩١) راپەڕینی جەماوەریی لە رانیە دەستی پێکرد، جەماوەری کوردستان هێزەکانی رژێمیان گەمارۆدا و ناوچەکەیان لێ پاککردنەوە. شوێنەکانی تری کوردستانیش

دەستیان پێکرد لە ٧ی /ئادار سلێمانی و لە ١١ی/ ئاداریش هەولێر و دواتریش دهۆك لە بەعسیەکان پاك کرانەوە و بەرەی کوردستانی توانی هێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەر ڕێکبخاتەوە و دەسەڵاتە مەدەنییەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

هێزکانی بەرەی کوردستانی هێڵێکی هاوشانی شارێی کەرکوکی کردەوە و دەستی بە هێرشێکی گەورە بۆ سەر کەرکوك واتە دڵی کوردستان دەستپێکردو لە ١٩/ئادار/١٩٩١ شارەکە ئازادکرا.

ئەم سەرکەوتنانە تەمەنیان کورت بوو، سەدام حسێن بە خێرایی هێزەکانی خۆی، واتە (گاردی کۆماری) بە پاڵپشتی چەکی قورس و تانك بە هاوکاری (موجاهدین خەلق)ی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەرەو کەرکوك و کوردستان نارد، پێشمەرگە چەکێکی وایان نەبوو بتوانێ ڕووبەرووی ئەم تەکنۆلۆژیایە نوێیە ببێتەوە.

- کۆڕەو :

هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی ئەوتۆیان لە بەرنگاربوونەوەی هێزەکانی بەعس پێشان نەدا، لە ڕێککەوتنی شەڕ ڕاگرتن، فڕینی فڕۆکە جەنگییەکان قەدەغە کرابوو، بەڵام هەڵفڕینی هەلیکۆپتەرەکانیان ئازاد هێشتبۆوە کە زیانێکی زۆریان بە هێزی پێشمەرگە و جەماوەری سڤیل گەیاند.

ئەزمونێکی تاڵ بوو، کاك مەسعود و مام جەلال بە یەکەوە سەرۆك بوشیان تاوانبار کرد کە: تۆ خۆت داوات لە گەلی عێراق کرد لە دژی

دیکتاتۆری توندوتیژی سەدام حسین، راپەڕین. [٣١]

له ٢٨/ئادار/١٩٩١، هێرشی پێچەوانەی عێراق کە تیایدا چەکی قورس و هێزی ئاسمانیی بە کار هاتبوو، هێزی پێشمەرگە و خەڵکیان پاش بەرگرییەکی زۆر بە چۆڵکردنی شاری کەرکوك ناچار کرد، پاشان هێرش کرایە سەر سلێمانی و هەولێر و دهۆك و زاخۆش، بڵاوبوونەوەی چیرۆکی تاوان و درندەیی حکومەتی بەعس، ترسێکی زۆری لەناو خەڵکی درووست کردبوو، زیاتر لە ملیۆن ونیوێك کەس ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێهێشت و بەترسەوە بەدوای جێگایەکی ئەمیندا، روویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد، هەموو ئەو رێگاو کوێرە ڕێگایانەی بەرەو سنوورەکان دەچوون لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئاپۆڕەی خەڵکی گیران، لەو رێگایەدا زۆر منداڵ وپیر و لاو بوونە قوربانی سەرماو برسیەتی و مینی چێندراو.

ویلایەتەیەگرتووەکانی ئەمریکا سەرەنجام ناچار بوو لەگەڵ سەرکردایەتی (بەرەی کوردستانی) گفتوگۆ بکات، لەوکاتەدا ترسی ئەوە هەبوو کە کەمتەرخەمیی لە پشتیوانیی کوردەکان (شەرەف و کەرامەتی) سەرکەوتوانی شەڕی کەنداو (لەکەدار) بکات. لە ٥/نیسانی/١٩٩١ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی ڕێگاگرتن لە کارە توندوتیژەکانی بەغدا بڕیاری (٦٨٨) یان پەسەند کرد، ئەو بڕیارە (سەرکوتی خەڵکی مەدەنی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق، لەوانەش شارەکانی کوردستان)ی مەحکوم کرد. [٣٢]

# بەرگریکردنی بێ وێنە

لەگـەڵ هـەموو ئـەو رووداوانـەش مەترسـی عەمـەلیاتی زەمینـی هێشتا لە ئارا دابوو، کـاتێ سـەدام حسـێن زانـی بەرنگاربوونـەوەی هێزەکانی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لاوازە، درێژەی بە هێـرش و هەڵمەتەکانی خۆیدا. بەڵام لە کۆڕێ هێزەکـانی عێـراق رووبـەڕووی بەرەنگارییـەکی زۆر تووند و لێزانانـەی پێشـمەرگە بوونـەوە کـە سـەرۆك بـارزانی سـەرکردایەتی دەکـردن. ئـەو هێـزە قارەمانانـە بەرنگاری جەیشـی زەبـەلاحی بـەعس بوونـەوە. شـکانی هێزەکـانی حکومـەتی عێراقـی لـە کـۆڕێ، بەغـدای ناچـار کـرد هێرشـەکانی رابگرێت و بەم جۆرە داستانی کۆڕێ کۆتایی بە هێرشـە دڕنـدەکانی بەعس هێنا.

ئەو خەڵکانـەی روویـان لـە ئێـران کردبـوو، لـە لایـەن کوردەکـانی ئەودیو سنوور پێشوازییان لێکرا و حەوانەوە، بەڵام ئەوانەی روویان لە تورکیا کرد تووشی دڵڕەقیی و بێ بەزەیی توندی جەندرمەکانی تورکیا بوونەوە، تەنگژەی سنووری تورکیا سەرەنجی زۆری وڵاتانی بۆ خۆی راکێشا و ئـەم بابەخـەش لەبـەر ئـەوە بـوو تورکیـا رێگـای نەدەدا پەنابەران بچنە ناو خاکی تورکیاوە .

لـە ناوەڕاسـتی نیسـان (هاوپـەیمانان) دروسـتکردنی (ناوچـەی ئاسایشـی دژەفڕینـی) (No Fly Zone) لـە نـاو خـاکی عێـراق ڕاگەیاند و فرۆکەکانی عێراقیان لـە فـڕین لـە فـەزای بـاکوری هێڵـی (٣٦) قەدەغە کرد.

ئەم کارە یەکەم جار بە شێوەیەکی یەکلایەنە و پاشان بە پێی یاداشتی (لێك گەیشتنێك) لە نێوان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی عێراق لە ١٨ی/ نیسانی/ ١٩٩١ مۆرکرا.
لە ٢٨ی/ نیسان یەکەمین کاروانی هاووڵاتیانی ئاوارە، بۆ ناوچە ئازاد و سەقامگیرەکان گەڕانەوە.

## دانوسانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەغدا

بە هۆی خۆتێنەگەیاندنی (هاوپەیمانان) بۆ ڕێگاگرتن لە شکستی هێزەکانی پێشمەرگە و کۆڕەوی خەڵکی سڤیل بە پێی لێدوانی (بەرەی کوردستانی) کە لە (١ ی/ نیسانی/ ١٩٩١) ڕایگەیاندووە، ناچار بووین گفتوگۆ لەگەڵ سەدام حسێن بکەین.
یەکەم جار شاندێك بە سەرۆکایەتی مام جەلال و دواتریش لە (٩ی/ئایاری/١٩٩١) شاندێك بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی سەردانی بەغدایان کرد و چاویان بە سەدام حسێن کەوت و داخوازیەکانی گەلی کوردیان پێگەیاند، بەڵام هیچ دەرەنجامێك بە دەست نەهات و لە ناوەراستی حوزەیران ئیدی بە تەواوەتی ڕۆشن بوو کە دانوسان گەیشتۆتە کۆتایی و نائومێدبوون.
نائومێدیی و بێ ئەنجام مانەوەی هەوڵ و کۆششەکان مەترسی شەڕێکی تازەی لێدەکرایەوە، هێزەکانی حکومەت ئەگەرچی بە فەرمیی لە شارەکان فەرمانڕەوا بوون، بەڵام نەیاندەتوانی بوونی پێشمەرگە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی لەبەرچاو نەگرن.

لــه ٢٠ی/ تـــەمووزی/١٩٩١، کــاتیٚ هیٚــزی پیٚشـــمەرگه خۆیـــان فــەرمانڕەوایی ئـەم دوو شـارەیان بـە دەسـتەوەگرت ئـیتر پیٚکـەوە هەڵکردن لەگەڵ حکومەتی بەغدا شیٚوا، بـە پیٚـی ریککەتننامەیـەکی نــویٚ هیٚزەکــانی حکومـــەت گەڕانـــەوە ســـەربازگەکانی دەرەوەی شارەکان.

له مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکـەمی/١٩٩١، چـەندین شـەڕی توونـد له نیٚوان هیٚزی پیٚشمەرگه و هیٚزەکانی بەعس لە دەوروبـەری کەرکوك و کفری و کەلار و سلیٚمانی روویان دا.

حکومـەتی بـەعس لـە کۆتـایی تشـرینی یەکـەمی/١٩٩١ ئابلۆقـەی خستەسەر کوردستان، تەواوی فەرمانگه و هیٚزەکانی خۆی بۆ ئـەو دیوی خەتی بەرگریکردن کشاندەوە، مووچـەی کارمەنـدانی بـڕی و ئازوقـەی پیٚویسـت لـە کوردسـتان نـەبوو، بـەڵام هاووڵاتیـان ئـەم باردۆخـەیان لـە زەبـرو زەنگـی رژیـم زۆرلاباشـتر بـوو و ئازادییـان بەشتی تر نەدەگۆڕییەوە.

# هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان

دوای شکستهێنانی گفتوگۆیەکان لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس، بەرەی کوردستانی کە لە ئامانج و مەبەستەکانی سەدام حسین ئاگادار بوو و دەشیزانی ئەگەر لەو بۆشاییەی دەسەڵاتی ناوەندی دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆیان رابگەیاندایە دەبووە هۆی کاردانەوەی توندی تورکیا و ئێران و سوریا و رۆژئاوا، بۆیە لە سەرتای کانونی دووەمی/١٩٩٢، نۆینەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دیمەشق لەگەڵ نوێنەرانی تێکرای حیزبە (ئۆپۆزسیۆن)ەکانی عێراق یەکیان گرت تا بنچینەیەك بۆ دروستکردنی حکومەتێکی عێراقی لە دەرەوە، دابرێژن.[٣٣]

لە لایەکیتر بۆ قەرەبوو کردنەوەی بۆشایی بڕیاردران لە کوردستان (مەسعود بارزانی) وەك رێبەرێکی نەتەوەیی بۆ رێکخستنەوەی رەوشی کوردستان، پێشنیاری کرد هەڵبژاردنی پەرلەمان و رێبەری کوردستان ئەنجامبدرێت، تا لەم رێگایەوە بۆشایی بڕیاردران و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاووڵاتیان پڕبکرێتەوە.

بەرەی کوردستانی رەزامەندیی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەربڕی، سەرەنجام لە ١٩ی/ ئایاری/١٩٩٢ هەڵبژاردن لە ژێر چاودرێری نێودەوڵەتیی ئەنجامدرا.[٣٤]

پەرلەمانی کوردستان(١٠٥)کورسی هەبوو کە (٥) کورسی بۆ

کەمینەی ئاشووری و کلدانی تەرخانکرابوو، پارتی و یەکێتی دەنگی پێویستیان بۆ بردنەوەی کورسیەکان بەدەستهێنابوو، پارتی(٥١) و یەکێتی (٤٩) کورسی، بەلاَم پارتی بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوانیان بەوە رازی بوو کە کورسیەکان (٥٠ بە ٥٠)لە نێوان پارتی و یەکێتی دابەشبکرێن، بەم جۆرە یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی پێکهێنرا .(٣٥)

رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرنەشنالّ دەلّێ: دوای هەلّبژاردنی پەرلەمان لە مایسی/ ١٩٩٢ و دامەزراندی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، هەنگاوی باش بۆ چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستان هاوێژران.(٣٦)

بەلاَم بە داخەوە هەلّگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان بووە مایەی ئەوەی کورد بە دەستی خۆی لاپەرەیەکی رەش لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تۆمار بکات، لەسەر ئاستی نێودەولّەتیی هەولّە گەشەکانی پەرەسەندنی چاودێریی مافی مرۆڤیان لە کوردستان لەکەدار کرد و تا رادەیەك پێگەی ئەزموونە دیموکراسییەکەی کوردستانیشی لەق کرد و ناوبانگی ئاشتیخوازیی و دیموکراتخوازیی ومرۆڤدۆستیی کوردیان زڕاند.(٣٧)

لەگەلّ دامرکانەوەی ئاگری سوتێنەری شەری ناوخۆ، کورد هەولّیدا ئەو لاپەڕە رەشە سپی بکاتەوە و بێگومان بە ئاراستەی چاکسازیی و پەرەپێدانی چاودێریی مافی مرۆڤ هەنگاوی گەورەی ناو دەستکەوتی مەزنی بەدەستهێنا، هەروەك لە راپۆرتی سالاَنەی وەزارەتی دەرەوەی سوید تایبەت بە مافی مرۆڤ ئاماژەی پێکراوە، کە لە ١٣ی/کانونی دووەمی/ ٢٠٠٣ دا دەرچووە.(٣٨)

## راگەیاندنی فیدراڵیی

لە دوای دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لە ١٩ی/ مایسی/ ١٩٩٢ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دروشمە سەرکییەکانی پارتی و هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەگەر تا ئەو کات دروشمی سیاسیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەنێوان (ئۆتۆنۆمی راستەقینە ــ فیدراڵیی ــ مافی چارەنووس ــ سەربەخۆیی) دا دەهات و دەچوو، دروشمێکی یەکگرتووی ئەوتۆ نەبوو کە هەموو لایەك لە دەوری کۆببنەوە، لە(٤ی/ ئۆکتۆبەری/١٩٩٢) پەرلەمانی کوردستان جاڕی فیدراڵیی راگەیاند و، فیدراڵیی بوو بە دروشمی سەرەکیی هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکان، لە سەرو هەمووشیانەوە پارتی و یەکێتی.

ئەم دەستکەوتە تازەیە کاریگەریەکی باشی لەسەر یەکخستنی گووتاری سیاسی کوردی لە ناوەندە دەرەکی و هەرێمی و ناوخۆییەکاندا هەبوو و بنەمایەکی یاسایی و سیاسی نوێی بۆ داڕشتنی پەیوەندی نێوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و حکومەتی عێراق هێنایە ئاراوە. [٣٩]

فیدراڵیەت و دامەزراندی سیستەمێکی سیاسیی فیدراڵیی دیموکراتیی لە عێراقدا، لە دروشمی گەلی کوردستانەوە بوو بە دروشمی ئۆپۆزسیونی عێراقی و پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆریش بوو بە ئامانجی گشت گەلی عێراق و چەسپا.

# کۆنگرەی یانزدە

سالّی ١٩٩٣، ماوەی یاسایی کۆنگرەی دەیەم تەواو بوو، لە لایەکی ترەوە هەلو مەرجی تازە وای دەخواست کە پارتی بیر لە گرێدانی کۆنگرەی خۆی بکاتەوە.

لە مانگی ٣ی/١٩٩٣ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیار دەدرێت کۆنگرە ببەسترێت. لێژنەی ئامادەکاریی، هەڵبژاردن بۆ نوێنەرەکانی کۆنگرە دەکات، هەروەها ئەو حیزبانەش کە بڕیاریاندابوو بێنە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی ناوی نوێنەرەکانی خۆیان دا بە لیژنە، کە حیزبەکانیش بریتی بوون لە:

١- پارتی یەکگرتن (پارتی گەل ، سۆسیالیست ، پاسۆك)
٢- یەکیەتی دیموکراتی کوردستان
٣- بزوتنەوەی کوردی فەیلی موسڵمان

تێکرای نوێنەرانی بەشداربووی کۆنگرەی یانزە گەیشتە (٢١٧٠) کەس و کۆنگرە لە رۆژی ١٦/ ئابی/ ١٩٩٣ لە هۆڵی زەرد لە شاری هەولێر دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. دروشمی ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی ئاشتیی و ئازادیی و دیموکراتیی بوو، هەروەها ناوی لێنرا کۆنگرەی یەکگرتن.

گۆڕانکارییەکی زۆر لە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ کرا. لیژنەی چاودێریی و پشکنینی بالاّ دیاریکراو لەناو کۆنگرەدا هەڵبژێردرا. ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە (٢١) کەسەوە بوو بە (٣٧) کەس، هەروەها ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لە (٧)کەسەوە بوو بە (١١) کەس.

بۆ جاری سێیەم بە تێکڕای دەنگ کاک مەسعود بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، عەلی عەبدوڵڵا بووەوە بە جێگری سەرۆک، ئەندامانی کۆمێتەی ناوەندییش بە هەڵبژاردنی نهێنیی هەڵبژێردران و دروشمی پارتی و ئالآی پارتی بڕیاری لەسەر درا و چەسپێندرا.[٤٠]

**ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی بەم شێوەیە بوو:**

١- نێچیرڤان بارزانی

٢- سامی عەبدوڕەحمان

٣- هۆشیار زێباری

٤- جەوهەر نامیق

٥- فازل میرانی

٦- دکتۆر رۆژ نوری شاوێس

٧- ئازاد بەرواری

٨- عزەددین بەرواری

٩- عارف تەیفور

١٠- دکتۆر جەرجیس حەسەن

١١- زەعیم عەلی

١٢- ملازم سەید کەریم

١٣- سەعد عەبدوڵڵا

١٤- رەمزی شەعبان

١٥- فەرەنسۆ حەریری

١٦- عەبدوڵڵا ئاگرین

١٧- مەسعودساڵەیی

١٨- قادر جەباری

١٩- نیزامەددین گلی

٢٠- سەلاح دەلۆ

٢١- برووسك نوری شاوێس

٢٢- کەمال کەرکوکی

٢٣- شەوکەت شێخ یەزدین

٢٤- عومەر بۆتانی

٢٥- عەلی سنجاری

٢٦- کەریم سنجاری

٢٧- ملازم یونس ڕۆژبەیانی

٢٨- جەلیل فەیلی

٢٩- محەمەد مەلا قادر

٣٠- شیرین ئامێدی

٣١- عومەر عوسمان

٣٢- قادر قادر

٣٣- عەبدولعەزیز تەیب

٣٤- سەید کاکە سەید ئیسماعیل

٣٥- ملازم شوان

٣٦- دەروێش ئاغا

٣٧- حەمەی حاجی مەحمود

**ئەندامانی یەدەگ:**

١ـ مەحمود محەمەد

٢ـ مامۆستا ئەمین قادر

٣ـ زێرەڤان

٤ـ دکتۆر ناسح

٥ـ ئازاد قەرەداغی

٦ـ ئەکبەر حەیدەر

٧ـ کەمال حەسەن

٨ـ بارزان مەلا خالید

٩ـ نوری حەمەعەلی

**مەکتەبی سیاسی:**

١ـ نێچیرڤان بارزانی

٢ـ جەوهەر نامیق

٣ـ سامی عەبدولڕەحمان

٤ـ هۆشیار زێباری

٥ـ فازل میرانی

٦ـ دکتۆر رۆژ نوری شاوێس

٧ـ دکتۆر جەرجیس حەسەن

٨ ـ ئازاد بەرواری

٩ـ زەعیم عەلی

١٠ـ حەمەی حاجی مەحمود

١١ـ ملازم سەید کەریم

**دەستەی چاودێری و پشکنینی پارتی:**

**ئەم دەستەیە لە کۆنگرەدا هەڵبژێردران و لەم هەڤاڵانە پێك دەهات:**

**١ـ فەلەکەددین کاکەیی : سەرۆکی دەستە**

**٢ـ حەبیب محەمەد کەریم : ئەندام**

**٣ـ رەشید سندی : ئەندام**

**٤ـ ئیسماعیل مەلاعەزیز : ئەندام**

**٥ـ عەلی جان : ئەندام**

**٦ـ محەمەد ساڵح جومعە: ئەندام**

**٧ـ محمەد مەعروف : ئەندام**

**٨ـ جەمیل محەمەد قادر : ئەندام**

**٩ـ محەمەد قازی : ئەندام**

**١٠ـ میکائیل دۆسکی : ئەندام**

**١١ـ عەلی قاسم سنجاری : ئەندام**

## شەری ناوخۆ و ڕێککەوتننامەی واشنتۆنی ۱۹۹۸/۹/۱۷

لە ماوەی ساڵانی (۱۹۹۳-۱۹۹۸) چەند پێکدادان و شەڕێك لە نێوان پاتە سیاسییەکانی کوردستان ڕوویداوە:

شەڕی نێوان یەکێتی و حیزبی شیوعی لە ۲۲/ تەموزی/ ۱۹۹۳، شەڕی حەمەی حاجی محمود لەگەڵ سوپای یەکگرتووی کوردستان لە کانونی یەکەمی ۱۹۹۳، لە ۲۳/ ۱۲/۱۹۹۳ یەکێتی شەڕێکی قورسی دژی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان نایەوە، تەنگژەی بەڕێوەبردن لە سۆنگەی سیستەمی نیوە بە نیوە لە بەڕێوەبردندا، بە تایبەتی لە ماوەی کابینەی دووەمدا سەری هەڵدا. سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەر کردنی ئەو تەنگژەیە، مەسەلەی هەڵبژاردنێکی دیکەی پەرلەمانی دوای تەواو بوونی خولی یەکەمی پەرلەمان کە لە حوزەیرانی ۱۹۹۵دا بە کۆتا دەهات، خستەوە بەر باس وەك ڕێگاچارەیەکی شەرعیی و ئوسوڵیی، بەڵام لە سەروتارەکانی مانگی شوباتی/ ۱۹۹٤ی (کوردستانی نۆی) دا دەرکەوت یەکێتی نیازی وا نییە بڕواتە ژێر باری هەڵبژاردن و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە هەڵبژاردن کارەساتی لێدەکەوێتەوە، لە ئایاری ۱۹۹٤ یەکێتی بۆ خۆسەپاندن لەگەڵ پارتی کەوتە شەرێکی ناوخۆی پرتراژیدیاوە.

ئەم شەڕە لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیەوە دەستی پێکرد، لەوێشەوە بۆ سلێمانی و گەرمیان و تا دەگاتە هەولێر و هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، ئەم شەڕە لە چوار قۆناغی جیاجیادا چوار ساڵی خایاند و زیانی زۆری بە ئەزموونی گەلەکەمان گەیاند و دڵی دوژمنانی خۆش کرد، زۆربەی گەلی کوردستان نەعلەتیان لەم

شەڕە دەکرد و پێی دڵتەنگ بوون.
ئەم شەڕە رەهەندێکی هەرێمی وەرگرت و تا دەهات زیاتر سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رادەکێشا، بە جۆرێك لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بە قەیرانێك لە قەڵەم دەدرا.(٤١)
هەریەکە لە وڵاتانی ئێران و تورکیاش لە لای خۆیانەوە هەوڵی ناوبژیوانیی نێوان پارتی و یەکێتییان دەدا و ئەم هەوڵانەش چەندین جار بوونە هۆکاری ئاگربەستی پچڕپچڕ.
لە کۆتاییدا (رۆبێرت بللیترۆ)، جێگری وەزی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ کۆتایی هێنانی بە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی هەنگاوی ناو لە ئەنجامدا توانی هەریەکە لە کاك مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە رۆژانی ١١ و ١٤ / ئەیلولی / ١٩٩٨ بانگهشیتی واشنتۆن بکات.
دوای چاوپێکەتنیان لەگەڵ (مادلین ئۆلبرایت) وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رێککەوتننامەی ئاشتییان لەنێوانیان مۆرکرد.
بە پێی ئەم ریککەوتننامەیەی کە لە رۆژی ١٧/ ئەیلوول مۆرکرا، هەر دوو حیزب ناکۆکییەکانی خۆیان وەلاوە ناو لەسەر ئەوە رێککەوتن کە بە شێوەیەکی هاوبەش دەسەلاتی هەرێمی کوردستان بەرێوەبەرن.(٤٢)
دوای گەڕانەوە لە سەفەری واژۆکردنی رێککەتننامەی واشنتۆن، سەرۆك بارزانی ووتی: ((ئەمە یەکەمجاربوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازیمان لێبکات، جاران کە دەچووینە

واشـنتۆن دەبـوو لـە چـوار چـێوەی وفـدێکی تـر بچـووباین، ئـەوە یەکەمجارە ئەمریکییەکان بە راشکاوانە گوزارشت لەوە دەکـەن کـە دۆزی کـورد دۆزێکـی سیاسـییە و بـە شـێوەی سیاسـیی مامەڵـەی لەگەڵ دەکەن)).[٤٣]

رێککەوتننامـــەی واشـــنتۆن وێســـتگەیەکی تـــری مێـــژوویی بـــە نێودەولـەتی بـوونی دۆزی کـوردە و بـە رووداوێکـی کـەم وێنـەی مێـژوویی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەژمێردرێـت، چـونکە یەکەمجار بوو گەورەترین زلهێزی جیهانیی و سەرکردەی سیستەمی نـوێی جیهـانی ناوبـژیوانی لـە نێـوان دوو پـارتی نـاکۆکی گـەلێکی چەوساوە بکات.

## کۆنگرەی دوازدە

کـۆنگرەی دەوازدەیـەم، پـاش تێپـەڕبوونی شـەش سـاڵ بەسـەر کـۆنگرەی یازدەیـەم، لــە کۆبونــەوەی کۆمیتــەی ناوەنــدی لــە ١٩٩٩/٣/١٣ بڕیاری بەستنی درا.

هۆکـاری سـەرەکی تـری بەسـتنی کـۆنگرەی دوازدە ، چارەسـەر کردنی کۆمـەڵێك گیروگـرفتی هەنووکـەیی بـوو کـە جـەنابی سـەرۆك مەسـعود بـارزانی لـە سـەردانی بـۆ دەڤـەری بادینـان لـە وتـارێکی مێژووییدا ئاماژەی پێدابوون.

لە مانگی ١٩٩٩/٥ لیژنەی ئامـادە کـاریی بـۆ هەڵبـژاردنی نوێنـەری ناوچـە و لـق و مەکتەبـە ناوەندییـەکان دیـاریکرا، ئـەم لیژنەیـە لـە

مانگی ١٩٩٩/٧ کارەکانی خۆی بە کۆتـا گەیانـد و ١٥٠٠ ئەنـدام بـۆ بەشداری کردن لە کۆنگرە ناویان دیاریکرا.
لە رۆژی ١٩٩٩/١٠/٦ لە هۆڵی زەرد لە هەولێر کـۆنگرە دەسـتی بـە کارەکانی خۆی کرد. جـەنابی سـەرۆك بـارزانی وتـارێکی بـە نرخـی پێشکەش بە کۆنگرە کرد و ئاماژەی بە هەموو بابەتە گرنگەکان دا، پاشـان لیژنـەکان بـۆ تـاووتوێکردنی پرۆگـرام و پـەیڕەوی نـاوخۆ دیـاریکران و لـە مـاوەی ٤٨ کاتـژمێردا کارەکـان بـە کۆتاهـاتن و گۆرانکارییەکان جێگیرکران.
سەرۆك مەسعود بارزانی بە تێکرای دەنگی نۆینـەرانی کـۆنگرە بـۆ جاری چوارەم بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە. جێگـری سـەرۆك مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا لە لایەن سەرۆك بارزانیـەوە دیـاریکراو، ٣١ ئەنـدامی کـارا و ٩ ئەنـدامی یـەدەگ بـە هەڵبـژاردنی نهێنیـی بـۆ کۆمیتـەی ناوەنـدیی دەنگیـان پێـدرا. کـۆنگرە لـە ١٩٩٩/١٠/١٤ کۆتـایی بـە کارەکـانی خـۆی هێنـاو کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە ١٩٩٩/١٠/١٧ لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیـدا ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسیی کە ٩ کەس بوون بە دەنگدان هەڵبـژاردن. کـاك نێچـیرڤان بـۆ سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیـران دیـاریکرا و کـاك سـامی عەبدولرەحمن بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و کـاك جەوهەر نامق بوو بە سکرتێری مەکتەبی سیاسیی.(٤٤)

***ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی:***

١- نێچیرڤان بارزانی

٢- مەسرور بارزانی

٣- شەوکەت شێخ یەزددین

٤- فازل میرانی

٥- د.ڕۆژ نوری شاوێس

٦- هۆشیار زێباری

٧- سامی عەبوڕەحمان

٨- ئازاد بەرواری

٩- کەریم سنجاری

١٠- نوری حەمە عەلی

١١- عاف تەیفور

١٢- فەرەیدون جوانڕۆیی

١٣- زەعیم عەلی

١٤- سەلاح دەلۆ

١٥- جەوهەر نامیق

١٦- ڕەمزی شەعبان

١٧- عومەر بۆتانی

١٨- شیرین ئامێدی

١٩- جەمال مۆرتکە

٢٠- د. کەمال کەرکوکی

٢١- سەرباز هەورامی

٢٢ـ فەرەنسۆ حەریری

٢٣ـ عومەر عوسمان

٢٤ـ بروسکە نوری شاوێس

٢٥ـ سەفین دزەیی

٢٦ـ قادر قادر

٢٧ـ عزەددین بەرواری

٢٨ـ سەعد عەبدوڵڵا

٢٩ـ محەمەد مەلا قادر

٣٠ـ د. جەرجیس حەسەن

٣١ـ یونس رۆژبەیانی

**ئەندامانی یەدەگ:**

١ـ عەبدولعەزیز تەیب

٢ـ مەحمود محەمەد

٣ـ مەسعود ساڵەیی

٤ـ جەعفەر ئیبراهیم

٥ـ عەبدولمهەیمەن بارزانی

٦ـ د. عەبدوڵڵا ئاگرین

٧ـ دیاری حسێن

٨ـ قادر جەباری

٩ـ د. حەسەن سوورە

***ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی:***

١- نێچیرڤان بارزانی

٢- هۆشیار زێباری

٣- مەسرور بارزانی

٤- جەوهەر نامیق

٥- فازل میرانی

٦- سامی عەبدوڕەحمان

٧- ئازاد بەرواری

٨- د. رۆژ نوری شاوێس

٩- زەعیم عەلی

## رووخانی رژێمی بەعس و رووداوەکانی پاشتر

لە ماوەی ساڵانەی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠، کۆبوونەوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بەردەوامبوون و هەر دوولا لەمەڕ ئایندەی ئاشتی گەشبین بوون. لە ئەنجامی هێرشێکی تیرۆریستی، کاك فەرەنسۆ هەریری، لە ١٨ / شوباتی / ٢٠٠١ شەهید کرا ئەم رووداوە نەبووە هۆی لێك دوورکەوتنەوەی پارتی و یەکێتی و گفتوگۆکانی ئاشتی بەردەوامبوون [٤٥]

تا لە نیسانی ٢٠٠١ ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی و یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانیدا بەیەکگەیشتنەوە و یەکێتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ی قبولڵ کرد کە تیایدا پارتی سەدا

پەنجاویەك و یەكێتی سەدا چل و نۆی دەنگەكانی بردبووەوە.(٤٦)
هەڵبژاردنی(جۆرج . دەبلیو . بۆش) بۆ سـەرۆك كۆمـاری ئـەمریكا و پـــەلامارە تیرۆریســـتییەكەی ١١ی ئـــەیلولی ٢٠٠١ ســـوور بـــوونی ئەمریكای بـۆ رزگـار بـوون لـە سـەدام حسـێن زیـاتر كـرد و رژێمـی عێراقی بەوە تاوانبار كرد كە پەرە بـە چـەكە كۆكوژەكـان دەدات و پەیوەندی هەیە لەگەڵ تۆری ئەلقاعیدە.(٤٧)

رژێمی بەعس تاوانی زۆری بەرامبەر بە كورد ئەنجامدا بوو . زیـاتر لە ٢٠٠ هەزار خەڵكی بێ تاوان شەهید و ئەنفال كرا بوون لە لایـەكی ترەوە دەسەڵاتی سیاسیی كوردستان بـە درێـژایی ١٣ سـاڵ دام و دەزگای سـەربەخۆیان پێكهینـابوو بـە دوور لـە دەسـەڵاتی بەغـدا ، دەســـەڵاتی سیاســـیی حكومـــەتی هـــەرێمی كوردســـتان خـــاوەن (١٠٠.٠٠٠) هـــەزار هێـــزی پێشـــمەرگەی رێكخـــراو بـــوو ئۆپۆزســـیۆنی عێراق زۆر چاویان لە دەستی كورد بـوو، ئـەمریكاش گەرەنتیـدا بـە كـورد كـە لـە دروسـتكردنی دەسـەڵاتێكی فیـدراڵیی لـە عێـراق پاڵپشتیان دەبێت.

پـارتی رۆڵێكـی زۆر بەرچـاوی لـە رووخـانی رژێمـی بـەعس گێـڕا، تەنانـەت كـاك (وجیـه بـارزانی و مەنسـور بـارزانی) لـە شـەڕەكەدا بریندار بوون، بەم جۆرەش لە ٢٠٠٣/٤/٩ كۆتایی بە رژێمی بەعس و سەدام حسێن هات.(٤٨)

## سەرچاوەکان:

١ـ مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد، بـەرگی سـێیەم، بەشـی دووەم، شۆڕشـی ئەیلولسـاڵی (١٩٦١–١٩٧٥)، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل.٥١
٢ـ دێڤید مەکداول، مێـژووی هاوچـەرخی کـورد، ئەبوبـەکر خۆشـناو لـە فارسـییەوە کردوویـەتی بـە کـوردی، چـاپی دووەم، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٤٨.
٣ـ دێڤید مەکداول، هەمان سەرچاوە، ل٥٤٨ و ٥٤٩.
٤ـ دێڤید مەکداول، هەمان سەرچاوە، ل٥٥١.
٥ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.
٦ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل١١٣.
٧ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی، ل.١١٣
٨ــ د. گوینتـەر دێشـنەر، کـورد: گـەلی لـە خشـتە بـراوی غـەدرلێکراو، وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە بـۆ کـوردی (حەمـە کـەریم عـارف)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٤٨.
٩ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.
١٠ــ هـێمن مەهـدی نەقشـبەندی، تـەنیا خۆمـان و چـیاکان، لـە بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری دیراسـات و توێژینـەوە و ئـەکادیمیای پارتی، هەولێر، ٢٠١٩، ل.٢٢٠
١١ـ د. گوینتەر دێشنەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.
١٢ـ د. گوینتەر دێشنەر، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨.
١٣ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.
١٤ـ د. گوینتەر دێشنەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٦٠

١٥ـ د. گوينتەر دێشنەر، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٢.
١٦ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.
١٧ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل١٦٧ ـ ١٦٨ ـ ١٧٢.
١٨ـ هێمن مەهدی نەقشبەندی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩ –٨٣.
١٩ـ هێمن مەهدی نەقشبەندی، هەمان سەرچاوە، ل٨٤ –٨٥.
٢٠ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.
٢١ـ کریس کۆچێرا، جنبش ملی کرد، ترجمە ابراهیم یونسی، مؤسسە انتشارات نگاە، چاپخانە خاشع، تهران، ١٣٧٣، ص ٤١٣.
٢٢ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.
٢٣ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، ل٢٤١.
٢٤ـ مومتاز حەیدەری و نەژاد عزیز سورمێ، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایکبوونی بارزانی نەمر، هەولێر (سەلاحەدین ١٤–١٧/٩/١٩٩٣)، چاپخانەی خەبات، دهۆك، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، ل١٧٤.
٢٥ـ محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٧١– ٧٢.
٢٦ـ مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.
٢٧ـ صلاح الخراسان، فصلنامە سیاسی ـ فرهنگی ـ اجتماعی (راقە)، شمارە سوم، تابستان ١٣٨١، تهران، ص ١٦٩.
٢٨ـ محەمەد مەلا قادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢– ٧٣– ٧٤.
٢٩ـ صحیفە الاتحاد، العدد (١٩٥)، فی ٢٨/١١/١٩٩٨.
٣٠ـ محەمەد مەلا قادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠– ٨٤.
٣١ـ دیڤید مەکداول، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٢.
٣٢ـ دیڤید مەکداول، هەمان سەرچاوە، ل٦١٤.

٣٣ـ ديڤيد مەكداول، هەمان سەرچاوە، ل٦٢٢.

٣٤ـ د. سالح مەلا عمر عيسا، ئەتنيكگەرايی و دەوڵەتی نەتەوەيی لە چەرخی بە جيهانيبووندا (كوردستانی عێراق وەك نموونە)، وەرگێرانی لە فارسييەوە ئازاد وەلەدبەيگی، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی ديراسات و پێگەياندنی حزبی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠٢.

٣٥ـ د. سالح مەلا عمر عيسا، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.

٣٦ـ بڕوانە گۆڤاری رابوون، ژمارە ١٠ و ١١، ساڵی ١٩٩٤، ل٦.

٣٧ـ عومەر نورەدينی، سەروەری دەوڵەت و پەيوەندی بە دۆزی كوردەوە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١١٣.

٣٨ـ بۆ زانياری زياتر لەسەر ئەو راپۆرتە بڕوانە: رۆژنامەی برايەتی، ژمارە (٣٨٩٤)، لە ١٨/١/ ٢٠٠٣.

٣٩ـ مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانكارييەكانی كوردستانی عێراق و پەيوەنديەكانی توركيا و عێراق لە ١٩٩٠– ٢٠٠٥ ، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ ، ل٧٨.

٤٠ـ محەمەد مەلا قادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠–٩٧.

٤١ـ عومەر نورەدينی، سيستەمی نوێی جيهان و دۆزی كورد (كوردستان عێراق وەك نموونەيەك)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٩٥.

٤٢ـ د. سالح مەلا عمر عيسا، قەيران خولقێنی زلهێزەكان لە كوردستانی عيراق، وەرگێرانی لە فارسيەوە سلێمان تاشان، مەكتەبی ناوەندی ديراسات و پێگەياندنی حزبی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٢٨.

٤٣ـ مسعود بارزانی، كفاح شعبنا اشرف علی أن يۆتی پمارە، كولان العربی، العدد ٣٠، تشرين الپانی/ ١٩٩٨، ص ١٤.

٤٤ـ محەمەد مەلا قادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠–١١٠.

٤٥ـ مراد خۆشەڤی حسۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

٤٦ـ رۆژنامەی برایەتی ٣/ نیسانی/٢٠٠١.

٤٧ـ مراد خۆشەڤی حسۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

٤٨ـ د. سالح مەلا عمر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا (کوردستانی عیراقی وەك نموونە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.